

# ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە

# ئێرە دەنگی کوردستانە

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- ئێره دەنگی کوردستانی ئێرانه ........................................................ ئەحمەد شێربەگی ............. ٣
٢- دەنگی کوردستانی ئێران، لەدایک بوونیکی مێژوویی ........................................ ئەحمەد شێربەگی ............... ٥
٣- وتوویژ لەگەڵ ژمارەیەک لە پێرسونێلی رادیۆ .........................................ئامادەکار: هێرش کەریمی ....... ٩
٤- (ئێره دەنگی کوردستانی ئێرانه) ئێره دەنگی کوردستانه .................................. عومەر ئەمینی ................ ١٤
٥- بەبۆنەی ٣٥ ساڵەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان .......................................... ئازاد کەریمی ................ ١٨
٦- ڕادیۆی دەنگی کوردستان نرکەی شۆڕشێک، ئاوێنەی مێژوویەک ........................ قادر وریا ..................... ٢١
٧- چاپخانەی باگردان و دەنگی کوردستانی ئێران ........................................... ئەحمەد شێربەگی ............ ٢٥
٨- چل ساڵ خەبات و تێکۆشانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان دەنگی دلێر و بەرحەقی پێشمەرگه ... حەمەڕەسووڵ کەریمی ... ٢٧
٩- بژی دەنگی حیزبی قازی(هۆنراوه) ..................................................... قادر وریا ................... ٢٩
١٠- ڕادیۆی دەنگی کوردستان، چل ساڵ هەق وێژی و نەوەستان ............................. کەریم فەرخەپوور ............ ٣٢
١١- با درۆ و دەلەسه سۆشیال میدیا جوانەمەرگ نەکات، ڕادیۆ دەنگی کوردستانمان لەبیر بێت ....... مستەفا شێخه .... ٣٤
١٢- ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران پیرۆز بێ ......................... سەید عەلی هاشمی ........ ٣٨
١٣- ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەک ئاوێنەی مێژوویەکی پڕشنگدار ........................... قادر وریا .................. ٤٣
١٤- کونه بۆرو دەنگی کوردستانی ئێران ......................................................... ئەحمەد شێربەگی ........... ٤٥
١٥- ئێره دەنگی کوردستانی ئێرانه" ........................................................ عەلی فەتحی ............... ٤٧
١٦- مەهەندیس رەزا خەیاتی ،دایکی رووسووری رادێوی "دەنگی کوردستانی ئێران" ........ ئەحمەد شێربەگی ........... ٤٨
١٧- بەشێک له ناوی دامەزرێنەر؛ بێژەران، پشتیوانان و بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ......................
........................................................................................ ئامادەکردنی: کاووس عەزیزی ........... ٥٠
١٨- بەشێک له ئالبۆمی وێنەکان ...................................................................................... ١٧٤

# ئێره دەنگی کوردستانی ئێرانە




**ئەحمەد شێربەگی**

من ئەو دەنگەم زادەی روحی شاخم.، لووتکە بۆتە بێشکەم، بۆتە هەوارو جێ ژوانگەم. لە کازیوەی بەیانی را لەگەڵ یەکەم گزینگی خۆر لەگەڵ شەقەی باڵی هەڵۆ دەفرم، ناسنامەی من کوردستانە.

من دەنگی نەتەوەی کوردم، بەڵگەی حاشالێنەکراوی زیندووم. من تاڤگەی حەقیقەتم هەمۆرۆژی دەرژێمە نێو دەریای خەڵک. من هەڵویستی لووتکەی هەرەبەرزی پێشمەرگەی خۆنەویستم هێزی فڕینم شاباڵی هەڵۆیە،رەگو ڕیشەم دارە بەڕوویە گەردەلوول بە چۆک دادێنم.. من ئەو نەعرەتە شێرانەیەم لە گەرووی بریندراری سەدان ساڵەی کوردستانم دەیمەدەرێ، باڵام بە قەد باڵای نیشتمانە،

بانگەشەی من بانگەشەی ئازادی یە، گورەم گوڕەی یەکسانی یە. من زایەڵەی هاوارو چریکەی گەلێکی ڕاپەڕیوم. من لەسەرپێم. باوەری من هێزی لەبڕان نەهاتوی گەلمە. ڕێبازی من بەیداخی سووری شەهیدانمە. من تەقینەوەی ئەو کانیاوە م کە لە بەرزترین تەلانی ڕژدی زامەکانی شەهیدەوە سەرچاوە دەگرم و تەمی زامی برینەکانی دەشۆمەوە... من زمان و ناسنامەی لە بیرکراوەی هەزاران سەربازی ونی ئەم خاکەم کە کەس بە گەڵکۆیان نازانێ. من پێشەنگی کاروانێکی بێ ئۆقرەی گەیشتن بە تروپکی ڕزگاریم.. من ئەودەنگەم هەموو شەوێ دەبمە مۆتەکە. و دڵی شەوپەرستان دادەخورپێنم. هەموو دەمێ سواری شانو پیلیان دەبم خەو لە چاویان دەزرێنم.. من ئەو قەڵا پۆڵاینەم دەیان جار پەلاماریان دام هەر خۆم

ڕاگرت،دەیان جار بۆمبارانیان کردم هەر دەنگم هات، لێم بوونە گورگ و گەلەکۆمەکیان لێکردم هەر بیسترام - ترپە و لێدانی دڵی من ترپەی گەلێکی گەورەیە. مردنی من بە پێوەیە.

من هەناسەی پڕ لەسۆزی دایکی شەهیدانم هەموو رۆژێ سەردانی دڵی بەخشەندەیان دەکەم، لەئامێزی خۆشەویستی خۆمیان دەگرم، لەبەر بەژنیان دادێمەوە کڕنۆش دەبەم، مزگێنی ئازادیان دەدەمێ.

من دەنگی زوڵاڵی نەغمەی ئارام بەخشی شمشاڵم هەموو ساتێ لە گەرووی برینداری "قاڵە مەڕە" دێمە دەرێ دەبمە لایەلایەی دەخەوکردنی کۆرپەکانی نوستووی ژێر گرمە گرمی تۆپخانە و ژێر رەهێڵەی ئاوری دوژمن.

من خەونە خۆشەکانی وەرزی گیلاس و گەنمە فەریکەکانی خەرمانانم. دەنگی سەردەمی داگیرسان ورووناکی شەمەکانم کەلە شەوە تاریک و ئەنگوستەچاوەکانی "سەرماوەز" دادەبمە قیبلە نماو رێگای سەخت و تەمتوومانی خەبات بۆ پێشمەرگە رووناک دەکەم.

من شەکانەوەی ئاڵای کۆماری کوردستانم. من روحی بەرزی "پێشەوا"م. من مێژووی تاڵی "چوارچرا"م.

من قرمژنی چەکی دەستی بە هێزی پێشمەرگەم شەوەتاریکەکان ئەستێرەباران دەکەم.

من هەوێنی ئەوین و خۆشەو یستی بە خاک بە ئازادی و بە کەرامەتی ئینسانم.

من ڕاهاتووم دەستەمۆی مەرگ بکەم ، چۆک بە ترس و خۆف دادەم ..

من دەنگ و زمان و قاسیدی ئەو تەوارە بەرزە فرە ڕچە شکێنانەم کە بەرز دەفرن، دوور دەڕوانن، ڕازو نیاز و سکاڵای دادەکانیان بۆ لای لووتکەدەبەن.

من ئەو دەنگەم هەموو ڕۆژێ دەچمە نێو هەناوی سووتاوی مامۆستا "دڵدار" و پڕ بە گەرووم هاوار دەکەم:

ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان


نایشـــــکێنێ دانەیی تۆپی زەمان

کەس نەڵێ کورد مردوە.کورد زیندوە

زیندوە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان...

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٣

# دەنگی کوردستانی ئێران، لەدایک بوونیکی مێژوویی.



ئەحمەد شێربەگی

رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بە یەکەم میدیای دژەبەری کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە دەکرێ کە لە سەر بنەمای پێویستێکی مێژوویی بزووتنەوەی میللی دێمۆکراتیکی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان لە شاخ لە دایک بوو.

بەدوای هاتنە سەر کاری رێژیمی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی ئێران، کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد کەوتە بەر هێرشیکی بێ بەزەیانە. لەلایەک لە باری راگەیاندن پەردەیەکی ئەستووری بێ دەنگی بەسەر داکێشرابوو ولە لایەکی دیکەشەوە گەمارۆیەکی تووندی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی خرابوە سەر. بیرورای گشتی دنیای دەرەوە هیچ ئاگاداری ئەم رووداو و جینایەتانە نەبوون کە هێزە پەلاماردەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرهەق بە خەڵکی راپەریوی کوردستان و رۆڵە کانی ئەم خاکە ئەنجامیان دەدا. تەنانەت هیزە چەپ و پێشکەوتوەکانی ئێرانیش لە ژێر پاساوی خەباتی دژی ئەمپریالیستی بەرواڵەت کۆماری ئیسلامی ئێراندا نەتەنیا لە قاوی ئەوجینایەتانەیان نەدەدا بەڵکوو ژمارەیەکیان هاوتەریب لە گەڵ رێژیم پرۆپاگەندی ژەهراویان لە دژی بزووتنەوەی رەوای خەڵکی کوردستان بڵاو دەکردوە...

رێژیم بە هەموو شیوەیەک دەیهەیوست ئیرادەی پۆڵایینی خەڵک تێک بشکێنێ و بزووتنەوەی کورد سەرکوت بکات. لە فەزایەکی پڕ لە خەفەقان و ترس و دڵە راوکەو کوشت وکوشتاری ئەوتۆدا گەلی کورد پێویستیی بە گە یاندنی دەنگی لە گەرووداکپ کراوی بۆ دنیای دەرەوە بوو. پێویستی بەوە هەبوو کە هاواری مەزلومیەتی خۆی بە بیرورای گشتی جیهان

بگەیەنێ. هەر بۆیە دەنگی کوردستانی ئێران لەم فەزا سامناکە پڕ لە بێدەنگی یەدا دەنگی ڕەساو دلێری هەڵبڕی و لەدایک بوونی خۆی ڕاگەیاند. لەدایک بوونێک کە بوو بە نوختە وەرچەرخانێک لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان دا، کە دوایی ئاسەوارە ئەرێنی یە بەرچاوەکانی ئەو لەدایک بوونە بە شێوەیەکی زەق خۆیان دەرخست.

**یەکەم** ئەرکی لێبڕاوانەی دەنگی کوردستانی ئێران ئەوە بوو دیواری بێدەنگی وگەمارۆی توندی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بزووتنەوەی کورد بشکێنێ. هەر بویە بە یەکەم وەشانی بەرنامەکانی خۆی لە ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی سەرنجی خەڵکی کوردستان و دەرەوەی کوردستانی بۆ ڕووداوەکانی کوردستان و ڕەوایی خواستەبەرحەقەکانی ڕاکێشا. بوونی دەنگێکی ئەوتۆ لە فەزای پڕ لە سانتیمانتالی ئەوکات دا وەک گرینگترین دیاردەی بزووتنەوەی کورد هاتە ئەژمار. بەجۆرێک دەنگی کوردستانی ئێران تەکانێکی هەژێنەری هەم بە بەرەو پێشچوونی بزووتنەوەی کورد دا و هەمیش شوورەیەکی پۆڵاین بوو لە بەرامبەر بەرێوە بردنی پیلانە ترسناکەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد.

**دووهەم** ئەرک کە دەنگی کوردستانی ئێران لەو سەردەمە حاستەمەدا کەوتە سەر شانی و پێی هەستا نێڵدانی کورەی شۆڕش و ئامادەکردنی هێزی جەماوەری خەڵکی کوردستان و بانگەشە بۆ بەربەرەکانێکی تۆکمە و چڕ لە بەرامبەر پەلاماری بێ بەزەیانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان دابوو. بە هۆی شەپۆلەکانی دەنگی کوردستانی ئێران و گەیاندنی هەواڵی چالاکی هەموو ڕۆژانەی هێزی پۆڵاینی پێشمەرگە و لەقاودانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی هەستی خەڵکی کوردستان هاتە خرۆش. لاوان کە بڕبڕەی سەرەکی و مۆتۆری بە هێزی جووڵانەوەی کوردستان بوون پۆل پۆل روویان لە ڕێزەکانی شۆڕش کرد و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەی کوردستانیان پۆشی و بۆ پارێزگاری لە بوون وناسنامەی کورد چەکیان هەڵگرت.

بە دامەزرانی دەنگی کوردستانی ئێران گوڕو تینێکی تایبەتی بەخشرایە بزووتنەوە. سەرتاسەری کوردستان بوو بە مەکۆی بەرخۆدان و سەنگەری بەربەرەکانی. گوڕەی بە هێزی شەپۆلەکانی دەنگی کوردستانی ئێران و ورەی پۆلایینی هێزی پێشمەرگە و لێبڕاوی خەڵکی کوردستان دوژمنی تاساند. دەنگی کوردستان بوو بە پردی نێوان بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان و جیهانی دەرەوە. بوو بە دەلاقەیەک بۆ گەیاندنی ئازار و مەینەتەکانی گەلی کورد بە گوێی بیروڕای گشتی.

بێگومان دەنگێک کەزادەی چیایە ولەنێو ڕەەوزەبەرد ودوندی کێوەکانەوەلە دایک دەبێ، دەنگێک کەزمان حاڵی شۆڕش و خەباتێکی خوێناوی نابەرامبەرە ،دەنگێک کە زمانی میللەتێکی ڕاپەڕیوە کە داوای ئازادی ومافی ئینسانی خۆی دەکا؛ دەبێتە

دیارده و عونسرێکی زۆر گرینگ و نەخش و رۆڵێکی کاریگەر لەم بەستێنەدا یاری دەکا. دەنگی کوردستانی ئێرانیش بە شێوەیەکی کارا ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ. ئەم دەنگە لە هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەی دیکەی دا بوو بە قوتابخانەی زمانی شێرینی کوردی . لەو تریبوونەوە هەموو رۆژێ هاوکات لە گەڵ بانگەشەی کوردایەتی، بۆ پاراستن و گەشەپیدانی زمانی کوردی کە ناسنامە و پێناسەی نەتەوەکەمانە تواناکانی خۆی چڕ کردەوە. ئەو ئەدەبیاتەی کە ڕۆژانە لە دەنگی کوردستانی ئێران بڵاودەکرایەوە بوو بە زمانی گەورەوچووکەی خەڵکی کوردستان . دەنگی کوردستانی ئێران ئامانجە پیرۆزەکانی خۆی باش پێکابوو، وشەی پاراوی کوردی هەمووڕۆژێ لە رێگای شەپۆلەکانی رادیۆوە لەنێو دڵ و دەروون و بیرو مێشک وهزری خەڵکی کوردستانی داگیرکراو دا گەرای دادەکوتا و ڕەگئاژۆ دەبوو.

دەنگی کوردستانی ئێران هەرلەیەکەم ڕۆژەکانی دامەزرانی یەوە ئەرکێکی گرینگی دیکەشی گرتە ئەستۆ، ئەویش پووچەڵ کردنەوە و لە قاودانی ئەو سیاسەتە چەپەڵ و دژی گەلیانە بوو کە رێژیمە دژ بە کوردەکانی زاڵ بە سەر کوردستان لە رووی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ پاکتاوی ڕەگەزی و سڕینەوە وتواندنەوەی گەلی کورد ڕەچاویان کردبوو . وایان لە تاکی کورد گەیاندبوو کە برواى بە تواناکانی خۆی نەمێنێ و وا مێشکیان شیواندبوون و لە خۆیان بێگانەی کردبوون کە زمانەکەیان لە لا چرووک بێ و بە زاراوەیەک لە زمانی فارسی بیشوبهێنن . لەم بەستێنەدا دەنگی کوردستان هەموو تواناکانی خۆی خستە گەڕ کە هەستی باوەر و بڕوا بە خۆ بوون لە نێو تاکی کورد دا ببووژێنێتەوە و رۆڵەی کورد و کۆمەڵگا بەرەو دواڕۆژێکی ڕووناک و سەردەمیانە ڕینوێنی بکات .دەنگی کوردستان لەمبارەوە بوو بە مامۆستایەکی نیاز پاک ، بوو بە دەنگێکی ڕەسای پێشکەوتوو.

ژنانی بێبەشی کوردستان بەشیکی دیکەی ئامانجەکانی دەنگی کوردستانی ئێران بوو.دەنگی کوردستانی ئێران لە بەرنامەکانی ڕۆژانەی خۆی دا ڕووی لە توێژی ژنانی کوردستان کرد کە نیوەی حەشیمەتی کوردستانیان پێک دێنا وسەرچاوەیەکی بە هێزی دابین کردنی بزووتنەوەی کوردستان بوون. ئەوانی بە ماف و ئازادی یەکانی خۆیان ئاشناکرد . ژنانیش بە کردەوە بۆ بەربەرەکانی لە دژی کۆنەپەرەستی و یاسادزێوەکان تواناکانی خۆیان وەگەرخست. لە دژی دواکەتوویی فەرهەنگی و سڕینەوەی داب و نەریتە ناشیرینەکانی کۆمەڵگای کوردستان ڕاپەرین و هاتنە مەیدانی خەبات. بە جۆرێک کە دیارده دزێوە کۆمەڵایەتی یەکان کە ببوونە بەربەستێک لەبەرامبەر گەشەو پێشکەوتنی ژنان لە زۆر شوێنی کوردستان یان بەتەواوی بنە بڕ کران یان زۆر کەمرەنگ کرانەوە.

بەگشتی دەنگی کوردستانی ئێران لە دەنگێکی لاوازی نەبووراوی کرچ و کاڵ را بوو بە دەنگێکی ڕەسای بە هێزی پێشکەوتووی جێگای متمانە کە شوێنێکی یەکجار گەورەو کاریگەری لە سەر بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ڕووداوەکانی کۆمەڵگای کوردستان

دانا.... كۆماری ئیسلامی كه چاوەڕوانی ئەوەی نەدەكرد ئەم دەنگه لەو ماوه كورته دا سەرەرای ئەو كەیفییەته لاوازەی كه لەباری تێكنیكی هەیەتی بتوانێ به شێوەیەكی ئاوا كاریگەر شوێن له سەر هەست و شعووری تاكی كوردانێ، هەموو ئیمكاناتی ماڵی ، لۆجێستیكی و هیزی نیزامی خۆی خسته گەڕ كه ئەم دەنگه بەرهەڤه كپ كات ، بۆ ئەم مەبەستەش بەهێزترین رایەڵكەی پارازێتی خسته سەرشەپۆله لاوازەگانی دەنگی كوردستان ،بە دەیان جار پیلانی بۆ داڕشت و پەلاماری هەوایی و هێرشی تۆپخانەیی كردە سەر... دەنگی كوردستان به هۆی لەخۆبوردوویی و خەمخۆری و مشوور و لێهاتوویی كارگێرانی به دەیان جار ئەم دۆڵ ئەو دۆڵ وئەم چیا و ئەو چیای پێكرا بەڵام بۆ تاقه جارێكیش بەرنامەكانی له وەشان و له تێكۆشان نەوەستا و توانی هەر وا دەنگی ڕەسای كورد بێ و ببێته دڕكی چاوی دوژمنانی.

به كورتی دامەزرانی دەنگی كوردستانی ئێران بوو به هۆی ئەمه خەڵكی كوردستان هەناسەیەكیان بێتەوه بەرخۆ كه چیتر له بێدەنگی دا خوێنی ڕۆڵەكانیان نارژێ وهەمووڕۆژێ زایەڵەی دەنگی كپكراوی خۆیان دەبیسنەوه.ئەوان بوونه خاوەنی دەنگێك كه له ڤاوی ئەو جینایەتانه بداتەوه كه دەرهەق به ڕۆڵەكانی دەكردرێ . بوونی دەنگی كوردستانی ئێران چەكەرەی هیوا و هۆمێد به دوارۆژێكی روونـاكی له دڵـی كـۆمەڵانی هەراوی خەڵكـی كوردسـتان داچانـد. بـزووتنەوەیەك كه به زایەڵەی شوڕشگێڕانەی دەنگی كوردستانی ئێران گڕ وتینێكی دیكەی به خۆوه گرت...

ئەمرۆ كەس ناتوانی نكۆڵی له نەقش ورۆڵی كاریگەری دەنگی كوردستانی ئێران بكات كه سەردەمانێك تاقانه و تاكه مێدیای كوردی بوو كه له شاخ و به هیمەتی ژمارەیەك مرۆڤی خۆنەویستی ڕێبازی كوردایەتی دامەزراو و له جەرگەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵكی كوردستان دا ئەركی نیشتمانی خۆی بەوپەری لێهاتوویی و سەركەوتنەوه به جێ هێنا. جێی خۆیەتی له بەرەبەری نیزیك بوونەوەی ٢٧ی جۆزەردان ساڵرۆژی دامەزرانی دەنگی كوردستانی ئێران پر بەدڵ سلاو بنێرین بۆ دامەزرێنەرانی ئەم دەنگه به تایبەتی بۆ گیانی هەرگیز نەمریی دوو ڕیبەری مەزن دوكتور ڤاسملووی زانا و دوكتور سەعیدی بلیمەت وهەروەها كارگێڕی به توانا و لێهاتووی دەنگی كوردستانی ئێران نەمر كاك تەها عەتیقی وهەموو كارگێرانی فیداكاری دەنگی كوردستانی ئێران كه نیازپاكانه و خۆنەویستانه له پێگەیاندن و گەورەكردنی ئەم دەنگه دا له خۆیان مایەیان دانا...

پیرۆز بێ ٢٧ی جۆزەردان ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆی دەنگی كوردستانی ئێران

سەرچاوە: دیواری فەیسبووكی نووسەر - ڕێكەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠١٣

# وتوویژ لەگەڵ ژمارەیەک لەپێرسونێلی رادیۆ



ئامادەکار: هێرش کەریمی

رۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵ بەرامبەره لەگەڵ ٣٣هەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و بەو بۆنەوه کۆمەڵێک لەبەرێوەبەرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران را و تێبینییەکانی خۆیان لەو پێوەندییەدا بۆ ماڵپەرِی کوردستان میدیا باس کرد.

## پێشەکی

٣٣ ساڵ لەمەوبەر لەرۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی دەنگی کوردستانی ئێران وەکوو دەنگێکی رەسەن، مافخواز و حەقبێژ لەچیا سەرکەشەکانی کوردستان کە بێشکەی رۆڵەکانی کوردستان بوو، چاوی بە دونیای روون هەڵێنا و بوو بە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، دەنگێک کە دواتر و لەماوەیەکی زۆر کورتدا بوو بە ئەستێرەیەکی درەوشاوە کە لەبەر رووناکییەکەی چاوی نەیاران پێی هەڵنەدەهات.

نابێ‌لەبیرمان بچێ‌کە بیری مۆدێرنی دامەزراندنی دەنگی کوردستان دەگەرێتەوە بۆ بیرۆکە سەردەمیانەکانی دکتور قاسملووی رێبەر و پێشەنگی خەباتی کوردایەتیی و ئەو رێبەرە شۆرشگێرە بە خامەکەی یەکەم بەردی قەڵای ئاوات و بەرگریی لەنەتەوەی کوردی بنیات نا.

هەر ئەو بیرۆکەیەی دکتور قاسملوو بوو کە لەهەلومەرجێکی هەستیار و چارەنووس سازی ئەو کاتدا کە کورد مەترسیی زۆر شتی وەکوو لەناو چوون لەسەر بوو، کورد لەرێگای دەنگی کوردستانەوە توانی رەساڵەتی مێژوویی خۆی بپارێزێو رادیۆ توانی ئەو دەنگانەی کە کپ کرابوون وە هاوار بخات.

لەتەمەنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا زۆر خەباتکار کارییان کردووە و زەحمەتیان تێدا کێشاوە و کارەکانیان جێگای رێز و پێزانینە، ماڵپەڕی کوردستان میدیا لەو قۆناغەی رادیۆدا و لە یادی دامەزراندنی ئەو دەنگە حەقبێژانەیەدا لەگەڵ کۆمەڵێک لەبەرێوەبەران و ستافی کارا و پێشمەرگەی شۆڕشگێر و ماندوونەناسی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران چاوپێکەوتنی پێک هێناوە و داوای لێکردوون کە هەر کامەیان را و سەرنجی خۆیان لەو پێوەندییەدا لەچەند دێڕدا بۆ بەردەنگانمان باس بکەن.

### شاهۆ فەرازمەند، بەرپرسی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران

دیکتاتۆر هەموو کات هەوڵ دەدات تاکەکانی کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەناخی خۆیدا تەریک بخات و کپییان بکات، ئامرازی راگەیاندنی ئازاد هەمیشە ئەو خەونەی دیکتاتۆرەکان دەکاتە بڵقی سەر ئاو. یەکێک لەرۆڵە گرینگەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هەر بەم ئاراستەیە بووە. بەم واتایەی کە هەوڵی ئیزۆلە کردنی تاکی کوردی لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەگەڵ شکست بەرەوروو کرد و بوو بەئامرازی هاوپێوەندیی نەتەوەیی تاکەکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان. هەروەها ئەم رادیۆیە بوو بە پردی پێوەندیی خەبات و گیان فیدایی رۆڵە پێشمەرگەکانی نەتەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ئەم رادیۆیە توانیی لەهەلومەرجێکی زۆر ئاستەم و دژوار و لەو پەڕی فیداکاریی و ماندوویی نەناسیدا هەواڵ و رووداوەکان بە شێوەیەکی راستگۆیانە بگوازێتەوە و بەربەرەکانی لەگەڵ شەڕی نەرمی دوژمن و چەواشەکارییەکانی بکات. هەڵوێستی راستەقینە و ناوەڕۆکی رەوای خەباتی رزگاریخوازی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێ‌هەموو لایەک بگەیەنێ، بەواتایەکی واقعیی زمانحاڵی خەباتی رەوای گەلێکی چەوساوە و ژێر دەست بۆ رزگاریی بێت.

### رەسووڵ قۆرغی، کادری فەننی رادیۆ

٢٧ی جۆزەردان ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە خۆم و هەموو گوێگرەکانی ئەم رادیۆیە پیرۆز بێت، رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران یەکەم رادیۆ بوو کە دەنگی ئازادیخوازی لەکوردستان و ئێراندا هەڵبڕی بە دژی دیکتاتۆری و

کۆنەپەرەستی، دەنگی چەکی پێشمەرگە لەکوردستان بوو، دەنگی ئاوەدانی هەموو ماڵێک بوو لە بەیانی و ئێواران و تەنانەت زۆر کەس و لایەن بۆ ئەوەی کە دەنگی ئەو رادیۆیەیان باشتر بیستبایە دوو رادیۆیان بەکار دەهێنا لەبەر شەپۆلی پارازیتەکانی جەهل و نەزانی. ئەوەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت وەکوو جاران بە گوڕ و تین لەسەر پێیە و هەروا بەرەنگاری ئەم شەپۆلە پارازیتانەی کۆماری ئیسلامیی دەبێتەوە، دەنگی حەق بێژی گەلی کوردستانە، دەنگی متمانە پێکراوی دۆست و نەیارانە.

تەمەنێکی دوور و درێژە لەگەڵ ئەم دەنگەدا هەوراز و نشێو دەبڕم، هەر بۆیە لەسەرجەم گوێگرەکان داواکارم کە چی بکرێت بۆ باشتر کردنی رادیۆکە و لەکام ناوچەی کوردستان دەنگی ئێمە بەباشی دەبیسترێت و لەکام ناوچە پارازیتی زۆر لەسەرە؟ ئایا ئەو کاتانەی کە بەرنامەکانی تێیدا بڵاو دەبێتەوە باشە یان نا؟ سەرکەوتن بۆ نەتەوەی کورد.

### سیامەند تەربی، بەرپرسی بەشی تەولید و بێژەری بەشی کرمانجی

رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لەسەردەمی شاخدا باشترین پردی پێوەندیی نێوان حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵانی خۆراگری خەڵکی کوردستان بووە و لەژێر تیغی توندی سانسۆری رێژیم لەسەر کوردستان تەنیا دەنگی کوردستان بوو کە وەک دەزگایەکی راگەیاندن، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیان لە جنیایەتەکانی رێژیم لەکوردستان، رووداو و خەباتی هێزی پێشمەرگە ئاگادار دەکردەوە. تەنانەت لەو سەردەمەدا رادیۆ وەک دەزگایەکی گرینک بۆ رێکخستنی هێزی پێشمەرگە بەکار دەهات.

### شەماڵ تەرغیبی، ئەندامی دەستەی نووسەرانی رادیۆ و بێژەری بەشی سۆرانی

رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لەماوەی ٣٣ ساڵ تەمەنی کاری خۆیدا بەردەوام لەسەر چەند خاڵی سەرەکیی پێداگر بووە کە وەک خاڵی پێناسینەوەی رادیۆش بە ئەژمار دێت کە بریتین لە: راست بێژی و سادە بێژی. لە چوارچێوەی ئەم دوو تایبەتمەندییەدا هەوڵی داوە هاوکات لەگەڵ پەرەدان و گەیاندنی دەنگی ئازادیخوازی گەلی کورد و سیاسەتە بەرحەقەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، سیاسەتە دژی گەلی و شۆڤێنیستییەکانی رێژیمی زاڵ بەسەر ئێرانیش لە قاو بدات. لەلایەکی دیکەشەوە لە پرسە نەتەوەییەکان غافڵ نەبووە و لەراستای بەهێز کردنی هەستی نەتەوایەتیی و زیندوو راگرتنی شۆناسی نەتەوەیی گەل هەنگاوی پۆزەتیڤی ناوە و لەچوارچێوەی بەرنامەی رۆژانییەکانیدا تیشکی خستۆتە سەر لایەنی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیی و مێژوویی و ئابوورییەکانی نەتەوەی کورد بەگشتیی، جیاواز لە هەمووی ئەوانە دەنگی کوردستانی

ئێران چ لەرابردوودا، لە قۆناغی خەباتی چەکدارانە و چ لە ئێستادا بە پردی پێوەندیی نێوان هێز، کۆمیتە شارستان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب ناسراوە و توانیویەتی بە باشی ئەرکەکانی خۆی وەک یەکێک لە دەزگاکانی حدکا بە جێبگەیەنێ.

### لەیلا محەممەدی، بێژەری بەشی فارسی

دامەزراندنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران یەکێک لەو هەنگاوە بەرز و بەنرخانە بوو کە حیزبی دێمۆکرات هەڵیگرت لەراستای گەیاندنی راستییەکانی خەبات بە گوێی کۆمەڵانی خەڵک و لەلایەکی دیکەش گەیاندنی دەنگی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و خەباتە رەواکەی بە گوێی باقی گەلانی ئێران و تەنانەت دونیای دەرەوەش لە ساتە وەختێکدا کە رێژیمی ئێران بە درندانەترین شێوە هێرشی بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان دەکرد، رادیۆ کوردستان پردی پێوەندیی نیوان خەڵک و پێشمەرگە بوو و لە واقێعدا دەنگی پێشمەرگە بوو کە لەلای خەڵکی کوردستان زۆر خۆشەویست بوو، رادیۆ کوردستان لەسەر دەمێک دامەزراوە کە هیچ ئامرازێکی راگەیاندنی ئازاد لەکوردستان لەئاراد نەبوو و رادیۆ ئەو بۆشاییە گەورەیەی پڕ کردبۆوە.

رادیۆ ساڵانێکی زۆر یار و یاوەری پێشمەرگە بوو لەشاخ، بەگەشە سەندنی ئامرازەکانی پێوەندیی وەک تی ڤی، ئینتێرنێت و ماهوارە رۆڵ و کاریگەری رادیۆ کەم نەبۆتەوە و ئێستاش چەندین راگەیاندنی دیکەی وەک تلەویزیون، سایت و رۆژنامە و ...هتد، لەپاڵ خۆی دەبینیٚو گوێگرانی خۆی هەر ماوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێوەندییە دروست و ئوسوولییەی کە لەنێوان خۆی و خەڵکیدا دروستی کردووە.

### زیبێت عەلیپوور، بێژەری بەشی فارسی

رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لەسەردەمێکدا دامەزرا کە فەزای سانسۆر لەسەرکۆمەڵگای ئێران حاکم بوو بەهۆی هاتنە سەر کاری ئەو سیستمە نادێموکراتیکەی کە لە سالی ۱۳۵۷دا هاتە سەرکار رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لەو سەردەمەدا بووە دەنگی گواستنەوەی راستییەکان بۆخەڵکی کوردستان هاوکاتیش دەنگی هەقخوازی گەلی کورد بووە، نەیارانی کورد زۆر هەوڵیان داوە کە دەنگی رادیۆ کپ بکەن بەڵام هەمیشە هەوڵەکانیان نەزۆک بووە. ئێستاکە رادیۆ وەکوو دەزگایەکی لەمیژینە بە بیروکە و بەرنامەی ئەورۆیی سەرقاڵی وەشانە.

**سەفیە مەحموودی، ئامادە کار و پێشکەش کاری بەرنامەی بۆ بەختیاری کۆمەڵ**

دەنگی کوردستانی ئێران زمانحاڵی شەهیدە سەربەرز و نەمرەکانی رێگای رزگاریی ئازادییە و رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بەبەردەوامی دەنگی هاواری زەحمەتکیشانی کوردە و هەمیشە و هەموو کاتێکیش دەنگی لاوان و خوێندکاران و ژنانی دەروەست بووە.

ئەو دەنگە لەو پەڕی بێئیمکاناتی و نەبوونیدا دەستی بە وەشان کرد و بوو بە هاوڕێی گەلێکی راپەڕیو و شۆڕشگێڕ و خەڵکی کوردستان پشتی بێبەست.

دەنگی کوردستانی ئێران هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە هەتا ئێستا بە زۆر بوار و قۆناخی چارەنووس سازدا تێپەر بووە و شاهیدی گەلێک رووداوی خۆش و ناخۆش بووە، رادیۆ بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان تێکۆشاوە و تێدەکۆشێت و رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە هێنانە کایەی زمانێکی پاراو و ستانداردی کوردی و بەردەوام هەوڵی داوە بۆ هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا و کێشە و ئاریشەکانی هەموو چین و توێژەکانی لەبەرنامەکانی رۆژانەی دا خستۆتە بەرباس و لێکدانەوە، بە تایبەت توێژی ژنان، لاوان، خوێندکاران توانیویانە لەرێگەی ئەم رادیۆیەوە توانا و بەهرەکانی خۆیان دەربخەن.

**ئیسماعیل مەعروفی، ئەندامی دەستەی نووسەران و بێژەری بەشی سۆرانی**

رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لەقۆناغێک لەخەباتی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی ئێران دەستی بە وەشان کردووە کە دەرەتانێک بۆ دەربڕینی بیروڕای ئازاد نەک هەر لەکوردستان، بەڵکوو لەسەرانسەری ئێراندا بوونی نەبووە، بۆیە بە دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، پردێک لەنێوان رێبەرایەتی سیاسی کوردستان (حدکا) و خەڵک دروست بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش کە لەئەساسدا حیزبێکی نەتەوەییە، لەو رێگایەوە توانیویەتی لەسەر وشیارکردنەوەی کۆمەڵگای کوردستان و تاک بە تاکی ئەو کۆمەڵگایە کار بکات و شوناسی نەتەوەیی کورد زیاتر لە رابردوو بێنێتە بەرباس.

هاوکات لەگەڵ ئەوە رەوتی بەرەوپێش چوونی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران لەرێگەی ئەم

رادیـۆیەوە بەگـوێی گەلـی کـورد و هەمـوو گەلانـی ئێـران و تەنـانەت بەشێک لەوڵاتـانی نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتیش گەیشتووە کە ئەو بەردەوامیە توانیویەتی بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری ئەرێنی لەسەر زەق کردنەوەی مافی نەتەوایەتی کورد دابنێ و لە دڵی خەڵکی کوردستانی ئێران دا ریشە دابکوتێ و ببێتە دەنگی هەق بێژ و راستەقینەی کوردستانی ئێـران.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٧١٣(٢٠١٣ز)**

---

## (ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە) ئێرە دەنگی کوردستانە



**عومەر ئەمینی**

دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران و بووژانەوەی بیری سیاسی، و ڕوخسـانی فەزای ئـازادی سیاسی لە ئێران بەتـایبەت لە کوردستان و هەڵتۆقانی کارگی گەورەو چووکی سیاسی لە کوردسـتان و بـووژانەوەو زینـدو بـوونەوەی نەمامەکەی قـازی کە لە چـوارچرای سـابڵاغ نێژرابـوو ڕۆژ بەڕۆژ گەشـەی دەکـرد و لە مـاوەیەکی زۆر کەم ئەو نەمـامە بەڕواڵەت سـاوایە وەک وە دەچوو تەواوی هێـزو قەڵافەتـی ئەستووری ٣٠ سـاڵەی ژێـر خـاکی خۆی لە مـاوەی چەنـد مانگێکدا هەڵکێشـایە سەرزەوی، و گەڵای ورد و درشتی خۆی نمایان کرد.

گەڵاو لق و پۆپی زۆرتـر و جوانتر و بەهێزتـر دەبـوو. ئەو نەمـامە سـاوایە ئێسـتا دارێکـی بـاڵابەرزی بەهێـزی ئەستوور، و پڕسێبەرترین داری ئەو ناوچەیە بوو. ئەو دارە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بوو، کە هەموو خەڵکی کوردستان هیـواو ئومێدی بەحەسانەوەی لەژێر سێبەری هەبوو. و هەرواش بوو، هەتا ڕژیمی کۆنەپەرەستی مەلاکان دەسەڵاتی خۆی جێگیر کـرد

ئینجا دەستیان کرد بە هەڕەشەو گوڕەشە و شەڕێکی ماڵوێرانکەریان بەسەر خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان داسەپاند.

شەڕێکی بێ ئەمان لەسەرانسەری کوردستان دەستی پێ کرد کەدواتر بەشەڕی سێ مانگە ناوی دەرکرد. ئەوشەڕە نابەرابەرە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دەگەڵ بەربەرەکانی خەڵکی قارەمانی کوردستان و پێشمەرگە دلێرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕووبەڕوو بوو.



لەئاکامدا ئەوشەڕە بەسەرکەوتنی حیزب و گەل تەواو بوو و ڕژیمی ناچار بە ئاگربەس کرد، و گفتوگۆ و هاودیتن دەگەڵ کاربەدەستانی ڕژیم دەستی پێکرد و هەییەتی نوێنەرایەتی (نمایندەگی) خەڵکی کورد پێکهات بۆ چارەسەری کێشەی کورد و هات و چۆی تاران دەستی پێکرد.

بەڵام ڕژیمی تازەپێگەیشتووی ئێران ئەو فرسەتەی بۆ بازسازی و تەرمیمی هێزە بەزیو و شکاوەکانی دەویست. سەرەنجام دوای هاتووچۆیەکی زۆری هەییەتی نمایندگی خەڵکی کورد و دانووسانێکی چەند جارە و چەند مانگەی بێ بەهرە دەگەڵ کاربەدەستانی ڕژیمی ئێران شەڕ بۆجارێکی دیکە کە ڕژیم بەتەواوی خۆی بۆ تەیار کردبوو دەستی پێکردەوە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش دوای تەجرووبەکردنی شەڕی سێ مانگە و هەوڵو تەقەللاکانی هەیئەتی نمایندگی خەڵکی کورد بۆچارەسەری کێشەی کورد و سولح و سەباتی کوردستان و بەنەتیجە نەگەییشتنی دەگەڵ ڕژیمی کۆنەپەرەستی ئێران خۆی بۆشۆڕشێکی درێژخایەن ئامادە دەکرد.

بۆ ئەوکارە تەشکیلاتی سیاسی نیرووی نیزامی و سەنتەرێکی تەبلیغاتی مونسەجیم و کارامەی پێویست بوو. هەربۆیە ڕێبەرایەتی حیزب بۆ لەقاودانی جەنایەتەکانی ڕژیم دژبەگەلی کورد و گەیاندنی ڕاستیەکان بەگوێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگەیێنێ بڕیاری دامەزراندنی دەستگایەکی ڕادیۆیی دا. ئەو بڕیارە ڕۆژی ١٥ خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ گەیشتە قۆناغی جێبەجێ کردن.



ئەمن دەگەڵ شۆڕشگێڕی نیشتیمانپەروەری ئازەری زمان، خوداڵێخۆشبوو بەڕێز موهەندیس ڕەزا خەیاتی بۆ ئەو کارە دیاری کرام و بۆ ئەوەڵین جار ئەو ڕادیۆ بەئەرزش و خۆشەویستی گەلی کورد بەسەر شان و پیلی خەڵکی گوندەکانی سەرشاخان و پێشمەرگەکانی معافزی ڕادیۆ لە گوندی (لگ بن) ڕا بەدۆڵی بابەکراوێدا چۆتەسەرێ، و لەتەنیشت گوندی (کێلێ سەرشاخان) لەدۆڵی بابەکراوێدا دە ئەشکەوتێکدا جێگیر کرا و من بەشانازیەکی زۆرەوە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ ئەوەڵین پەخشی ئازمایشی ڕادیۆ دەنگی کوردستانم بەگۆرانیەکانی هونەرمەندی خوداڵێخۆشبوو کاک محەمەدی مامڵێ ڕازاندەوە.

سەرشاخان و دۆڵی بابەکراوێ جێگایەکی حاستەم و سەخت بوو و هاتووچۆی زۆر زەحمەت بوو و بەئاسانی تەداروکات و پێداویستیەکانی ڕادیۆ جێبەجێ نەدەکرا و ئەگەر تەداروکاتی حەفتانەی هاوڕێیان کاک ک.ش و کاک س.ئاغا و فەرماندەی شەهید سەید ڕەسووڵی بابی گەورە نەبوایە ژیان لەودۆڵەدا مومکین نەبوو، بۆیە دوای دوو مانگ و نیو لە دۆڵی بابەکراوێ بڕیاری گواستنەوەی ڕادیۆم بەدەست گەیشت.



دووبارە خەڵکێکی زۆر لە زەحمەتکێشان و بە ئەمەگانی دۆڵی لگ بن و سەرشاخان بەپەتو گوریس داری ئەستوور و درێژ کۆبوونەوە و تەواوی دام و دەزگای ڕادیۆیان بەشان و پیلی بەهێزو پیاوانەی خۆیان بۆ گواستینەوە بۆ کەڵەکوکەی سەرێ، کەسەربە ناوچەی لاجان بوو. ئەوجار لاجانی سەرسەوز و قارەمان میواندارو پەناگای دەنگی حەقخوازانەی گەلی کورد بوو.

لەو نـاوچەش دەگەڵ ئەوەی هێشـتا هێـزو تەشـكیلاتی حیـزب هەر لەشـار و گونـدەكان دابـوو ئەمـن و چەنـد هـاورێیەكم بۆپاراستن و بڵاوكردنەوەی بەرنامەكانی ئازمایشی ڕادیۆ بەوپەڕی شانازیەوە ئەركی خۆمـان بەجێگەیانـد و تەنیـا ئەفرادی حیزبی بوین كەدوور لەئاوەدانی دەژیاین.

ئەوچەند مانگەی كە ئەمن لە شاخ بـۆ ڕاپەڕانـدنی كـاری ڕادیـۆ خەریكی ئەركی پێشمەرگایەتی خـۆم بـووم كوردستان وەك بۆشكەی باڕووتی لێهاتبوو، ها ئەورۆ بتەقێتەوە ها سبەی بتەقێتەوە وردە وردە مەقەڕو پێگە تەشكیلاتیەكانی حیـزب بەرەو گوندو شوێنەكانی دوور لەشار دەگوازدرانەوە و وەزعەكە زۆر ئـاڵۆز و نـائارام بوو حیزب هەڵوەشاوە (مونعەلە) ڕاگەیـاندرابوو و تەشكیلاتی حیزب بەرەو ئـاڵۆزی ئینشعاب و دابڕان دەچوو. لەو سەرو بەندەدا بڕیـاری دوهەمی گواستەنەوەی ڕادیـۆ دەنگـی كوردسـتانم پێگەیشت و بـۆ جـارێكی دیـكە تەواوی دام و دەزگـای ڕادیـۆ بەئیـزافەی عەمبارەكـان كـۆكرانەوە و بەرەو شـوێنی سێهەم نیوە بەشان و پیل و نیوە بەماشێن بارگەو بنەمان ڕاگواست.

ئەوجـار بەرەو لێـڕەواره سەرسـەوزو سـەربەرزەكانی نـاوچەی قەڵاتـی شـای و دۆڵـی شـێخان ڕوبەڕووی گونـدی شـێخان لە بەرزایەكانی پشتی گونـدی حەسەنچەپ لەبن كێوێكی، هەڵكۆڵـدراوی، خـانوو لێدرووست كـراوی، بەبەرد دارە ڕاكراوی ژێر زەویدا جێگیر بووین و دەگەل مشك و مار و دووپشكی ئەوێ بوین بەجیران.

ئەو جێگایانەی ڕادیۆ دەچۆیە هەمویـان لەبـاری ئەمنیەتـی بەشێوەی مـاڵی چریكی درووست كرابـوون و هەمووشیـان سـەلیقەو پشـتكاری سـەركردەی فەرمانـدە وە قـارەمـان هـاوڕێی شـەهیدمان كـاك سـەید ڕەسـووڵی دێهقـان واتـه (سـەید ڕەسـووڵی بـابی گەورە) بوون یادی بەخێرو ڕووحی شادبێت.

ئـالێرە واتە دۆڵی شاێخان وێدەچوو بۆماوەیەكی باش بمێنینەوە بۆیە بەتەواوی بەپان و پۆڕی نیشتەجێ بووین. ئـالێرە بـوو بەحـوزووری ڕێبەرانـی شـەهیدمان د. قاسملوو و د. سـەعید و كـادر و پێشمەرگەكانی ڕادیۆ لە ٢٧ی جۆزەردانی سـالی ١٣٥٩ ئەوەڵین بەرنامەی ئاسایی و ڕەسمی ڕادیۆ بڵاوبۆوە و ناوی (ئێرە دەنگی كوردستانی ئێرانە)ی بۆ دیاری كـرا. ئێسـتا ٣٤ سـال لەو ڕۆژە تێدەپەڕێ و ئەو ڕادیۆیە بەدوو ناوی (ئێرە دەنگی كوردستانی ئێـرانە) و (ئێـرە دەنگی كوردسـتانە) گـوێی خەڵـكی كوردستان دەزرینگێنێتەوە و دادو فیغانەكانی گەلی كورد بەگـوێی حـالەم دەگەیێنـێ وە درۆو دەلەسـەو جەنـایەتەكـانی كۆمـاری نەنگ و نەدامەتی ئیسلامی لەقاو دەدا.

ئەوە پوختەیەكی كورت بوو لە پێویستی و شەڕایەتی زەمانی و مەكانی ڕادیۆ دەنگی كوردستان لەسەرو بەندی ساڵوەگەڕی

٣٤ ساڵەی دامەزرانی ئەو ڕادیۆیەدا. دەنا ئەگەر بمانهەوێ بەجوزئیات و وردەکاری بینووسین خەت بەخەتی ئەو نوسراوە بەناوئاخنی قارەمانیەتی، فیداکاری، زەحمەتی شەوو ڕۆژانە و لەخۆبردوویی تەواوی بەڕێوەبەران و تێکۆشەرانی ئەو ڕادیۆیە و خەڵکی ناوچەکە پڕکەینەوە.

دەگەڵ پیرۆزبایی ٣٤ ساڵەی دامەزرانی (ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران) و ڕادیۆ دەنگی کوردستان داوای بەردەوامی شەلگیرانە و سەرکەوتوانەیان ئاواتمە.

خەزەڵوەری ١٣٩٣

سەرچاوە ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠١٤

---

## بەبۆنەی ٣٥ ساڵەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان



ئازاد کەریمی

شۆرشی کوردوکوردستان منە تداری هەندێ دیاردە ی ڕۆژئاوایی یە. لەوانە کەرەستەی ڕاگەیاندن وەک ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، ڕۆژنامە، بێتەل، ئێنتەرنێت وسەتەلایت... ڕۆژاوالە سەدەی هەڤدە بەدواوە بوو بە کانگەی داهێنان وتەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن و فەرهەنگی کەڵک وەرگرتن لەڕاگەیاندن یان(مەسمیدیا)لەجیهانی پەیوەندیە مرۆڤانیەکان دابووە.خەسڵەتی کۆلۆنیالیستی وڵاتانی زێدەخوازی وەک بریتانیا، فەڕەنسا،ئیتالیا، ئەڵمان ودواترئەمریکا پێویستی بە پرۆپاگەندەو

هەروەها گەیاندنی زانیاری بۆ چوار گۆشەی دنیا بوو. گواستنەوەی دەیتاوزانیاری وهەواڵ، هەوەجەی بە کەرستەی خێرا و کەمخەرج و بەسوود بوو،هەربۆیە تێکنۆلۆژیای مۆدیرن هاتە خزمەتی سیاسەت وپەرە پێدانی فەرهەنگی وڵاتانی زلهێزبۆ مانەوەیان لە گۆڕەپانی ململانێی بەدەستهێنانی ماکەخاوەکان و هەروەها هەناردەکردنی کەلوپەلی بازاڕ لە شوێنەکانی دیکەی جیهان.بۆ وێنە:ڕادیۆ،تێلێگراف وتێلێفۆن ودواتر بێتەل وتێلێڤیزیۆن و ئێستاش ئینتێرنێت وسەتەلایت دەوری سەرەکی دەگێڕن لە گواستنەوەی پەیام و قسەوباس بە شێوازی جۆراوجۆر. لە ساڵی ١٨٩٩دا،ڕادیۆ هاتە بازاڕەوە ولەماوەیەکی کورتدا بەشێکی گەورەی جیهانیی لە بواری ڕووتێکردن وڕاکێشانی جەماوەری گوێگرەوە هێنایە سەرهێڵی ئامانجی خۆیەوە..
لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا ڕادیۆ ڕووی کردە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەچەند پایتەختی وەک قاهێرە،ئەستەمبۆڵ،بەغداوتاران،ئێزگەی ڕادیۆیی دامەزرا. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا،دەوڵەتی کوردستان بڕیاریدا بە کردنەوەی ئێزگەی ڕادیۆ لە مەهابادی پایتەخت دا.تەمەنی ڕادیۆی کوردی مەهاباد لەگەڵ کۆتایی هاتنی خەمباربەڵام قارەمانانەی کۆماری کوردستان دوایی هات. لە ساڵی ١٩٧٩دا ئەو کەسەی وا کۆماری کوردستانی ڕووخاند بە چاوی فرمێسکبار وڵاتەکەی خۆی بەجێهێشت و کۆتایی بە دەوڵەتەکەی هات.ئەو کەسانەی وا لە کۆماری کوردستاندا ئەرکیان بینیبوو یا شەهید ببوون یان لە تاراوگەدا بوون و یان لە زینداندا ساڵانێکی زۆریان تێپەڕکردبوو.لەگەڵ ئەواندا نەسڵێک پێگەیشتبوون کەبە منداڵی شایەتی بەرپابوون و لەناوچوونی کۆمار بوون.ئەوان بڕیاریان دابوو درێژەبە ڕێبازی پیرۆزی کۆماری کوردستان بدەن، هەر بۆیە خۆیان لە بواری سیاسی و کولتوریدا پێگەیاند و چاوەڕوانی دەرفەتێک بوون کۆمارێکی نوێی کوردستان بەرپا بکەنەوە و ئەم دەرفەتە لە ١٩٧٩ واتە ١٣٥٧ی هەتاوی هاتە ئاراوە هەرچەند تاج و تەختی شاهەنشایی تێک رووخا بەڵام بەداخەوە کۆماری سێدارە وسەربڕین وماڵوێرانی بەرپا کرا و ئەو کۆمارە ئیسلامیە لە یەکەم هەنگاودا پەلاماری کورداستانیدا وپەنجە دۆزەخیەکانی بە خوێنی خەڵکی کوردستان سوور کرد. بەداخەوە جیهان لە زۆربەی کرداره دزێوە نگریسەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ئاگادارنەبوو،هەروەها(شۆرشی کوردی) لە بواری کەرەستەی ڕاگەیاندندا لاواز بوو. بەڵام حێزبی دێموکراتی کوردستان وەک پارتی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان لە ١٣٢٤ی هەتاویدابڕیاری بە کردنەوەی ئێزگەی ڕادیۆدا و بە خۆشییەوە ئەم بڕیارە بەجێ وژیرانە لە ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی لە ڕۆژێکی وەک ئەمرۆداو لە ٣٥ ساڵ پێش ئێستادا بوو بە کردار و بۆ یەکەم جارپرۆگرامەکانی ڕادیۆدەنگی کوردستان وەک یەکەم ڕادیۆی شۆرشی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنکەی ڕادیۆ لە کوێستانی"لەندی شێخان" لە مەڵبەندی "مەنگوڕایەتی" سەربە"مەهاباد"ەوە بڵاو کرایەوە. گرنگی دامەزراندنی ڕادیۆی شۆرشی کوردی لەو سەردەمەدا لەوەدابوو لە کاتێکی هەستیاروگونجاودا درووست کرا لەبەر ئەوەی ڕێژیمی ئێران پەلامارێکی دژوارو ماڵوێرانکەری ئاراستەی ڕۆژهەلاتی کوردستان کردبوو،هەروەها سیاسەتی(پەردەی ئاسنین)ی خستبووە سەر ڕەوشی ئاڵۆزاوی کوردستان و نەیدەهێشت هیچ جۆرە هەواڵ و باس و زانیارییەک سەبارەت بە شەڕی کوردستان بگاتە گوێی ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستان و جیهان بە گشتی،بەڵام ڕادیۆدەنگی کوردستان تابووی خەبەری و سانسۆڕی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی شکاند و دەنگی

شۆرشی پیرۆزی کوردستانی گەیاندە گوێی خەڵکی ئێران وجیهان و ئەم پەیامەی ڕاشکاوانە گەیاند: کوردی ڕۆژهەڵات زیندووە و شۆرشی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان خەریکی خەباتی ئازادیخوازانەی خۆیەتی بۆ مانەوەی لە گۆرەپانی فەرهەنگی سیاسی و جوغرافیایی دنیادا. ڕادیۆ دەنگی کوردستان ئامانجەکانی خەباتی چەکداری لە پێناو ڕزگارکردنی خاکی نیشتمان و گەلی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر دەگەیاندە گوێی گوێگرانی خۆی. دەنگی کوردستان دەنگی خەڵکی کوردستان بوو لەبەر ئەوەی قسەی دڵی ئەوانی دەکردو ئاوێنەیەک بوو بۆ وێناکردنی ئاواتە سەرکوتکراوەکانی گەلی ستەمدیدەی کورد. ئەو گەلەی وا ڕۆڵەی میدیا وکەیخەسرەو بوولە جامی"جیهان وێنا"ی کەیخسرەوی واتە ڕادیۆ دەنگی کوردستاندا، ڕابردوو هەروەها ئێستای خۆی شرۆڤە دەکردو خەریکی بیر کردنەوە و ڕامان دەبوو بۆ داهاتوو... ئەوەش کلیلی مەتەڵی مانەوەی ڕادیۆ کوردستان بوو لە گۆرەپانی سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردی دا. لە کۆتاییدا بە پێویست دەزانرێ یادێ لە ڕەوانشاد" ئەندازیارخەیاتی" بکەین کە بۆ درووست کردنی یەکەم ڕادیۆ، کەڵکی لە بیسیمێکی کارکردوو وەرگرت. جێی خۆیەتی شەهید"سەرگوردعەباسی" لە بیر نەبەینەوە کە بە ناساندن و هێنانی موهەندس "خەیاتی" بۆ شۆرش خزمەتێکی شایانی بە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.شایانی باسە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بە سێ زمانی کوردی، فارسی و تورکی پرۆگرامی بڵاو دەکردەوە.

وەک یادکردنەوەی یەکەم بەڕێوەبەران و کادرەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان پێویستە باسی بەڕێزان حسێن ڕەهبەر، مەنسوور خوسرەوی و خەسرەو کاشانی وەک کارمەندانی بەشی ئەندازیاریی دەنگ بکەین کە خزمەتی شۆڕشیان دەکرد. هەروەها بێژەرەکان لە بەشی کوردیدا بریتی بوون لەڕەوانشاد تەهاعەتیقی و بەڕێزان خەجیجە مەعزوور، کاک ئەحمەد شێربەگی. ئەو نووسەرانەش وا خەریکی شرۆڤەی سیاسی بوون و ووتارەکانیان بڵاو دەکرایەوە ئەندامانی پایەبەرزی حیزب بوون بۆ وێنە شەهیدان د.قاسملوو، د.شەرەفکەندی، ڕەوانشاد کەریم حیسامی و بەڕێزان: عەبدوڵا حەسەنزادە،هاشم کەریمی، فەتاح کاویان و مستەفا شەڵماشی. لەم سەدەردەمەدا، ڕادیۆ دەنگی کوردستان وەک زۆربەی ئێزگە ڕادیۆییەکانی جیهان لەگەڵ سیستەمی دیجیتاڵ ڕیکخراوە و لە ڕێگەی سەتەلایتیشەوە بڵاو دەبێتەوە... ئەوەی دیارە ڕادیۆی دەنگی کوردستان،ڕادیۆی شۆرشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو،هەر چەندە بە هۆی شەڕو پەلامارەکانی هێزەکانی کوماری ئیسلامی بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان جێ گۆڕکێی کردووە بەڵام ڕەگ و ڕیشەی لە ناو ناخ و ویژدانی هەزاران هەزار کوردی وڵات پارێزدایە و خەونی ئەوە دەبینێ کە بنکەکەی لە مەهابادی پایتەختی کۆمار یان ورمێی سمکۆ یان سنەی ئاردەڵان و کرماشانی فەرهادی ئاشق دا بەرپا بکاتەوە .... بە هیوای ئەو ڕۆژە ئەو ئاواتە پیرۆزە بێ بە ڕاستییێکی شیرین...

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠١٥

# ڕادیۆی دەنگی کوردستان نرکەی شۆڕشێک، ئاوێنەی مێژووییەک



**قادر وریا**

**٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵ، ڕادیۆی دەنگی کوردستان، پێ دەنێتە چلەمین ساڵی دامەزران و تێکۆشانی خۆی.**

## هەلومەرجی لەدایکبوونی رادیۆی دەنگی کوردستان:

**"ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران" لە هەلومەرجێک دا لە دایک بوو کە حیزبی دیموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سۆنگەی پێداگرییان لە سەر مافە نەتەوەییەکانی خۆیان، شەڕێکی هەمە لایەنە و نابەرامبەریان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە سەردا سەپابوو. هاوکات لە گەڵ لەشکرکێشی و هەڵکوتانە سەر کوردستانی ئازاد و خەڵکە مافخوازەکەی، ڕێژیمی تازە لە تاران پێتەختی وڵات و بەشەکانی دیکەی ئێرانیش بەرە بەرە قۆڵی لە پێشێلکردن ولە نێوبردنی دەسکەوتەکانی دیکەی راپەڕینی ١٣٥٧ی خەڵک هەڵماڵیبوو. خومەینی، فتوای شکاندنی قەڵەمەکان و هێرش بۆ سەر ڕۆژنامە سەربەخۆ و ئازادەکانی دەرکردبوو. لایەنگرە دەمارگرژەکانی خۆی بۆ شێواندن و پەلاماربردن بۆ سەر متینگ و کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکان، هان دەدا. نێوەندە زانکۆییەکان کە ببوونە شوێنی چالاکیی ڕێکخراوە سیاسییەکان و خوێندکارانی وڵات لەواندا دژی زاڵبوونەوەی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی، دەنگیان بەرز دەکردەوە، کەوتبوونە بەر ڕقی خومەینی و، دەسەلاتدارانی تازە خەریک بوون پیلانی داخستنی زانکۆکان وەک یەکێک لە ئاڵقەکانی شۆڕشە بە ناو فەرهەنگییەکەیان ئامادە دەکرد.**

مەجلیسی دامەزرێنەران و یەکەم دەورەی مەجلیسی شوورای میللی بە دوای ڕووخانی ڕیژیمی شایەتی دا، بێ ئەوەی ڕێگەی بەشداری بە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان بدرێ، پێک هاتبوون و ئەوەی ڕێژیمی تازە مەبەستی بوو، نەک ئەوەی ویست و ئارەزووی خەڵک بوو، بە ناوی یاساوە، پەسندیان دەکرد. بەم جۆرە لە لایەکەوە شەڕێکی هەمە لایەنە بە سەر خەڵکی کوردستان دا سەپابوو، لە لایەکی دیکەشەوە، ڕێگاکانی گەیشتنی هەواڵ و راپۆرتی تاوانەکانی ڕێژیم لە کوردستان و هاواری زۆرلێکراویی ئەو خەڵکەیان بە بەشەکانی دیکەی ئێران بەستبوو.

ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئاگاداری لە گرنگیی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بێدەنگییەی ڕێژیمی تازە، بەرامبەر خەڵکی مافخواز و شەڕ بەسەرداسەپاوی کوردستان پێکی هێنابوو، بیری لە وەرێخستنی رادیۆ کردەوە. بە تایبەتی کە دەنگی ڕادیۆ هەم لە ڕۆژنامە خێراتر دەگەیەشتە دەستی خەڵک و بەربەستی کەمتری لەبەر دەم بوو،هەم ژمارەی بەردەنگەکانی لە خوێنەرانی ڕۆژنامە یەکجار زیاتر بوون. بەم جۆرە لە ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ (١٧ی ژوئەنی ١٩٨٠ )، ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بە پەیامی ڕێبەری شەهید د. قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، بە ڕەسمی بڵاو کردنەوەی بەرنامەکانی خۆی دەست پێ کرد. ئەم ڕادیۆیە لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە تیکۆشان و بڵاوکردنەوەی بەرنامە دا بەردەوام بووە و، بووە بە خاوەنی مێژوویەکی پڕشنگداری جیانەکراوە لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و خەباتی رزگاریخوازانەی حیزبی دیموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە بیرەوەریی دەستپێکردنی چلەمین ساڵی تیکۆشانی ئەم رادیۆیە دا، لە سەر دوو ڕەهەندی تێکۆشانی هەڵوێستەیەک دەکەین:

### ڕەهەندی یەکەم:

### ڕۆڵی شوێندانەرانەی دەنگی کوردستانی ئێران لە ڕووی میدیایی، سیاسی و نەتەوەییەوە:

دەنگی کوردستانی ئێران لە لایەک بەوهۆیەوە کە دەنگی خەباتی ڕەوا و پڕ لە قارەمانەتی و قوربانیدانی حیزبی دیموکرات بوو، لە لایەکی دیکە لە نەبوونی راگەیەنێکی ئەوتۆ کە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بە خەڵک بگەیەنێ، بە زوویی لە نیو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا جێی خۆی کردەوە. سەرەڕای "متواضعانە"بوونی ئیمکاناتی فەننی و یەک لەوان خودی دەزگا (فرستندە)ی ڕادیۆیی، لە گەڵ ئەوەش دا لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، بە چڕی و لە ناوچەی جۆراوجۆر پارازێتی دەخرایە سەر، بەڵام بە زوویی ڕێگای خۆی بۆ نیو سەدان هەزار ماڵ - ئەگەر نەڵێین بە میلیۆن - خەڵک کردەوە و گوێگرتن لە بەرنامەکانی، بوو بە بەشێک لە بەرنامەی ڕۆژانەی خەڵک. هەواڵ و راپۆرتی هێرش و تاوانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕیژیم و، بەرەنگاربوونەوەی هیزی پێشمەرگە لە گەڵیان، ڕەفتاری کاربەدەستان و ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ خەڵک لە شار و گوندەکان، بەشێکی هەمیشەیی بوون لە نێوەرۆکی بەرنامەی ڕۆژانەی ئەو رادیۆیە. ئەوەش

که بەرنامەکانی رادیۆ بە زمانی فارسی و بۆ ماوەیەک بە زمانی ئازەرییش بڵاو دەبوونەوە، ژمارەی بەردەنگی ئەو رادیـۆیه و پانتایی کاریگەرییه میدیایی و سیاسییەکەی زیاتر کردبوو.

شیکردنەوەی سیاسیی ئاڵوگۆڕەکـانی ئێـران و پـرس و بابەتەکـانی پێوەندیـدار بە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان، دووهەم ئەرکـی رۆژانەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بـوو. ئەم جۆرە بـاس و لێکدانەوانەش بە زۆری، کەسـانێک دەیانـنووسی کە لە ڕێبەران و سیما سیاسییەکانی حیزبی دیموکرات بوون. یەک لەو کەسایەتیانە ڕێبەری شەهید د.سـادق شەرەفکەندی بـوو کە توانـایەکی زۆری لە شیکردنەوە و باسکردنی مەسـەلە گرنگەکـان بە زمـانێکی سـادە، هەر وەهـا لە دۆزیـنەوەی سـووژە و بـابەتی شیـاوی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە بـۆ کـۆمەڵانی خەڵـک دا هەبـوو. راستیەکەی ئەوەیه نەک هەر جەمـاوەری بەرینـی گـوێگری رادیـۆ، ئەنـدامان، پێشـمەرگەکان و کادرەکـان و تەنـانەت بەرپرسـانی حیـزبییش، لە ڕێگـای لێکدانەوە و وتـاره سیاسـییەکانی ئەم رادیۆیه، لە رووی سیاسییەوە، ڕێنوێنی دەکران و پەروەردە دەبوون.

کـاریگەریی بەرنامەکـانی ڕادیـۆی دەنگی کوردسـتان، لە ڕووی نەتەوەیـی و فەرهەنگـی و کـۆمەڵایەتییەوە، لە کـاریگەرییه خەبەری و سیاسییەکەی کەمتر نەبوون. بایەخدانی ئەم رادیۆیه بە مێژووی نەتەوەی کورد و بۆنه نەتەوەییەکان، دڵسۆزی و هەستیاربوونەکەی لە ئاست زمانی کوردی و هاندانی خەڵک بۆ بەرگری لە زمان و شوناسی خۆیان، گرنگیدانی بە ئەدەبیـات و گـۆرانی و مۆسـیقای کـوردی، لە تەنیشـت ئەمـانەش لەقـاودان و دژایەتـی کردنـی چەوسـاندنەوە و نەریـت و ڕێوشـوێنی دواکەوتـوانه و دزێـوی نێـو کـۆمەڵ بە تـایبەت لە دژی ژنـان، لە سـەر هەسـتبوونی لە ئاسـت پەروەردەی منـداڵ و لاوان و ئاوڕدانەوە لە پێویسـتییەکانیان، هەر وەهـا بە شێوەی جۆراوجۆر وەستـان لە سـەر کێشە کۆمەڵایەتییەکـان و وریـاکردنەوەی چین و توێژ و بەشە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستان لە ئاکامەکانی ناکۆکی و دووبەرەکیی خێڵەکی و ناوچەگەرییـانە، یـا لە سەر ئەساسی ئایین و زاراوە و هەر جیاوازییەکی تر، جێیەکی دیاریان لە نیـو ئامـانج وئەرکەکـانی ئەم ڕادیـۆیه دا هەبـووە. دەتوانین بڵێین هەتا ئەو کـاتەی تەلەڤیزیـۆن نەهـاتبووە نێـو ڕیـزی ڕاگەیەنەکـانی حیزبـی دیموکرات و بـزووتنەوەی کـورد، دەنگی کوردستانی ئێران، پشکێکی حاشالێنەکراوی هەم لە بەرهەمهێنـان و پەرەپیـدانی ئەدەبیـاتی بەرگری دا هەبـوو، هەم لە هاندانی تەبایی نەتەوەیی و یەکگرتوویی لە نیو ڕیزەکانی خەڵک دا.

### ڕەهەندی دووهەم:

### دەنگی کوردستان وەک ئاوێنەی مێژوویەکی پڕشنگدار


ئەگەر حیزبی دیموکرات وخەڵکی کوردستان، ئەم قۆناخەی ئێستا تێپەڕێنن و، نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتمانەکەی

خاوەنی ماف و بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێ، حەق وایە لە یەکەم هەنگاوەکانیان دا، مووزەخانەیەکی تایبەت بۆ ئەرشیفی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بکەنەوە. لە ماوی ٤٠ ساڵ تێکۆشان و بەردەوامیی ئەو رادیۆیە دا، دیارترین و کاریگەرترین ڕێبەران و تیکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان، بە نووسین، بە پەیام و لێدوانی تایبەت یا وتوویژ، لە ڕێگای ئەم رادیۆیەوە قسەیان لە گەڵ خەڵکی کوردستان کردوە.ئەرشیفی بووڵتەنی خەبەریی ڕۆژانەی ئەم ڕادیۆیە و وتار و لێکدانەوە سیاسییەکانی، پانۆرامای مێژوویەکی بە خوێن نووسراون کە شایەدی بۆ خۆڕاگریی جێی شانازیی بزووتنەوەیەکی هەراو بەرامبەر ڕێژیمێکی دڕندە و خوێنرێژ دەدەن. دەنگی دەیان و سەدان تێکۆشەر و قارەمانی نەتەوەکەمان، دەستنووسی دەیان و سەدان سیمای سیاسی و ڕووناکبیر، لە ئەرشیفی ئەم رادیۆیە دا هەن. لەوانەیە یادگار و شوێنەواری هێندێک لەوان لە هیچ کوێی دیکە دەست نەکەوێ. ژیاننامەی سەدان فەرماندەری نیزامی و کادری سیاسی و هەزاران لاوی پێشمەرگە، ئەرشیفی ئەم رادیۆیەیان دەوڵەمەند کردوە. زۆر لە گوێگرانی ئەم رادیۆیە شێعر و پەخشان و بیرەوەری و پرسیار و پێشنیار و جوانترین هەستەکانی خۆیان بە دەسخەتی خۆیان بۆ ئەم رادیۆیە ناردوە. ئەو ساتانەی جێگای تایبەتیان لە مێژووی حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورددا هەیە، لای ئەم رادیۆیە، شەقڵ و یادگاری تایبەت بە خۆیان جێ هێشتوە. تەنیا بە چاوخشاندنێک بە سەر لیستی دوور و درێژی ناوی ئەو کەسانەی وەک بەرپرس، بەڕێوەبەر، نووسەر، وەرگێڕ، بێژەر، ئەندازیار و کادری فەننی لەم رادیۆیەدا خزمەتیان کردوە، بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین کە رادیۆی دەنگی کوردستان کۆکەرەوە و مەکۆی چ هێزێکی گەورە و بە توانای ئینسانی بووە و، چ ڕۆڵێکی دیار و بە نرخی لە تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە تایبەتی لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ ی هەتاویی دا هەبووە.

لە دەسپێکی ٤٠ ساڵەی دامەزران و بەردەوامیی ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا، بە ڕێزەوە یادی زەحمەت و ماندووبوونی بەشدارانی نێو ئەو کاروانەی تێکۆشان لە هەموو ئاستێک دا دەکەینەوە. ئەوانەی شەهید بوون، یا بە مەرگی ئاسایی بە جێیان هێشتووین، سڵاو بۆ گیانی پاک و یادی نەمریان دەنێرین. بۆ خودی رادیۆکەش بەردەوامی و بووژانەوە و، ڕۆڵێکی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ و لە داهاتوودا، کاریگەرتر بە ئاوات دەخوازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠١٩

# چایخانەی باگردان و دەنگی کوردستانی ئێران.



ئەحمەد شێربەگی

جەوی کوردستان لە حاڵەتی نە شەر و نە ئاشتی دابوو.لە هیندێک شوێن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان دەبردە سەر پێشمەرگە و پشمەرگەش لێیان وەدەست دەهاتن. لەم لاشەوە دەوری ووتووێژەکان لە نێوان نێردراوانی کۆماری ئیسلامی وهەیئەتی نوێنەرایەتی کورد زۆر بە سستی دەچوە پێش ،هیچ هۆمێدێک بۆ چارەسەریی حەللی کێشەی کورد لە ئێران دا نەبوو.لەراستی دا پەیامی ٩ی خەزەڵوەری خۆمەینی پەیامێکی تاکتیکی بوو بۆ دووبارە خۆ رێکخستنەوەی هێزەکانیان لە کوردستان کە زەبری یەکجار قورسیان لەشەری سێ مانگە دالە لایەن هێزی پێشمەرگەی حیزبەوە وێکەوتبوو.لە مانگی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی شەر لە هێندێک لە ناوچەکانی کوردستان دەستی پێکردبۆوە بەڵام هێشتا تەواو رەسمییەتی پێنەدرابوو. ڕێبەرایەتی حیزب بۆ پێشگرتن لە ڕووداني هەر ئەگەرێکی نەخوازراو بڕیاری ڕاگوێزتنی بنکەی سەرکردایەتی لە دۆلی شێخان را بۆ قووڵایی ناوچەکانی دیکەی کوردستان دابوو.لەڕاستیی دا دۆڵیشێخانی مەنگورایەتی بە هۆی سەختی زستان و کوێستان بوونی ناوچەکە بۆ وەی نەدەبوو وەرزی زستان لێی بمێنییەوە، هەر بۆیە لە ئاخرو ئۆخری مانگی خەرمانان لە بناری" قەلاتێ شای "دۆڵی شێخان حەرەکەتمان کرد بچینە دۆڵی دێمۆکرات لە گوندی شێوەجۆی ناوچەی کاڵەشینی رەبەت...ئەمە لە ڕاستی دا یەکەم گوێزتنەوەی دەنگی کوردستانی ئێران بوو.پێشتر بۆ ئەوەی بەرنامەکانی دەنگی کوردستانی ئێران نەوەستێ دووبەرنامەی ئامادەکراوی زیادیمان تۆمار کردبوو کە بەدامەزراندنی یەکێک لە دوو دەزگا فرستەندەکە دەرفەتی ئەوەمان هەبێ لەماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا لە شوێنی نوێ جێگیر بین وسەر لەنوێ کاری رادیۆیی دەست پێبکەینەوە. حەرەکەتمان کرد وگەیشتینە گوندی باگردان، لە بەشی فەنیی ڕادیو ڕا بە بێسیم ئاگاداریان کردین دەبێ لە زووترین کات دا بەرنامەیەکی زیادی دیکەش تۆمار بکەین وبە پەیک دا زوو بینێرن.ئەگینا رۆژێک بەرنامەکانی دەنگی

کوردستانی ئێران لە وەشان دەوەستێ. بۆیە ناچار بووین بەپەلە بارو بنە لە گوندی باگردان بکەینەوەو بەرنامەیەکی دیکەتۆمار کەین. لەم دەمو دەستە دا نەدەکرا خێوەت هەڵدەین. گوندەکە چایی خانەیەکی چووکەی لێ بوو ، بڕیارمان دا بچینە ئەو چایخانەیە و بەرنامەکە لەوێ تۆمار بکەین.کەلو پەلەکانی رادیومان کردەوە،نەمر کاک تەها کە ئامادەکاری بەرنامەکانی دەنگی کوردستانی ئێران بوو کەوتە خۆ و بە پەلە پەل دەستی کرد بەنووسین ، بە خەبەرێک لەم لای و خەبەرێک لەولای وشێعرێک ودانانی دووسروود گەیشتە نیوسەعاتەکە ونووسراوەکانی دایە دەستم.لەوبەریش هەتا خاوەن چاییخانەمان رازی کرد کە بۆ ماوەیەک چاییخانەکەمان لە ئیختیار بنێ ئەویش کاتی برد. کابرای خاوەن چاییخانە هەر نەیدەزانی ئێمە کێن وبۆچی دەبێ چاییخانەکەمان بۆ چۆل کات. بەڵام دەیزانی دێمۆکڕاتین.کورێکی مام ناوەندی ڕەش ئەسمەری چاوزیتی سمێل قەیتانی دەوری سی وپێنج ساڵێک دەبوو ، مەنسووری خوسرەوی دەزگاکانی تۆمارکردنی ئامادە کرد و منیش چوومە پشت میکرۆفۆنی و بە ئاماژەی دەستی ئەو کە کاتی دەست پێکردنی بەرنامەیە ئامادە بووم، لە ژووری چایخانە دا سێ جار م گوڕاند:

"ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە"

کە وام کوت خاوەن چایخانە چاوی دەرپەڕین قوشقم بوو، بڕوای نەدەکرد ئەودەنگەی کە ڕۆژانە لەڕێگای شەپۆلەکانی ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێران گوێی لێ دەبوو ئەوە لە بەر چاوی خۆیەتی و لە چاییخانەی خۆی دا دەیبیسێ و دەبینێ...ئەوکات هێشتا لە دەنگی کوردستانی ئێران دا ئەزموونی ئەوەمان نەبوو ئەوبەشەی کە هەمووڕۆژێ لە ڕادیو وەک سەرەتایەک بڵاو دەبۆوە تۆماری کەین و حەوجێ بەوەینەکات هەمووجارێ بە زیندوویی بیڵێینەوە.بۆیە بەدوای من دا سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب لێدراو کابرای چاییخانە قیت ڕاوەستابوو متەقی لێوە نەدەهات هەرکە سروودەکە تەواو بوو سەر لەنوێ نۆرەی من هاتەوە کە دەنگی کوردستانی ئێران دەنگی خەباتی گە لی کوردە، دەنگی پێشمەرگە قارەمانەکانە،زمانی حاڵی شەهیدە سەربەرزەکانی رێگای ئازادیی ورزگاریە ،دەنگی جوتیاران ودەنگی کرێکاران ودەنگی هەمووچین وتوێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریە.دەنگی کوردستانی ئێران لە خەبات گەلانی ئێران لە دژی ئەمپریالیزمی جیهانی بەتایبەتیئەمپریالیزمی ئەمریکا پشتیوانی دەکات..بە مجۆرە بە ئامانجەکانی دەنگی کوردستانی ئێران دا دەهاتمە خوار وکابرای چایخانەش هەر بڕوای نەدکرد کە ئەوە ئێمە بین...بەرنامە گەیشتە کۆتایی و دەستمان کرد بە خۆ کۆکردنەوە.خاوەن چایخانەکە چاوی پڕ ببوو لە فرمێسک ،قوڵپی گریان گەرووی گرتبوو.پێش تۆمارکردنی بەرنامە پەیتاپەیتا قسەی دەکرد.بەڵام دوایی قسەی بۆ نەدەهات.سامی دەنگی کوردستانی ئێران گرتبووی و بەتەواوی غافلگیری کردبوو. هەتا توانی ماچی کردم.خۆشم هەستم بە خۆشییەکەی لەرادەبەدەر دەکرد کە دەنگی کوردستانی ئێران لە ماوەیەکی کورت دائاوا بۆتە جێگای خۆشحاڵی و متمانەی خەڵک. کەلو پەلەکانی ڕادیومان کۆ کردەوە و کاسێتی ئامادەکراومان دا بە پەیک و بە پەلە روویی و لە چایخانە هاتینە

دەر...

**پیرۆز بێ یادی ٣٩ ساڵەی دامەزرانی ڕادیودەنگی کوردستانی ئێران**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠١٩**

---

# چل ساڵ خەبات و تێکۆشانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان دەنگی دلێر و بەرحەقی پێشمەرگە




**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

**چل ساڵ خەبات و تێکۆشانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان دەنگی دلێر و بەرحەقی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی دڵسۆز و بە ئەمەگی کوردستان پیرۆز بێ.**

**لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوو دا ڕادیۆ دەنگی کوردستان وێڕای بە جێ گەیاندنی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەیەکانی، دەنگی بەرز و مافخوازنەی گەلەکەی بووە و لە هەموو قۆناخەکانی سەختی خەبات و پێشمەرگانە دا ڕەچەشکێن و راستبێژ و بوێری ئەم ڕادیۆیە بۆتە هەوێنی خۆشەویستی نێوان خەڵکی کوردستان و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان.**

**هەموو ئەوانەی کە لەم رادیۆ دا کار و ئەرکی حیزبی و پێشمەرگانەیان بەڕێوە بردووە، لە مرۆڤە خۆنەویستەکانی گەل**

بوون. کارگێرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، هەر لە وتارنووس و هەواڵنێر و دەنگبێژەوە بگرە تا بەشی فەننی و تکنیکی و بەشی پاراستن و بەشی هەڵکردن "وەشان" و کارەکانی دیکەی یەکدڵ و یەکدەنگ و یەک نەفەس، لە ژێر گەرمای تاقەت پروکێن و تەوژمی با و باران و سەرما، لە ژێر ڕەهێڵەی بۆمبارانی فرۆکەکانی ئێران و شریخەی گوللە تۆپ و خۆمپارە و هێرشی جۆراوجۆردا کاریان کرد و خەمیان تەنیا خەمی ڕانەوەستانی رادیۆ دەنگی کوردستان بوو.

کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەری سەر بە رادیۆ شەو و ڕۆژیان دەکردە یەک بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا ڕادیۆ دەنگی کوردستان میوانی مووچە و مەزرا و ماڵ و دووکان و دانشگا و شوێنە گشتییەکان بێ و ئەوەش لە دیارترین پەیامی شۆڕش و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

لە چل ساڵەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان دا جوانترین پیرۆزبایی لە کارگێرانی ئێستای ڕادیۆ، لە کارگێرانی پێشووی ڕادیۆ و هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە خەمیان لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان خواردەوە و هیوادارم کە ئەوانەی زیندوون و لە هەر شوێنێکی ئەو دونیایە دەژین هەردەم ساخ و سەربەرز بن و ئەوانەی شەهید بوون و یا کۆچیان کردووە ڕووحیان شاد و ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠٢٠

# بژی دەنگی حیزبی قازی.



قادر وریا

**پێشکەشە بە چلەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستان**

(جۆزەردانی ١٣٦٥ نووسراوە، چەند ساڵێک دواتر کۆڕی هونەریی حیزب کردی بە سروود و لە ئەرشیڤی ڕادیۆ ئەو سرووده هەیە).

که کوردستانی راپەڕیو،
چنگوڕکی شەڕ کەوتە گیانی،
لە زەویو لە ئاسمانەوە
هاتن بۆ گەمارۆدانی،
لە خەباتمان یاخی دەبوون
لەشکری ڕەشی و نەزانی،
یەکەم ئامانجی دوژمن بووین
بۆ قەلاچۆ، بۆ وێرانی،
خۆزیای رادیۆ، خۆزیای گشت بوو ئاواتی ورد و درشت بوو.

***

دەبوو دەنگی خەباتی کورد
لە کەوشەنی ماد تێپەڕێ،
چیرۆکی خاپوور بوونەکەی
کوردستانمان بۆ دوور بەرێ،
دەبوو بانگەوازێک بدا
بۆ پاراستنی سەنگەرێ
کە مەتەرێزی شەرەفەو
سووک تێک ناشکێ لە هیچ شەڕێ.
لە کاتێک دا خۆری خەبات
دەبوو لە تەم بێتە دەرێ:
خۆزیای رادیۆ، خۆزیای گشت بوو ئاواتی ورد و درشت بوو.

***

٤٠ ساڵ لەمەوبەر لەمڕۆ دا
لە کوردستانی بەشکۆ دا
دەنگی کوردستانی ئێران،
دەنگی ئازایان، بوێران،
دەنگی گەلێکی خەباتگێڕ،
نرکەی پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ،
دەنگی ڕێبوارانی قازی،
دەنگی شەرەف و شانازی،
شەقەی باڵی هەڵۆی چیا،
بوو بە ڕەمزێکی دڵنیا،
بۆ سەربەرزیی کوردستانێک، بۆ خوێنمژان، گۆڕستانێک!

***

دەنگی حیزبێکی شۆڕشگێڕ
بە خەبات و نەسرەوتن فێر،
دەنگی پێشەنگی خەبات و

ڕێکخەری کرێکار، جووتێر،

دەنگی ڕۆشنبیری ئازای

ڕاهاتوو بە ڕژد و هەڵدێر،

دەنگی ژنانی ڕا پەڕیو

زنجیرپسێن، بوێر، دلێر،

دەنگی دەیان هێز پێشمەرگەی

گیانباز و نەترس و جوامێر،

بوو بە تیشکی مانگی شەوی لێڵتر لە گشت شەوی زەوی.

***

دەنگێک دەنگی چەوساوەکان،

هاواری بەشخوراوەکان،

گیانێکی تازەی نایەبەر،

شێلگیرە تێکنەشکاوەکان،

بوو بە ئێعجازی مەسیحای

هەژارە لێقەوماوەکان،

بوو بە هاندەری میللەتێک،

ورد و درشت و لاوەکان،

ئەی ئاوێنەی تەواونوێنی

حەماسەکان! ڕووداوەکان!

بۆ حیزب و گەل جێی شانازی! بژی دەنگی حیزبی قازی!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠٢٠

# ڕادیۆی دەنگی کوردستان، چل ساڵ هەق وێژی و نەوەستان



**کەریم فەرخەپوور**

ئەمڕۆ ٢٧ی جۆزەردان، چل ساڵ بەسەر دەسبەکاربوونی ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەنگی گەلێکی بندەست و مافخوازدا تێدەپەڕێ.

چل ساڵ بەر لە ئێستا لە کاتێکدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەویست دەنگی ئازادی و ئازادیخوازن کپ بکا، لەو کات و سەردەمەدا ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بە هەست کردن بەو زەروورەتە کە پێویستە دەنگی کورد بە گوێی ئازادیخوازانی ئێرانی بگا و هەواڵی ڕووداوەکان و بەرەکانی جەنگ بگاتە هەموو ماڵێکی کورد و، بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک و باسکردنی ڕاستییەکان و بۆ لەقاودانی جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە ئیمکاناتێکی کەمەوە بەڵام بە ئیرادەیەکی بەهێز و پتەو ڕادیۆی دەنگی کوردستانی دامەزراند.

ڕادیۆ دەنگی کوردستان، بە شمشاڵەکەی قالەمەڕە دەستی پێکرد و بە شریخەی چەکی پێشمەرگە دەنگی دایەوە، بە ڕاستوێژی بوو بە جێی سەرنجی دۆست و دژمن و بە خۆشەویستی سەری بە هەموو ماڵێکی کورددا کرد و بوو بە میوانی هەمیشەیی خەڵکی کوردستان.

ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە واشینگتۆن و لەندەن بەرنامەکانی بڵاو نەدەکردەوە، ڕادیۆ لەنێو جەرگەی شەڕ و لە دۆڵ و چیاکانی کوردستان، لە ژێر ڕەهێڵەی تۆپ و بۆمبا، لەسەر دەستی چەند کەسێکی خۆبەخش و ماندوویی نەناس، بە قەڵەمی

چەند ڕووناکبیر و سیاسەتوانی کورد و بە هیممەتی دوکتۆرەکان و هاوڕێکانیان، بە پشتیوانی پێشمەرگە و بە پشت بەستن بەهێزی گەلەکەی دەستی بەکار کرد.

ڕادیۆی دەنگی کوردستان، لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و جێی باوەڕ و متمانە و ڕۆژانە میوانی ماڵەکانیان بوو. ڕادیۆ دەنگ زوڵاڵە هەڤوێژ و ڕاستوێژەکەی کوردستان، ڕۆژانە هەواڵی بەرەکانی جەنگ و بەربەرەکانی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی بە ئەمانەتەوە دەگەیاندە هەموو ماڵێک، وتارە سیاسییەکان و لێکدانەوەی ڕووداو و پێشهاتەکان، هەواڵی سەرکەوتنەکان، ئاگادار کردنەوەی خەڵک لە پیلان و سیاسەتی دژمنانەی کۆماری ئیسلامی، قەتلوعامی خەڵکی گوندەکان، لەسێدارەدانی لاوانی کورد، هەواڵە دڵتەزێنەکانی شەهیدبوونی ڕێبەران و فەرماندە و کادر و پێشمەرگەکان، سووتانی ڕەز و باخ و دارستانەکانی کوردستان، ناڵەی برینداراکان و هاواری دایکی شەهیدانی بەگوێی خەڵکی ئێران و کوردستان دەگەیاند.

دوکتۆر قاسملووی شەهید لەو پێوەندییەدا فەرمووی: "جێگای شانازییە لە کاتێکدا ڕۆژنامەی "کوردستان" لەبەر هەلومەرجی تایبەتیی خەباتی حیزبەکەمان بە ڕێکوپێکی دەرناچێ، "ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران"، ئەو بەتاڵاییەی پڕ کردۆتەوە کە کەمبوونی چاپەمەنی پێکی هێناوە. ڕادیۆی دەنگی کوردستان لەڕاستیدا ڕۆژنامەیەکی وێژەر (گویا)یە کە هەموو ڕۆژێ لە سەدان هەزار نوسخەدا دەردەچێ و دەگاتە هەموو شارێک، هەموو دێیەک و سەر بە هەموو ماڵێکدا دەکا. لەوەش گرینگتر، خوێندەوار و نەخوێندەوارەکان کەلکی لێ وەردەگرن و کرێکار لە کارگە و، جووتیار لە کێڵگە و، شوان لە چیا و لەوەڕگە گۆیی بۆ دەگرن و لێی حاڵی دەبن...

... ئێمە بە چاوی مامۆستایەک و کەرەسەیەکی فێرکردن سەیری ڕادیۆ دەکەین و هیوادارین ڕۆژێک بێ کە موهەندیس و کرێکار و نووسەر و وەرگێڕ و وێژەر و پارێزەرانی ڕادیۆ کوردستان بە هەموو خەڵکی کوردستان بناسێنن، تا کۆمەڵانی بەئەمەگ و هەڤناسی کورد، بەگەرمی ئەو ڕۆڵە بەنرخ و دڵسۆزانەیان گوڵباران بکەن..."

ڕادیۆی دەنگی کوردستان بابەتەکانی بە قەڵەمی بوێر و بەپێزی ڕێبەران و نووسەرانی وەک دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، فەتاح کاویان، کەریمی حیسامی، بابا عەلی مێهرپەروەر، حەسەن شەڕەفی، عوسمان ڕەحیمی، مستەفا شڵماشی و برایم لاجانی لەژێر ئەشکەوت و خێمە و تاشەبەردەکانی کوردستان دوور لە هەموو ئیمکاناتێک تەنیا بە پێنووسێکی هەڤوێژ و ڕاستوێژ دەکەوتە سەرپەڕی کاغەز و، بە دەنگی زوڵاڵی تەها و ئەحمەد و خەجێ و بێهرۆزی کوردئەحمەدی، لە دۆڵ و چیاکانی کوردستان دەنگی دەدایەوە و خەڵک لە ماڵەکانیان کپ و بێدەنگ

بەگوێی دڵ گوێیان لە باس و بابەتەکان دەگرت. شێربەگی شریخەی چەک و دەنگی دلێری پێشمەرگەی بە "سەرنج بدەن"، هێز و ورەی دەدایە خەڵک و، خەجێ بە سۆزی دەنگە ناخ هەژێنەکەی هەواڵی گیانبەختکردنی تێکۆشەرانی کوردی ماڵ بە ماڵ بڵاو دەکردەوە و، بێهروز باس و بابەتە سیاسیەکانی ڕۆژی پێشکەش دەکرد و و کاک تەهاش بە ئارامی سوکنایی دەدایە دڵی خەڵکی زوڵم لێکراوی کوردستان و بە وتەکانی بزەی دەخستە سەر لێوی خەڵک و لە ڕێگەی ڕادیۆوە لەگەڵ خەڵک لە پێوەندیدا بوو و، وڵامی نامەکانی دەدانەوە. مەکۆ و نەورۆز بە زاراوەی کورمانجی و لە بەشی فارسیشدا کەسانی وەک بێهروز و سیامەکی قەویپەنجە، ماندوونەناسانە ئەو ئەرکەیان بەڕێوە بردو. لە کاروانی پڕ لە سەروەری شەهیداندا کاک ئەحمەد قادری، ڕێزی لە خەبات و فیداکاریی ڕۆڵە شەهیدەکانی گەلەکەمان گرتوە. تێکۆشەرانی ماندوویی نەناسی بەشەکانی دیکەی ڕادیۆش هەموو بیر و فکریان لای بەهێز کردنی دەنگی ڕادیۆ و ئارشیو و بەرەوپێشچوونی کارەکانی ڕادیۆ بوو. لەنێو هەموو ئەوانەشدا موهەندیس خەیاتی ئەندازیار و دامەزرێنەری بەشی فەننی پێویستە یادی بکرێتەوە و، ڕێز لەو ئازەری زمانە بگیرێ کە هەوڵ و زەحمەتەکانی دەنگی کورد و دەنگی کوردستان لە هەموو شوێنیک دەنگی دایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠٢٠

---

## با درۆ و دەلەسە سۆشیال میدیا جوانەمەرگ نەکات، ڕادیۆ دەنگی کوردستانمان لەبیر بێت



مستەفا شێخە

به بۆنەی چل ساڵ خەباتی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران

زیاترئەو کەسانەی تەمەنیان لە چاو ژیانی سنووورداری مرۆڤێک چووەتەبان، وەک نۆستالیژی یان بەکوردی بڵێین پێوەندیی

سۆزدارانه شتی ڕابردوو بیرخۆیان دەهێننەوه. ڕەنگه منیش وابم، بەڵام هەوڵ دەدەم لەم بابەته کورتەدا لەمجۆره سۆزدارییه دوور بکەومەوه.

ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران چل ساڵ لەمەوبەر، هاوکات لەگەڵ لەدایکبوونی ئاڵوگۆڕێکی نوێی سیاسیی له ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا و دەستی به کاری ڕاگەیاندن کرد. دیاره وەک ئاماژەم بۆ کرد، ئێستا ئەم ڕادیۆیەش بۆ زۆرکەس بووەته نۆستالێژی و سۆزدارانه به دەربڕین یان له دەروونی خۆیاندا یادی دەکەنەوه. منیش ئەو لایەنه سۆزدارییەم لەیاد ناچێت. ئەو کاتەی کەناڵی ئاسمانیی تەلەفزیۆن و ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەبوون، له کاتی دیاریکراودا لەدەوری ڕادیۆیەک کۆدەبووینەوه و گوێمان بۆ دەنگی کوردستان شل دەکرد. ڕادیۆ دەنگی کوردستان سەرەتاکانی دەستبەکاربوونی به بڵاوکردنەوەی قاسپه قاسپی کەو دەستی پێدەکرد و دوای ماوەیەکی کورت شمشاڵەکەی قالەمەڕە دەگەڵ ڕاستگۆییەکانی ئەم ڕادیۆیه ئاوێته کرا و هەمیشه بەر له سەرەتای کاتژمێری دەستپێکردنی بەرنامەکان دەنگی شمشاڵی قاله مەڕە، ماڵ و کۆڵانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی دەتەنییەوه. تەنانەت ئەو"تەشویش" (پارازیت)ـەی ئەوکات قورگی دەنگی کوردستانی ڕێکدەگوشی، ئەویش بۆمان بووه نۆستالێژی و ڕەنگه زۆر کەس پێیان له دەنگ و کەلامی هێندێک گۆرانیبێژی ئەم سەردەمه خۆشتر بێت.

پێچەوانەی قسەی خۆم نۆستالێژی تەنگی به منیش هەڵچنی و ئەوەی سەرەوه ڕەنگه بیرەوەرییەکی سۆزدارانه بێت. بەڵام لەم چەند دێڕەی خوارەوه پێمخۆشه بەکورتی و بێلایەنانه و دوور له هەستی سۆزداری دەروەستبوونی "ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران" و بێ دەروەستیی سۆشیال درۆی سەردەم لەبەریەک ڕابگرم.

### تایبەتمەندیی دیاری ڕادیۆ دەنگی کوردستان:

له کاتێکدا "ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران" نزیکەی ٤٠ ساڵ دوای دامەزرانی ڕادیۆ له ئێران دامەزرا (ڕادیۆ بۆ یەکەم جار له ئێران له ٤ی بانەمەڕی ١٣١٩ی هەتاوی ڕۆژانه بۆماوەی ٨ کاتژمێر لەتارانەوه دەستی به وەشانی بەرنامەکانی کرد.)، بەڵام لەگەڵ هەموو تەنگ و چەڵەمەکانیدا توانیی وەک ئامێرێکی ڕاگەیاندنی جێگەی بڕوا و متمانەی گوێگرانی هەراوی، قورسایی خۆی بسەلمێنێت.

ڕاستگۆیی یان گێڕانەوەی "بێ درۆ" تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم ڕادیۆیه بوو. به شایەتیی ئەو خەڵکه زۆرەی که به خۆشییەوه ئێستا زیندوون و ژیانی چل ساڵەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانیان باش لەبیره، دەنگوباس و هەواڵەکانی ئەم

ڕادیۆیە سەرچاوەی بڕواپێکراوی دۆستان و دوژمنانی ڕادیۆکە بوو. هەرچەند ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ، ئۆرگان و دەنگی حیزبی دیموکرات بوو، بەڵام من دەمهەوێ حەز و خۆشەویستی یان دژایەتیکردنی حزبی دیموکرات بەلاوە بنێم و دەنگی کوردستان تەنیا وەک ئامێرێکی ڕگەیاندن چاو لێبکەم.

ئەوانەی هەرنەبێ بۆ ماوەیەکی کەمیش بەردەوام بیسەری ڕادیۆ دەنگی کوردستان بووینە، زۆرجار لەم ڕادیۆیەمان بیستووە هەواڵێکی هەڵەی خۆی لە بەرنامەی ڕۆژانی دواتردا ڕاست کردووەتەوە. تەنانەت لە ژمارەی کوژراوانی هێزەکانی بەرانبەریشدا زۆر جار بۆ بەرنامەی داهاتوو ژمارەی دەستکەوتەکانی کەم کردووەتەوە و چاوی خەڵکی نەبەستوە. کاتێک گرنگیی ئەم ڕاستگۆییە دەردەکەوێت کە بزانین کاتی لە لووتکە دابوونی ڕادیۆکە، خۆی تەنیا مەیداندارى ئەم بوارە بوو و بەرهەڵستی وا نەبوو پێش بە چەواشەکاری بگرێت.

جودا لەم تایبەتمەندییە دیارەی دەنگی کوردستان، ئەم ڕادیۆیە بە ئاشکرا دەنگی حیزبێکی سیاسیی ناسراو بوو. ڕادیۆکە بەرنامەکانی لە دووبەش پێکهاتبوو. بەشی هەواڵ و بەشەکانی دیکەی وەک "وتاری سیاسی"، "لێکدانەوەی سیاسی"، "کاروانی شەهیدان"، "وڵامی نامەی گوێگران" و " بەرنامەی دیکەی ئەدەبی. (خۆم زۆر حەزم لە بەرنامەی کۆلکەزێڕینە بوو). دیارە خاوەنی ڕادیۆکە لە هەموو هەڵوێستەکانی دیکەی ڕادیۆکە بەرپرسیار بوو. بەپێی ئەو ناسنامەیە لە بەشەکانی وەک بۆچوونی سیاسی و لێکدانەوەی بارودۆخەکەدا حیزبی دێموکرات وڵامدەر بوو. من لێرەدا دەمهەوێت بڵێم کە ئەم ڕادیۆیە وەک ئامێری ڕاگەیاندن، ئەخلاقی مرۆڤانەی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بە تەواوی ڕەچاو کردبوو و دەیپاراست.

### تایبەتمەندییەکانی سۆشیاڵ میدیا:

سۆشیاڵ میدیا بەو دەرفەت و کەرەستانەی سەر ئینترنێت دەگوترێت کە لە چەندین تۆڕی جودا و بەیەکەوە لکاوی کۆمەڵاتیی وەک پێگەکانی ئینترنێت، تۆڕەکانی فەیسبووک، تویتەر، واتساپ، ئینستاگرام و... پێکهاتوون.

ئەم تۆڕە هەراو و بەرینە دەرفەتی بۆ مرۆڤ ڕەخساندوە تەنیا بە هۆی ئامێرێکی موبایلەوە دەستی بە هەموو زانیارییەکانی نێو ڕایەڵەکە ڕابگات و خۆیشی ببێتە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری یان گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی زیاتری هەواڵ و زانیاری. مرۆڤ دەتوانێت بە بەشداریکردنی لەم تۆڕەدا لە هەموو بوارەکانی ژیان لە سیاسەتەوە بگرە هەتا ئەدەبیات و بازرگانی و پێوەندیی سۆزدارانە و پڕۆپاگەندا و سیخوڕی و.... چالاک بێت.

بەشێک لە پێوەندییەکانی نێو تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینترنێت وەک پێوەندیی ئەندامانی گروپە داخراوەکان یان هی دەزگاکانی هەواڵگری و تەنانەت پێوەندییە دوولایەنەکانی خۆشەویستان و پێوەندییەکانی دڵداری هەرچەند لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانەدان، بەڵام دەگەڵ سۆشیال میدیا لێک جودان. ئەوان هەواڵ زانیاری بڵاو ناکەنەوە.

سۆشیال میدیا بەهۆی خێرایی و ئەو دەرفەتەی بە بڵاوکردنەوەی دەقی نووسراو و دەنگ و وێنە خستوویەتە بەردەستی مرۆڤ، ئەگەر بە باشی کەڵکی لێوەربگیرێت، دەتوانێ خزمەتێکی باشی پێوەندییەکان و ئاڵوگۆڕی زانیاری و بڵاوکردنەوەی زانست بکات. بەڵام وەک زانستی"نێووکی" (ئەتومی) دەکرێت ببێتە هۆی سڕینەوەی کولتووری سیاسی، زانستی، نەتەوەیی، هونەری و....

## سۆشیال درۆ لە کوردستان:

لە کوردستان، سۆشیال میدیا وەک ئەو ناو و پێناسەیەی پێیەوە دەناسرێتەوە، ئەرکی خۆی جێبەجێ نەکردوە. بەڵکوو خێرا ئاوێتەی درۆ کراوە و خەریکە بە ڕێژەیەکی زۆر بە کۆنکرێتی دەبێت بە سۆشیال درۆ. ئەمەی من دەڵێم جیا لەو درۆ و دەلەسانەیە لە پێگە (ماڵپەڕ)ـە خاوەن ناسنامەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە. ئەوان "سۆشیال درۆ" نین و سۆشیال میدیای "درۆزن" و "چەواشەکار"ن.

بەشێکی دیار و سنووورداری سۆشیال میدیای خاوەن ناسنامە ئێستاش سەرچاوەی ڕاستگۆیی و تایبەتمەندییە باشەکانن. بەڵام سۆشیال درۆ ئەو لاپەڕە و ئەکاونتانە لە خۆ دەگرێت کە ناو و ناسنامەشیان درۆ و خوازراوە. کەس نازانێ هی کێن و هەموو زانیارییەکانیشیان لەسەر بنەمای درۆ بڵاو دەکرێتەوە. باسکردن لە سۆشیال میدیا و ڕاگەیاندنی ئێستا بە بەشە کەمە باشەکەی بەشە زۆر و هەراوە خراپەکەی، هەویرێکە دەریایەک ئاوی دەوێت. ئەم کورتە باسکردنەش تەنیا بەمەبەستی بیرهێنانەوەی ڕاستگۆیی "ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران" پێویست بوو."(ئەگەر لەدەستم بێت، لەدەرفەتێکی دیکەدا بەوردی باس لە جودایی نێوان سۆشیال میدیا و شێواندنی دەکەم.)

## درێژە پێدانی سیاسەتی ڕاستگۆیی ڕادیۆ دەنگی کوردستان وەک هەناسەدان پێویستە

لە کاتێکدا سۆشیال میدیا خەریکە بەهۆی بوونی بە "سۆشیالمیدیا درۆزن" و "سۆشیالدرۆ"، کۆمەڵگە و ڕەنگە خۆیشی لەبەریەک هەڵدەوشێنێت، درێژە پێدان بە سیاسەتی ساڵانی ڕابردووی "ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران" و کردنی بە نموونە

بۆ تەلەفزیۆن و "پێگەی ئینترنێتی" (بۆیە نالێم "ماڵپەڕ"، چوونکە "ماڵپەڕ" ڕێک بەمانای "Homepage" ی ئینگلیزی و"خانە"ی فارسییە بە مانای "لاپەڕەی سەرەکییە". )، وەک هەناسەهەڵکێشان پێویستە. ئەگەر وا نەکرێت، پەتای پشووسواری و خنکان هەموو ڕاگەیاندنی کوردی دەگرێتەوە.

لە سەردەمی کەمبوونەوەی لایەنگرانی ڕادیۆ و زیادبوونی ئەو کەسانەی لەگەڵ سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵن، بە ڕەچاوکردنی ڕاستگۆیی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، دەتوانن سۆشیال میدیاش بکەنە سەرچاوەی ڕاستگۆیی.

بە خۆشییەوە بەهۆی گواستنەوەی فریکۆنسی ڕادیۆ بۆ سەر شەپۆلەکانی FM و دەرفەتی بیستنی لە ئامێرەکانی مۆبایل و لە نێو ئۆتۆمبێلدا ئەم ئامێرە پێچەوانەی زۆر ئامێری دیکەی ڕاگەیاندن کە زوو خۆری بەختیان ئاوابوو، هەروا بەردەوامە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠٢٠

---

## ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران پیرۆز بێ.



**سەید عەلی هاشمی**

دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا، پادگانی مەهاباد کەوتە دەست کورد. بەشێک لە چەک و کەرەسەی شەڕی ئەو پادگانە لەلایەن شەهید سەید ڕەسووڵی دێهقان (بابی گەورە)وە هێنرانە دێیەکانی «سەیدئاوا» و«لگبن» لە ناوچەی نەغەدە. لە نێو ئەو دەستکەوتانەدا دەزگایەکی گەیاندن فرستەندەیەکی گەورەی تێدا دەبێت کە نازانن ئەوە بێسیمە یان شتێکیترە.

کاک سەید ڕەسووڵ دۆستایەتییەکی تایبەتی دەگەڵ ئاغا چکۆله کوری عەلیاغای پەسوێ دەبێ و پرسی پێدەکات کە چۆن بزانین ئەو دەزگایە چیە ئاغا چکۆلەی پەسوێ موهەندیس خەیاتی بە ڕەچەڵەک ئازەری، بە کاک سەید ڕەسووڵ دەناسێنێ و دڵێ ئەو ئەرتەشییە و دۆستی منە. کاک سەید رەسووڵ بە هاوکاری ئاغا چکۆلە بە دوای موهەندیسدا دەنێرێ و دەڵێ ئەو بێسیمە گەورە چیە؟ موهەندیس خەیاتی دەڵێ: ئەوە بێسیم نیە بەڵکوو ڕادیۆیە. کاک سەید ڕەسووڵ خەڵک کۆ دەکاتەوە و ڕادیۆ و کەرەسەکانی شەڕ بەشان و پیلی ئەوان لە گوندی لگبن ڕا بۆ دۆڵی بابەکراوێ دەبا. لە کێلێی سەرشاخان و لە دۆڵی بابەکراوێ لە نێو ئەشکەوتێک دا حەشاریان دەدات و چەند کەسێک لە خەڵکی دێی بۆ پاراستنیان دادەنێ.



سەرشاخان و دۆڵی بابەکراوێ جێگایەکی ئەمین و پارێزرا بوو و دوژمن هەروا بە ئاسانی نەی دەتوانی زەفەری پێ بەرێ. شەهید سەید ڕەسووڵی بابی گەورە و کاک سمایلی ئاغا مەجیدی لە تەداروکات و پێداویستی و هەڵسووڕانی رادیۆ دا نەخشی هەرە گەورەیان هەبوو. دوایە لە دۆڵی بابەکراوێ، بڕیاری گواستنەوەی ڕادیۆ درا و بە شان و کۆڵی خەڵکی بە ئەمەگی دۆڵی لگبن و سەرشاخان تەواوی داموودەزگای ڕادیۆیان بە داروبار گواستەوە بۆ کەڵەکووکەی سەرێ هەر لە ناوچەی سەرشاخان. بەرنامەکانی تاقیکردنەوەی ڕادیۆ لەوێ دەستی کرد بە بڵاو کردنەوە. لە ڕۆژی ١٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا یەکەم بەرنامەی تاقیکردنەوەی ڕادیۆ بە دەنگی هونەرمەندی گەورەی گەلی کورد نەمر محەممەدی مامڵێ بڵاو کرایەوە. چەند کادرێکی بە ئەمەگی حیزب وەک عومەری ئەمینی و موهەندیس خەیاتی بۆ چاوەدێری و سەروبەر کردنی ڕادیۆ دیاری کران.

جارێکی دیکەش ڕادیۆ بارگە و بنەی بۆ بەرزایەکانی قەڵاتی شای و ناوچەی دۆڵی شێخان گواستەوە و بە مشوور و پسپۆریی شەهید سەید ڕەسووڵی بابی گەورە لە «کانێ مام سەیدەی» دانرا.

رادیۆ یەکەم وەشانی رەسمی بەرنامەکانی خۆی لە ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی١٣٥٩ی هەتاویدا لە کانێ مام سەیدەی بە بەشداری ڕێبەری شەهید د. قاسملوو و هەروەها کادر و پێشمەرگەکان، شەهید سەید رەسووڵی دیهقان، موهەندیس خەیاتی، سمایلی ئاغا مەجیدی، محەممەدی وەیسی، خەلیل گادانی، وەستا ئەحمەدی داغەی، عومەر بەقایی، عومەر ئەمینی، پورئایشێ



خوشکی وەستا ئەحمەد ناسراو بە دایکی حیزب، ئامانە خان هاوسەری شەهید سەید رەسووڵی بابی گەورە و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە ڕادیۆیەکە بەناوی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ناودێر کرا (ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە)، ئەو دەنگە راستگۆ و هەقخوازە بە شمشاڵی قاله مەڕە و چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز و سروودی ئەی ڕەقیب و هەواڵەکان دەست بەکار بوو. ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران سەرنجی خەڵکی کوردستان و دەرەوەی کوردستانی بۆ ڕووداوەکانی ناو ئێران و کوردستان بۆ لای خۆی ڕاکێشا.



دوای ماوەیەک بڕیاردرا شوێنی ڕادیۆ لە دۆڵی شێخانەوە بگوازرێتەوە بۆ شیوەجۆ، نزیک دەفتەری سیاسیی ژمارە ١ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە دۆڵی دێمۆکڕات ناوبانگی دەرکردبوو.

ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، بە دەنگە بە سۆزو ئاشناکەی بۆ خەڵکی کوردستان، دەنگی خەدیجە مەعزووری، بابەتە سیاسیەکان بە قەڵەمی ڕێبەرانی شەهید و بەڕێزان عەبدوڵای حەسەن زادە و حەسەنی شەرەفی و کەریمی حیسامی وێژەری ڕادیۆ پەیکی ئێران و دەیان و سەدان نووسەری دیکە بوو بە ڕاگەیەنەرێکی سەرنجڕاکێش و جێی متمانە.




دەنگی دلێرانە و پێشمەرگانەی بەڕێزان تەها حەتیقی، ئەحمەد شێربەگی و پۆلا نانەوازادە دەیان کادر و وێژەری دیکە، دڵی گوێگرانی ئەو ڕادیۆیەیان وەک گوڵی بەهار پاراو دەکرد. ڕێژیمی ئێران هەمیشە بۆ کپ کردنی ئەو دەنگە بێوچان هەوڵی دەدا. لە سایەی پارێزگاری پۆلێک پێشمەرگەی ئازا و لەخۆ بوردوو، وەک عومەر بەقایی و عەلی شەم و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە کە خەو و خواردنیان لە خۆ حەرام کردبوو، ئەو دەنگە دوژمن تۆقێنە هەرگیز بێدەنگ نەکرا.

ڕادیۆ بێوچان شوێن گۆڕی پێدەکرا، کێلێی سەرشاخان و دۆڵی بابەکراوێ، کەڵەکوکەی سەرێ، کانێ مام سەیدەی، شیوەجۆ، ئاڵیەمەران، ئالانی سەردەشتێ، دوولکان، گەلاڵە، گەورە دێ، کۆیە و کەرکووک. لە هەمووی ئەو شوێنانەدا دەنگە بە هێزەکەی ڕادیۆ بێهێز نەکرا.



ئەوکات مێدیا و تەکنولۆژیا ئەوەندە پێشکەوتوو نەبوو کە بتوانێ ڕاستیەکان لەکاتی خۆیدا بۆ خەڵک بڵاو بکرێتەوە، بەڵام دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران ئەو کەلێنەی پڕ کردەوە و هەواڵەکانی بوو بە جێگای باوەری نەتەوەیەک، تەواوی زیانەکانی شەڕی داسەپاوی بەسەر گەلی کورد دا بە بێ کەم و زیادی بە سەرکەوتن و بەرکەوتن راستگۆیانە بڵاو دەکردەوە.




لەساڵەکانی ١٣٧٠ و٧٢و ٧٣ی هەتاویدا لە وڵاتی سوێد رادیۆیەکم کڕی، بە هەزاران کیلۆمیتر دوور لە نیشتمان، هەموو رۆژێک ئاگاداری سیاسەتی حیزبەکەمان و کوردستان دەبووین.

ڕاگەیاندراوەکانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانم بە بەرپرسانی کۆمیتەی حیزب لە سوێد دەدا، ئەو ڕاگەیاندراوانەی زۆر پێویست بووایەن، لەبەرم دەنووسینەوە و دەمدان بە کۆمیتەی حیزب.

بوونی ئەو دەنگە راستوێژە لە فەزای مێدیای پڕ لە سانسۆڕی ڕێژیمی داسەپاوی ئێراندا وەک گرینگترین دیاردەی بزووتنەوەی رەزگاری خوازی کورد ئەژمار دەکرێ. دەنگی کوردستانی ئێران کۆڵەکەیەکی پۆڵایین بوو لە بەرامبەر تەوژمی دەزگا تەبلیغیاتی و پڕ لە درۆ و چەواشەکارییەکانی ڕێژیمی ئێران لە دژی گەلی کورد و وەدرۆ خستنەوەی هەواڵە ناراستەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران.

دەنگی کوردستانی ئێران سیاسەتی چەپەڵ و دژی گەلیانەی ڕێژیمی دژ بە گەلی کورد لە سەر ڕێبازێکی راستگۆیانە و بە زمانێکی پاراو و بە ئەدەبیاتێکی خاوێن و بە دوور لە بێڕێزی، لە قاو دەدا. رۆڵێکی گرنگی لە پووچەڵکردنەوەی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی ڕێژیم لە دژی کورد هەوڵدانی ئەو ڕێژیمە بۆ سڕینەوە و تواندنەوەی گەلێک وەک گەلی کورد لەسەر زەوی

هەبووە.

ئەو کورتە یادە کە ئەوکات لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانم زەبت کردوە پێشکەشە بە هەموو کادر و پێشمەرگەکان و بەڕێوەبەرانی ماندوو نەناسی ئەو کات و ئێستای رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و ڕادیۆ دەنگی کوردستان، ئەو خزمەتە بەرچاوەیان، ئەو دەنگە ناسراوەیان لە بیر و هەستی نەتەوەکەمان دا بە زیندوویی دەمێنیتەوە.

پیرۆز بێ ٢٧ی جۆزەردان ناولێنان و دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران

٢٦ جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠٢٢

---

## ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەک ئاوێنەی مێژوویەکی پڕشنگدار



قادر وریا

ئەگەر حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان، ئەم قۆناخەی ئێستا تێپەڕێنن و، نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتمانەکەی خاوەنی ماف و بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێ، حەق وایە لە یەکەم هەنگاوەکانیاندا، مووزەخانەیەکی تایبەت بۆ ئەرشیفی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بکەنەوە. لە ماوی ٤٢ ساڵ تێکۆشان و بەردەوامیی ئەو رادیۆیە دا، دیارترین و


کاریگەرترین ڕێبەران و تیکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان، بە نووسین، بە پەیام و لێدوانی تایبەت یا وتوویژ، لە ڕێگای ئەم رادیۆیەوە قسەیان لە گەڵ خەڵکی کوردستان کردوە. ئەرشیڤی بووڵتەنی خەبەریی ڕۆژانەی ئەم ڕادیۆیە و وتار و لێکدانەوە سیاسییەکانی، پانۆرامای مێژوویەکی بە خوێن نووسراون کە شایەدی بۆ خۆڕاگریی جێی شانازیی بزووتنەوەیەکی هەراو بەرامبەر ڕێژیمێکی دڕندە و خوێنرێژ دەدەن. دەنگی دەیان و سەدان تێکۆشەر و قارەمانی نەتەوەکەمان، دەستنووسی دەیان و سەدان سیمای سیاسی و ڕووناکبیر، لە ئەرشیڤی ئەم رادیۆیە دا هەن. لەوانەیە یادگار و شوێنەواری هێندێک لەوان لە هیچ کوێی دیکە دەست نەکەوێ. ژیاننامەی سەدان فەرماندەری نیزامی و کادری سیاسی و هەزاران لاوی پێشمەرگە، ئەرشیڤی ئەم رادیۆیەیان دەوڵەمەند کردوە. زۆر لە گوێگرانی ئەم رادیۆیە شێعر و پەخشان و بیرەوەری و پرسیار و پێشنیار و جوانترین هەستەکانی خۆیان بە دەسخەتی خۆیان بۆ ئەم رادیۆیە ناردوە. ئەو ساتانەی جێگای تایبەتیان لە مێژووی حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورددا هەیە، لای ئەم رادیۆیە، شەقڵ و یادگاری تایبەت بە خۆیان جێ هێشتوە. تەنیا چاوخشاندنێک بە سەر لیستی دوور و درێژی ناوی ئەو کەسانەی وەک بەرپرس، بەڕێوەبەر، نووسەر، وەرگێڕ، بێژەر، ئەندازیار و کادری فەننی لەم رادیۆیەدا خزمەتیان کردوە، بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین کە رادیۆی دەنگی کوردستان کۆکەرەوە و مەکۆی چ هێزێکی گەورە و بە توانای ئینسانی بووە و، چ ڕۆڵێکی دیار و بە نرخی لە تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە تایبەتی لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ ی هەتاویی دا هەبووە.

لە ٤٢ ساڵەی دامەزران و بەردەوامیی ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا، پیرۆزبایی ئەم یادە لە هەموو هۆگران، دلسۆزان و پشتیوانانی سەردەمە جۆراوجۆرەکانی ئەم رادیۆیە دەکەین. بە ڕێزەوە یادی زەحمەت و ماندووبوونی بەشدارانی نێو ئەو کاروانەی تێکۆشان لە هەموو ئاستێک دا دەکەینەوە. ئەوانەی شەهید بوون، یا بە مەرگی ئاسایی بە جێیان هێشتووین، سڵاو بۆ گیانی پاک و یادی نەمریان دەنێرین. بۆ خودی رادیۆکەش بەردەوامی و بووژانەوە و، ڕۆڵێکی کاریگەرتر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ بۆ داهاتووی بە ئاوات دەخوازین.

٢٧ی جۆزەردانی ١٤٠١

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠٢٢

# کونە بۆرو دەنگی کوردستانی ئێران



ئەحمەد شێربەگی

ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێران دوو مانگ لە دامەزرانی تێپەڕیبوو میکرۆفۆنی نەبوو. دوو تۆمارکەری دەنگ (ضبط صوت) ی کۆنی هەبوو کە زۆرربەی ماڵانی ئەوسەردەمە هەیانبوو کە هەم ڕادیو بوو هەمیش شریتی گۆرانی پێ لێدەدرا. دوایی خێرخوازێکی ئەندامی یەکێتی لاوان بەناوی "خوسرەو ە" میکرۆفۆنێکیان هەبوو داوای کردبوو لە مەهاباد ڕا بۆی بنێرن وپێشکەشی دەنگی کوردستانی بکات. هاوکات لەگەڵ میکرۆفۆن دەزگایەکی دیکی AKAI یش بۆ ڕادیو کرڕدرا، ئەوسەردەمە حوسێن ڕەهبەر تۆماری دەنگی دەکرد. حوسێنیش بۆ ئەوەی لێمان حاڵی کات کە ئەم دەزگایە پێشکەوتووو مۆدێرنە کاسکێکی گەورەی ئەرتەشیشی لە سەری دەکرد وەک ئەوەی لە پشتی فڕۆکەی F-16 دانیشتبێ بە ئاماژەی دەستی وێژەریمان دەست پێ دەکرد. ئەم ئاڵوگۆڕە چووکەیە توانی تارادەیەکی بەرچاو چەندیی وچۆنیی تۆماری بەرنامەکانی دەنگی کوردستان بگۆڕێ. بەڵام کێشەی هەرە گەورە ئەوە بوو کە دەنگە دەنگی دەورووبەریش زۆرجار تۆمار دەکردرا. بۆ ئەمەش لە بیری دروستکردنی جێگایەک لە ژووری تۆمارگە کەوتین کە ئەمە دەنگە زیادیانە بگرێ. هەر بۆیە لە گوندی دوولکانی ئالانی سەردەشت بۆ یەکەم جار کونێکیان لە تەختە بە بەرینایی میترونیوێک وبەرزیی بالای مرۆڤێکی مامناوەندی دروست کردو نێو ژوورەکەشیان بە پەتوو داپۆشی. کە دەنگە کەکپ کات.

هەرکام لە بێژەرەکان لە نۆرەی خۆی دا بە خۆ چەماندنەوە دەچووە نێوکونە بۆر و بابەتەکانی ئەوڕۆژەی خۆی دەخوێندەوە. لە شەستەکاندا هێزەکانی پێشمەرگەی دێمۆکرات لە هەمووناوچەکانی کوردستان بە چڕی کەوتبنوونە جمو جۆڵ و قووڵەیان بە پەلامار دەرانی کوردستان دەکرد، چالاکی پێشمەرگە ئەوەندە ڕووی لە زیاد بوون دابوو کە بۆئەوەی هەواڵەکان کۆن نەبن و گەرماوگەرم بگەیەندرێتە گوێگرەکانی، زۆر جار بەرنامەی لێکدانەوەی سیاسی وتەنانەت بەشی کورمانجیش

**هەڵدەگیراو هەمووی تەرخان دەکرا بە خوێندنەوەی هەواڵەکان...**

**هاوینان ئەوکونە کە گڵۆپێکی تێدا دایسا زۆر گەرم دادەهات، بەتایبەتی ئەوکاتەی لە گەورێ دێی باشووری کوردستان ن پلەی گەرما دەگەیشتە سەرووی ٤٥پلە، ژوورەکەش دەبوو بە مەنجەنیق، پەنجا خولەکیش بێژەری کردن ئەویش نەک بە حاڵەتی ئاسایی، بەڵکوو بە دەنگ هەڵبرین و نەڕاندن وگورە گور کردن لەنێو ئەومەنجەنیقەدا تەواوێک شپرزەی دەکردم، تەواوی جەستەم وسەر عارەقی دەگەرا زۆر جار گەرماکە شالاوی بۆ دێنام ناچار دەبووم جلو بەرگەکانم لەخۆم داماڵم و بە تای تنۆکەیەکی دانیشم و وێژەری بکەم...**

**پێکەنینم بەو وەزعەی خۆم دادەهات و لە دڵی خۆم دا دەمکوت:**

**ئێستا خەڵکی کوردستان و گوێگرەکان وەدەزانن شێربەگی لەناوئەشکەتێکی دایەو بە ڕەختو فیشەکدان وتفەنگەوە خەریکی خوێندنەوەی هەواڵەکانە...**
**یادی ئەوسەردەمە بە خێر کە دڵەکان گرێدراوی یەک بوون، کۆمەڵێک مرۆڤی خۆبەخش لە بێگەیاندنی دەنگی کوردستان دا وەک مۆم هێدی هێدی دەتوانەوە...**
**یادی ٤٢ ساڵەی دامەزرانی دەنگی کوردستای ئێران پیرۆز بێ...**

**سڵاو لە دامەزرێنەرانی ولە هەموونەوانەی ئەم دەنگەیان ڕەساتر کردو گەیاندیانە ئەمرۆ......**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠٢٢**

# "ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە"



**عەلی فەتحی**

لەسەر قوتەشاخێک بووین، ١٩٨٥ - ١٩٨٦ ، چەک و جبەخانەمان لەخۆن بوو، قوتابخانە و کوچکی ئاوریش هەروەها. کانیاویش لە داوینی خوارەوە. قەل و داڵی مام سامانی ئەو دۆڵەی داگرتبوو و شەڕابە دەستکردەکەشی کەڵی لە پێدەخست، وەهای سەرخۆشدەکرد. چ زۆر بوو نیسک و نۆک و باقلە، ئاگریش بە داربەڕووی دۆڵەکە. لەو بەرزاییە میوانی خودای بووین و هەربۆیەش زووتر لەهەر شوێنێکی دیکەی ئەو دەڤەرە دەکەوتینە بەر ڕهێڵەی تۆپەکانی عێراق و بۆمبەکانی ئێران! پێشمەرگەکان بەردەوام سەرقاڵی پاسەوانی دەبوون و ئێمەش ماتۆڕ و دەزگاکانمان هەڵدەکرد و دوای چەند گۆرانییەک و کورتە شمشاڵێکی قالەمەڕەی نەمر، ئەوجار ڕادیۆکەمان پڕ بە زاری پێشمەرگە هاواری لێهەڵدەستا:

**"ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە"**

زستان با یا هاوین، بەفرباریبا یان باران، فەرقی نەدەکرد و پێنجی بەیانی ڕادەبووین و گڕڕەمان وەماتۆڕەکان دەخست و کارەبامان بۆ دەزگاکانی ڕادیۆ بەرێدەکرد.

من وەکوو خۆم. دواتر لەگەڵ پێشمەرگە خوێشیرینەکان سەرقاڵی چایی خواردنەوە و یەکدوو وانەیەکیش لە خوێندن دەبووم.

پاشان کۆترەکانم ئازاددەکرد و بەرەو هەناوی ئاسمان بەرزدەبوونەوە و دەگەڕانەوە لام. ڕێبەرە شەهیدە خۆشەویستەکان، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی نێوەنێوە سەردانێکیان دەکردین. موهەندیس خەیاتیش ڕوحی شادبێ، هەموو خەم و خەیاڵی ئەویش، کۆشکە بەرزەکەی ئێمە بوو. دوو دەزگای قەدیمیی پادگانی نیزامی مەهاباد و بێسیمێک، خۆی دەیگوت: بچەهایم ! (مناڵەکانم)...


* * *

هەر لێرەوە دەڵێم ٢٧ی جۆزەدان ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران پیرۆزبێ و ڕوحی هەموو ئەوانەی لە ژیاندا نەماون شاد و یادی خۆشەویستانی پێشمەرگە و کادرەکانیش بەخێر و هیوام لەشساغی و گەشی و تەمەندرێژییانە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠٢٢

---

## مەهەندیس ڕەزا خەیاتی، دایکی رووسووری رادیۆی "دەنگی کوردستانی ئێران"



ئەحمەد شێربەگی

ئەمرۆ بەپوولەی رووحی لە گەل شەپۆلەکانی ئەو دەنگە شوڕشگێرو بەرزەفڕە باڵی گرت و هەردی نیشتمانی جێهێشت...

دایکێک کە شەو و ڕۆژ بەدیار بێشکەی ڕۆڵەتاقانە کەی دادەنیشت و ونەوزی دەداو مێهرەبانانە شیری پاکی بە زارێوە دەکرد

هەتاچـاو لە دەسـت نەبـێ... دایکێـک کە لە دژوارتـرین سـاتەکانی شـۆڕش دا وەک مۆمێـک بـۆی پێگەیانـدنی دەسـووتاو دەتوایەوە،

بێ ئۆقرە بوو کە کۆرپە خۆشەویستەکەی گڕوگاڵی بێ، پێبگرێ و باڵا بکات...

ئەوەی ئەودایکە بەڕحمە،ئەوەی ئەودایکە مێهرەبانە بۆ پێگەیاندنی ئەو دەنگە شوڕشگێرە کردی کەس نەیتوانی بیکا. ئەو شەپۆلەکانی رادیـۆی دەکـردە چەکـی بەرگـری پێشـمەرگەی هەتـا شـەری ئـازادی پێـبکەن. ئەو شـەپۆلەکانی ئەورادیـۆیەی کردبوەبـاڵی بە هێزی ئەو تەوارانە کە هەڵفرن وکۆتـایی بە نابەرامبەریەکـان بێنن. . کەسێ کە بیری لە رەگەز،لە زمان ولە ئـایین نەدەکـردوە ، کەسێ کە سنوورەکانی فیداکاری بـڕی و لـووتکەی ئینساندۆستی داگیـر کرد،کەسێک کە دڵـی بـۆ خۆشەویستی کەرامەتی ئینسان لێدەدا و ئازادیی ئینسان بۆ ئەو لە هەموو شتێکی پڕبایەختر بوو.

نەمر مەهەنـدیس رەزا خەیـاتی لەرێگـای ئـازادیی کورسـتان دا ڕەنجێکی زۆری کێشـاو زۆری لە خـۆی مـایە دانـا، بە دڵنیـایی مێژووی خەبـاتی ڕزگـاریخوازیی کورد هەتـا هەتـایە بە شانازی یەوە باسی ئەو نەمرە دەکات و چیرۆکی وانەکانی ئینسادۆستی و کـورد دۆسـتی بـۆ نەوەکـانی داهـاتووی ئەم گەلە دەگوێژێتەوە...یـاد وبیـرەوەری هاوسـەنگەری لەمیـژینەم مەهـنەدیس رەزا خەیـاتی بەخێـرو هەزارن چەپـکە گـوڵی ڕێـزو ئەمەگ بـۆ سـەر گڵکـۆکەی وبەرامـبەر بە رووحە مەزنەکەی سـەری کڕنـۆش دادەنوێنم ...

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## بەشێک لە ناوی دامەزرێنەر؛ بێژەران، پشتیوانان و بەڕێوەبەرانی

## ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران.

# چەند وتەیەک



**کاووس عەزیزی**

**خوێنەری هێژا**

هەروەک پێشتر قەولم دابوو، لە گەڵ ئەوەی کە لەو بارەوە کەمترین زانیاریم هەیە، بەڵام بۆ هاندانی هاوڕێیان و ئەو کەسانەی کە ساڵانێکی زۆر لەم ڕادیۆ پڕ لە سەرەوەری یەدا کاریان کردووە، تا بەڵکوو خۆیان هەوڵ بدەن مێژوویی ئەم دەزگایە و زەحمەتەکانی ئەو ئینسانە تێکۆشەرانە بنووسنەوە و بیکەن بە ئارشیڤێکی بە نرخی خەباتەکەمان، دەستم داوەتە ئەم کارە. بە داخەوە تا ئێستا کەمترین هاوکاریم کراوە لەو بارەوە. بەڵام بریارم داوە و کاری بۆ دەکەم. سەرکەوتنیش بەدەست من نیە.

بێ گومان ئەوە نە لە توانایی من دایە و تەنانەت ڕەنگە ئەرکی منیش نەبێ، بەڵام تەنیا ئامانجم ئەوەیە کە لانی کەم ناوی ئەو کەسانە بکەمە لیستێک و نەسلەکانی داهاتوو بزانن ئەوانە کێ بوون کە ئەو هەموو فیداکاری یەیان دەکرد،

ئەوانە کێ بوون کە بەدەزگایەکی کز و لاواز، بەربەرەکانیان لە گەڵ ڕاگەیاندنێکی زل و زەبەلاحی دوژمن دا دەکرد و تەنانەت بیسەری ئەو ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانە زۆرتر بوون لە هی دوژمن(مەبەستم لە کوردستانە).

ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دووجار تووشی داخران هاتووە. جاری یەکەم لە زستانی ساڵی ١٩٩٥ بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ، لە لایەن یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانەوە و جاری دووهەمیش هەر لە لایەن ئەوانەوە و لە ساڵی ١٩٩٥ کە ماوەیەکی زۆری پێچوو تا دووبارە لە شوێنێکی دیکەی بە دەر لە دەسەڵاتی ئەوان کرایەوە. جارێکیش لە ٦ - ١٢ - ٢٠٠٦ دا بۆ یەکەم جار تووشی دابەشینی دەزگا و کەرستەکانی هاتووە.دیارە ئەوە باسێکی دیکەیە و لێی دەگەڕێین.

پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە تا دەیەی ئەخیر ڕادیۆ کۆمیسیۆنی سەربەخۆی نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لە کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. بۆیە بەرپرسی ئەو کۆمیسیۆنە ڕاستەو خۆ بەرپرسی رادیۆش بووە. ئێستا کۆمیسیۆنی ڕادیۆ هەیە و تایبەتە بە کار وباری ڕادیۆ.

بەڵام با گلەیی یەکیش لە هاوڕێیانی ئێستای ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بکەم کە هیچ هاوکاریەکیان نەکردم. جا نازانم کارەکەی من بایەغێکی ئەوتۆی نیە، یان ئەوان هەست بە گرینگی بایەغ دان بەو دەزگایە دا جۆرێکی دیکە بیر دەکەنەوە؟ هیوادارم کە بەشی یەکەم بێت. سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی کە هەر چەند بە کورتیش بێت هاوکاری یان کردم. بێگومان ئەو پرۆژەیە کاری کەسێکی وەک من بە تەنها نیە و بگرە کاری کەسانی شارەزایە لەو بوارەدا. بەڵام هەوڵ دەدەم کە بەردەوام بم بە هاوکاریی ئێوە. مەگەر حەزرەتی ئیزرائیل ئیزنم پێ نەدا دەنا درێژەی پێ دەدەم، ئەگەریش تەمەن بەشی نەکرد جیلی داهاتووی نەتەوەکەم تەواوی دەکەن.

kavosazizi@hotmail.com
www.peshmergekan.com

---

## كاك دوكتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو.

**ورمێ: ١**



ئەو كه داهێنەری زۆر بیر و هزری تازه بووه له حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران دا، دانانی ڕادیۆ دەنگی كوردستانیش تا ئەوەی كه بیستوومه و ئاگادارم، هەر پێشنیار و هەوڵی ئەو ڕێبەره بووه. سەرەتا به هیندێک كەرەسته و دەزگایەک كه له بەر دەستیان دابووه، له ڕێگای دۆستێكی نیزیكی خۆی كه موهەندیسه، هەوڵی دانانی ڕادیۆ دەدەن. (دواتر باسی ئەوموهەندیسه دەكەم)

كاك دوكتۆر دوای دامەزرانی ڕادیۆ، هەتا ئەو ڕۆژەی كه له ژیان دابوو، هاوكار، ڕێنوێن، نووسەر و پشت وپەنای ڕادیۆ بوو. ئەو كاری زۆری بۆ ڕادیۆ كرد و به حەق كەلكی چاكیشی بۆ ناساندنی خەباتەكەی لەو ڕادیۆ یه وەرگرت. قەت غافڵ نەبوو له ئەهەمییەت دان و كارا كردنی ڕادیۆ دا. دواتر و له سەرەتایی ساڵی ١٩٨٧( ١٣٦٥) دا دیسان به هیمەتی كاك دوكتۆر و هاوكاریی دۆستانی حیزب له ناوخۆ و دەرەوه دەزگایەكی ١٠ كیلۆواتی یان كڕی كه هەتا ئێستاش هەر ئەو دەزگایه كار دەكا. ڕادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران به پەیامێكی ئەو له ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ دەستی به كارەكانی كرد.كاك دوكتۆر قاسملوو، جگه له هەردوو زاراوی سەرەكیی كرمانجی سەروو و خواروو، زمانی فارسی، توركی، ڕووسی، عەرەبی، ئینگلیزی، چێكی، سلۆڤاكی، فەڕانسەیی به باشی زانیوه.

ساڵی تیرۆر: ١٣ی جوولای ١٩٨٩ (ڤییەن)

## کاک دوکتۆر سادقی شەڕەفکەندنی (کاک سەعید).

**بۆکان: ٢**



یار و یاوەری هەمیشەیی ڕادیۆ. ئەو هەر لە سەرەتایی دامەزرانی یەوە تا دواساتەکانی ژیانی وەک باوکی ڕادیۆ وابوو. بە قەولی کاک تەهای نەمر کە دەیگوت: کاک سەعید ڕادیۆ دەنگی گوردستانی وەک منالێک پەروەردەی کرد. دیارە بە حەق واش بوو.


کاک سەعید بەرپرس و نووسەر، ڕێنوێن ومۆدیری ڕادیۆ، خەمخۆری دڵسۆز و ماندووی نەناس کە ڕۆژە سەختەکانی تەمەنی ڕادیۆ، گیروگرفت و کەم و کوڕی یەکانی ڕادیۆ هەمووی قورساییان لە سەر شانی ئەو ڕێبەرە سادق و دڵسۆز و کەم ئیدیعایە بوون. شەو ورۆژ بۆ ئەو فەرقی نەبوو، ئەو تەواوی هەوڵی ئەوە بوو کە ڕادیۆ بەرەو پێش بچێ. قورسایی بابەتەسیاسی یەکانی ڕادیۆ لە ئەستۆی ئەو بوو.

بە کورتی دەتوانم بڵێم کە کاک سەعید خەمخۆری ڕاستەقینە ی ڕادیۆ بوو. زۆرترین ساڵ لە تەمەنی ڕادیۆ دا کاک دوکتۆر شەرەفکەندی بەرپرس و نووسەر ی بوو، دیارە تا ئەوکاتی. دڵنیام کە ئەگەر ڕۆژێک کەسانێک کە لە ڕادیۆ هاوکاری کاک سەعید بوون، باس لە ماندووی نەناسیی ئەو لە ڕادیۆ بکەن، سەدان لاپەڕە هەڵدەگرێ، زۆر لایەن هەیە کە ئەوان لێی دەزانن و هەر بە شاراوەی ماونەتەوە. هیوادارم ئەو ئازیزانە ئەو کارە بکەن. کاک دوکتۆر سەعید جگە لە کوردی، زمانی فارسی، تورکی، فەڕانسەی و ئینگلیزی بە باشی دەزانی.

سالّی تیرۆر: ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ (برلین - میکۆنووس)

## کاک مستەفا هیجری.

**نەغەدە: ٣**



یەکەم بێژەر و یەکێک لە هاوکار و خەمخۆرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران. یەکەم ساتی دەست پێکردنی بەرنامەکانی ڕادیۆ، ئەو بێژەر و یەکەم جار گوتی: ئێره دەنگی کوردستانی ئێرانه، ئێستا به پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب کاک دوکتۆر قاسملوو بەرنامەکانی ڕادیۆ به ڕەسمی دەست پێ دەکا.

هەر وەها لە خودی دامەزران و خستنه کاری ڕادیۆ دا لە هاوکارانی بووه. جگه لەوەی کە لە جیلی یەکەمی بێژەران و بەرپرسانی ڕادیۆ یه، لە تەواوی تەمەنی ڕادیۆ دا، ئەو هاوکار ی نیزیکی ڕادیۆ بۆوه. لە نووسینی بابەت و وتار دا، لە بە سەر کردنەوه و ڕینوێنی کردن، دابین کردنی کەرەسته و پێداویستی یەکانەوه بگره هەتا ئاخیر. ئێستاش کاک مستەفا هیجری جگەلەوەی کە سکرتێری گشتیی حیزبە، یەکێک لە خەمخۆرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانە. بە گوێرەی ئیمکاناتی حیزبەکەی، بە دایم لە هەوڵی گەشه پێدانی کار و تێکۆشانی ڕادیۆ دایە. کاک مستەفا جگه لە کوردی، زمانی فارسی، تورکی وئینگلیزی به باشی دەزانێ.

# کاک دوکتۆر حوسەین خەلیقی

**سنه: ٤**




کاک دوکتۆر یەکێک لە نووسەرانی ساڵانی دەستپێکی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانه. هەر وەک خۆی زۆر بە درێژی لە سەری نووسیوە، لە سەردەمانێکی دژواری تەمەنی ڕادیۆ دا کاک دوکتۆر کاری تێدا کردووە.

ئەوەی بزانم یەکێک لە نووسەرانی دایمی ڕادیۆش بووە تا ئەوکاتەی لە کوردستان بووە. من لە سەر کاک دوکتۆر زیاتر لەوەی نانووسم، چوونکی هەم خۆی زۆری لە سەر نووسیوە و هەم کەمی لە سەر دەزانم. تەنیا ئەوەی دەزانم کە خۆی نووسیوە. دەزانم کە کاک دوکتۆر لە بەشە سادەکانی ڕادیۆ ڕا بگرە هەتا نووسین، نەخشی هەبووە. کاک دوکتۆر خاوەن دەیان کتێب ونووسراوەی زانستی و لێکۆڵینەوەیە کە کتێبخانەی کوردی و جیلی داهاتوو فەخری پێوە دەکەن و لەو دەریای زانستە بەهرەمەند دەبنەوە. کاک دوکتۆر تا ئەو کاتەی لە کوردستان خەباتی کردووە(١٩٩٣) لە نووسەرانی ئەو دەنگە بووە.

## مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە.

**سەردەشت: ٥**




مامۆستا یەکێکی دیکه له بەرپرسانی چەندین ساڵەی ڕادیۆ، نووسەری هەمیشەی و هاوکارو ڕێنوێنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانه. له کەس شاراوه نیه که مامۆستا خاوەن قەڵەمێکی دیاری نیو ڕیزەکانی حیزب بووه که ساڵانێکی درێژ بەرپرسایەتیی ڕادیۆی له ئەستۆ بووه. بەشێکی زۆر له ئەدەبیاتی بابەت و هەواڵی ڕادیۆ بەرهەمی قەڵەمی مامۆستایه. چوونکی ئەو شارەزایی یەکی زۆری له سەر ئەو ئەدەبیاته دا هەیه که زۆرترین بەشی ڕادیۆی پێی بەڕیوه دەچێ، ئەویش ئەدەبیاتی ناوچەی موکریانه. ئەو چ وەک بەرپرس و چ وەک نووسەرێکی هەمیشەیی رادیۆ، به دایم و له نیزیکەوه هاوکار و ڕێنوێن و خەمخۆری ڕادیۆ بووه. مامۆستا نووسەر و وەرگێری دەیان کتێبی جۆراوجۆره بۆ سەر زمانی کوردی.

بۆیه هەرکات باس له ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بکرێ، بێ گومان ناوی مامۆستا حەسەن زاده له ڕیزی پێشەوەیه و جێ پەنجەیەکی دیاری له کار و تێکۆشانی ڕادیۆ دا هەبووه و نەخشێکی بەرچاوی له گەشەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دا هەبووه. مامۆستا حەسەن زاده، جگه له کوردی، زمانی فارسی وعەرەبی به باشی دەزانێ.

## کاک کەریم حیسامی

**مەهاباد: ٦**



تێکۆشەری ناسراو و نووسەری بە توانای ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاک کەریم حیسامی وەک زۆر مەیدانی دیکەی تێکۆشان، لە نووسەران وهاوکارانی دەستپێکی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بووه.

دیاره ساڵانی زووش تا ئەو جێگایەی کە من بیستوومە کاک کەریم یەکێک لە هاوکاران وبێژەرانی( رادیو پیک ایران) رادیۆی حیزبی توودەی ئیران بووه.

کاک کەریم کە بۆ هەر کوردێکی ئۆگری قەلەم سیمایەکی ئاشنا بوو، ئەو لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا خاوەن توانا و بەهرەیەکی زۆر بووه، هەتا ئێستاش کە بەداخەوە لە ژیان دا نەماوه، نووسراوە و بەرهەمەکانی ئامۆژگار و ڕووناک کەرەوەی ڕێگای خەباتن.

لەبەر ئەوەی کە نامەوێ لە دەریای نووسینەکانی هیچ شتێک هەڵێنجم و لەو نووسراوەیە دا بنێم، هەر ئەوەندە دەڵێم کە کاک کەریمی حیسامی خەباتکاری زۆر مەیدان بووه، بە تایبەتی قەڵەم. کاک کەریم هەر لە دامەزرانی رادیۆ هەتا ساڵی ١٩٨٣ کە کوردستان بە جێ دێڵێ لە نووسەرانی ڕادیۆ و باقی ڕاگەیاندنی حیزب بووه.

ڕووحی شاد.

# کاک موهەندیس ڕەزا خەییاتی

**ورمێ: ٧**



یەکەمین و هەتا ئەم لەحزەیەش موهەندیسی تاقانەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانە. خەییاتی ناوێکی ئاشنایە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە سەردەمێک لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا خەباتیان کردووە. ئەو موهەندیسێکی ئازەری زمانە و لە دایک بووی شاری خۆیە (خوی) و لە دۆستانی سەردەمی منداڵیی شەهید دوکتۆر قاسملوویە. سەردەمی ڕیژیمی پاشایەتی موهەندیس بووە لە ئەرتەش دا. هەر کە بیری دامەزرانی رادیۆ لای دوکتۆر قاسملوو دوروست دەبێ، دەکەوێتەوە فکری ئەوەی کە موهەندیسێکی شارەزا بۆ دامەزران ودەست بەکار کردنی ڕادیۆ بدۆزێتەوە. ئەوەیە کە پەنا بۆ موهەندیس خەیاتیی کۆنە دۆستەکەی دەبا و داوای لێ دەکا، بەس وەرە ڕادیۆمان بۆ دامەزرێنە و یەک مانگ لەوێ بمێنە تا چەند کەسێک فێری کاری تێنیکی دەکەی. بە قەولی خۆدی موهەندیس کە دەڵێ: دوکتۆر قاسملوو بۆ یەک مانگ منی هێنابوو، بەلام یەک مانگەکە بووبە ٣٠ ساڵ.

سەرەتا ئەو بە چەند دەزگا بێسیم و دەزگایەک کە لە پادگانی مەهاباد دا کەوتبووە دەست حیزب، ڕادیۆیەکی سادە و ساکار دوروست دەکا و دەیخاتە کارەوە، وردە وردە دەزگای دیکە لە لایەن حیزبەوە دابین دەکرێن، رادیۆ کەش بە هەوڵ و ماندووبوونی ئەو ئینسانە پاک و خۆ نەویستە پێ دەگرێ و گەشە دەکات.

موهەندیس خەییاتی لە گەل ئەوەی کە دوور بووە لە بنەماڵەکەی، تەمەنی لە سەرێ بووە، کەمترین ئیمکاناتی ژیانی لە بەر دەست دا بووە، تەنانەت زمانی دەوروو بەر وهاوکارەکانیشی بە باشی نەزانیوە، بەلام بەو پەڕی دڵسۆزی و بە بێ هیچ

چاوەڕوانی و بەرامبەرێک، تەنانەت دەست خۆشی یەک زیاتر لە ٣١ ساڵە شاخە و شاخ ڕادیۆی هێناوە. ئەو زۆر جار کەرەستەی ساددەی کارەکەشی نەبووە، بەڵام درێژەی بە کارەکەی داوە.

لە سەر موهەندیس خەییاتی نووسین کارێکی زۆر سەختە، چوونکی داستانی فیداکاریی ئینسانێکی لێهاتوویە کە تەمەنێکی زۆر خزمەتی بە گەل نیشتیمانی کوردانی کردووە. خزمەتی بە میللەتێکی زوڵم لێکراوی کردووە. کاک موهوندس، جگە لە زمانی تورکی، زمانی فارسی و ئینگلیزی بە باشی دەزانێ.

بۆ ئاگاداریی خوێنەران کاتێک کە ئەمیری کوڕی و ئیلهام چاپچیی بووکی مەجالی مانەوەیان لە ناوخۆی وڵات نەبوو وهاتن پەنایان بۆ باشووری کوردستان هێنا تا بەڵکوو لەو ڕیگایەوە بگەنە دەرەوەی وڵات، بەڵام خودی کاک موهەندیس خەییاتی، نەک هاوکاریی نەکردن بۆ چوونە دەرەوە، بەڵکوو هەردووکیانی هێنایە نێو ڕیزەکانی حیزب و ئێستا هەم ئەمیر و هەم ئیلهام، دووکادری بەوەجی حیزبن لە بواری ڕاگەیاندن و تێکۆشانی سیاسی دا. ئەوەش نموونەیەکی دیکەیە لە گەورەیی کاک موهەندیس خەییاتی یە.

موهەندیس خەییاتی لە دایک بووی ساڵی ١٣١٤ی هەتاوی لە شاری خۆی یە. بە داخەوە لە ١٦ - ١١ - ٢٠١٣ لە شاری کۆیە بە هۆی ڕووداوی ماشێن شەهید بوو و لە گۆڕستانی شەهیدانی دێمۆکرات بە خاک سپێردرا.

ڕووحی شاد

# کاک مستەفا شەڵماشی

**سەردەشت: ٨**



له پێشدا داوای لێبوردن لەو تێکۆشەره دەکەم کە پێشتر نەمدەزانی بەڕێزیان ساڵانێکی زۆر وەک نووسەر و بەرپرسی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاریان کردووه. دیاره دەبوایه زیاتر هەوڵم بدایه، بەڵام کەمتەر خەمی لای من بووه.

کاک مستەفا لەو کادرانەی گەلەکەمانه کە لە زۆر بوارو مەیدان دا خەباتی کردووه وپەروەردەی قوتابخانەی شەهید مەلا ئاوارەی تێکۆشەری خەباتی ٤٦ - ١٣٤٧ ی حیزبه.

هەر وەک خۆی لە ئیمالێک بۆی نووسیوم، دوای گواستنەوەی ڕادیۆ لە ناوچەکانی مەهاباد بۆ ناوچەکانی سەردەشت ودواتریش باشووری کوردستان(١٩٨٣)، کاک مستەفا هەم وەک بەرپرسی ڕاستەو خۆی ڕادیۆ، هەم ئەوکات، هەم پێشتر و دواتریش تا دوای کۆنگرەی ٧ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، کە کاک مستەفا ڕوو دەکاتە هەندەران(١٩٨٧) بە پێی مەوقعیەتی حیزبی کە هەیبووه، یەکێک لە نووسەران و هاوکارانی هەمیشەی ڕادیۆ بووه.

ئەو بەڕێزه دواتریش و ئێستاش لە زۆر بوارەوه کەسێکی نیزیک لە میدیا و ڕاگەیاندن بووه و هەیه.

کاک مستەفا دوای چوونە دەرەوەی وڵات، درێژەی بە خوێندنەکەی داوه و توانیویەتی خوێندنی زانکۆ تەواو بکات و لە سەر چەندین زمان دا شارەزایی چاکی هەیه وەک: کوردی، فارسی و ئەو زمانانەی کە لە وڵاتی

هولەنـد هەیـە. هـەر وەهـا کـاک مسـتەفا لـەو تێکۆشـەرانە بـووە کـە بـۆ پێـک هێنـانی کـۆنگرەی نەتـەوەیی کـارێکی زۆری کردووە و ئێستاش لە کەسایەتی یە سیاسیە دیارەکانی نێو بزووتنەوەی کوردە.

ئەوەش کورتەیەک لە ئیمایلی بەرێزیان:

"ئـەمن هـەر لـە سـەرەتای دامەزرانـدنی ڕادیـۆ دا لـە دۆڵەشـێخان ڕا هـەتا گـەورەدێ حەوتوانـە تەفسـیری سیاسـیم بـۆ نووسیوە وەک نووسەر. جگە لەو کاتە لە ئالان بووین بۆ ماوەیەکی درێژ بەرپرسی گشتی ڕادیۆ بوم.

---

## کاک تەها عەتیقی

**مەهاباد: ٩**



ئەو کە بە کۆڵەکەی ڕادیـۆ دەناسـرا، هـەر لـە یەکـەم ڕۆژی دەست بـەکار بـوونی ئـەم ڕادیـۆە یـە دا و بـە حـوکمی ئـەوەی کە تەجرەبەی ڕابردوویی کە لـە ڕادیـۆی مەهاباد دا هـەیبوو، لـە ڕادیـۆدەنگی کوردسـتانی ئێـران دەسـت بـەکار بـوو. کـاک تـەها خـاوەن قەڵـەم و کـوردیزانێکی بـە توانـا و بـە سـەر زمـانی فارسـی دا زۆر زاڵ بـوو. زمـانی تـورکی ئـازەریی زۆر بـە چـاکی دەیزانی. بۆیە کاک تەها مەیدیانی کار و مۆدیریەتی بـەرین بـوو. بـە هـۆی توانـا ولێهـاتووی کـاک تـەها، زۆر لـە هاوڕێیـان وبەتایبەت ڕێبەرانی شەهید داوایان لێ دەکرد کە لە بەرپرسایەتیی دیکە دا کار بکات، بەڵام ئەو کە گرینگیی ڕادیـۆی بـە

چاکی دەیزانی، وڵامی ئەوە بوو کە ئەرک وبەرپرسایەتیی لە ڕادیـۆ دەنگی کوردستان گەورەترم نـابێ و پێویسـته لـه رادیـۆ کار بکەم.


بۆ ماوەی ١٤ ساڵ (١٣٥٩ تا ١٣٧٣) ئەو ئینسانه دلسۆزه به هەموو توانایەکی کە هەیبوو کـاری ڕادیـۆی ڕادەپەرانـد. هـەم نووسەر بوو، هەم کارگێری داخیلی بوو، هەم وەرگێر و هەم بەڕێوەبەری بەرنامەی وڵامی نامەی گوێگره کان. کاک تەها هەر چەند خاوەن قەڵەمێکی بە هێز بوو، بەداخەوە بیـرەوەری یـەکانی نەنووسـی و ماڵئـاوایی لـێ کـردن ئـاخر ڕۆژەکـانی سـاڵی ٢٠٠٩ له وڵاتی سوییس. نووسینی ئەو هەموو خزمەت و زەحمەتانەی کـاک تـەها هـەرگیز وهـەرگیز لـه توانـای من دا نیـه. بۆیه هەر ئەوەنده دەڵێم کە: کاک تەها نێعمەتێک بوو له ڕادیـۆ دەنگی کوردستـانی ئێـران وڕاگەیانـدنی حیزبـی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە بەداخەوه مەرگ مەودای نەدا. کاک تەها له دامەزرێنەرانی ڕادیۆ بوو کە یـەکێک لـەو کەسـانە بـووه لـه سەر تەجرووبه و ڕابردووی ئەو پێش دامەزرانی ڕادیۆ حیساب کراوه و بە حەق هەر واش بوو.

کاک تەها کوردستان و کوردی دوکتۆر قاسملوو و "تاریخچه جنبشهای ملی کرد" دوکتۆر شەرەفکەندیی تەرجومه کردۆتەوه. کاک تەها کوردی زانێکی بە توانا بوو وزمانی فارسی و تورکی لە دوایش دا زمانـەکانی ڕەسمی لـه وڵاتـی سویس بـه باشی دەزانی.

رووحی شاد

# کاک ئەحمەد شێربەگی

**مەهاباد: ١٠**



ئەو دەنگە زوڵاڵەی کە یەک جیل لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژھەڵاتی کوردستان و تەنانەت بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە گەلی ئاشنان و لە گوێیان دا دەزرینگێتەوە.

کاک ئەحمەد جگە لەو دەنگە حەماسی و هەست بزوێنەی، ئەدەبیات زانێکی بە توانا، دەستی نووسینی شێعر و هەڵبەستی هەیە. خەتاتێکی ماهیرە. سروودی زۆری بە و دەنگە خۆشەی خۆی تۆمار کردوە، بە تایبەتی سروودی (خوایە وەتەن ئاواکەی، کە یەکێک لە و سروودانە بوو کە کاک دوکتۆر قاسملوو خۆشی دەویست) تەنانەت پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی پاشایەتی، لە خۆپێشاندانەکان دا کاک ئەحمەد دوروشمی بە دژی ئەو ڕێژیمە خوێندووە و خەڵکیش بە دوای دا.

کاک ئەحمەد هەر وەک خۆی باسی دەکا کاتێک لە هونەرستانی شاری ورمێ خەریکی خوێندن بووە، یەکەم ڕۆژ کە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کراوەتەوە و ئەو گوێی لێگرتووە، ڕۆژی دوایی دەرسی بە جێ هێشتووە و خۆی لە ڕادیۆ بینیوە. کاک ئەحمەد (١٣٥٩ - ١٣٧٣) ١٤ ساڵ و لە دژوارترین کاتی خەباتی پێشمەرگایەتی دا دەنگی پێشمەرگە و خەباتی خەڵک بوو. حەماسەتی دەنگی کاک ئەحمەد هاندەری زۆی لاوی کورد بوو بۆ نێو ڕیزی خەبات. لە خوێندنەوە و ئەدای بەیانی شێعر و پەخشان و سروود دا کاک ئەحمەد کەم وێنەیە.

کاک ئەحمەد یەکێک لەو کادرانەی راگەیاندنی حیزب بوو کە هەموو ڕیبەران و ئەندامانی حیزب بەو پەڕی ڕێز و خۆشەویستی یەوە باسیان دەکرد و تەنانەت جیلی ئێستاش کاتێک دەنگی کاک ئەحمەد له ئارشیڤەکاندا دەبیستن، لەززەتی لێ دەبەن و هەستی شۆڕسگێرییان هیندەی دیکە بەرز دەبێتەوە. دەتوانم بڵێم کە کەم نین ئەو دایک و باب و منداڵە شەهیدانەی کە بە دەنگی کاک ئەحمەد هەواڵی شەهید بوونی ئازیزەکانیان گوێ لێ بووە و فرمێسکیان هەڵڕشتووە، بەڵام بەو دەنگە زوڵاڵە هەستیان بە ئازار نەکردووە. بۆ مێژوو دەڵێم لە ماوەی پێشمەرگایەتیم دا سەدان و بگرە هەزاران کەسم لە خەلکی کوردستان گوێ لێ بووە کە پرسیاری ناوی ئەو دەنگەیان کردووە و هەر لەهەمان کات دا سڵاویان بۆ ناردووە.

بە کورتی کاک ئەحمەد دەنگی خەڵک، پێشمەرگە و شەهیدان بوو لە ڕێگای ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە. هەم بێژەر وهەم ئامادەکاری بەرنامەی شەهیدان وهەواڵەکان دا کاک ئەحمەد جێ پەنجەی دیاری هەبووە.

کاک ئەحمەد جگەلە کوردی، زمانی فارسی و زمانەکانی فەرمیی سوییس بە باشی دەزانێ. بە هیوای ساغی و سڵامەتی بۆ کاک ئەحمەدی هێژا

---

## کاک حوسێن ڕەهبەر

**مەهاباد: ١١**



ئەو لە پێشدا هونەرمەندێکی ناسراوی موسیقای کوردی یە. کاک حوسێن هەر چەند جگە لە دامەزراندن کاری لە ڕادیۆ

نەکردووە، بەڵام بە هۆی تەجرەبەی رابردووی، لەو کەسانە بووە کە لە سەر داوای حیزب بەشداری دامەزرانی ڕادیۆ بووە. دوای ئەوەش کاک حوسێن بۆ ماوەی چەند ساڵ لە کانالێکی تەلەڤیزیۆنیی کوردی دا بەڕێوەبەری بەرنامەیەکی هونەری بووە و خەڵکێکی زۆر لایەنگری بەرنامەکانی بوون ولە ڕێگای بەرنامەکانی یەوە زۆر هونەرمەندی کوردی بە نەتەوەکەیانی ناساند.

ئەوەی من بزانم کاک حوسێن جگە لە کوردی، زمانی فارسی، تورکی و نورویژی بە باشی دەزانێ. تەمەن درێژی و لەش ساغیی بۆ بە ئاوات دە خوازم.

---

## کاک مەنسوور خوسرەوی

**مەهاباد: ١٢**



کاک مەنسوور یەکێک لەو کەسانەیە کە زۆرترین ساڵ لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاری زەبت و مۆنتاژی بەرنامەکانی ڕادیۆی کردووە. ئەوەی من لە هاوڕێیانی ڕادیۆم بیستووە کە کاک مەنسوور لە پیشەکەی دا زۆر ماهیر و لێزانە، کەسێکی ماندووی نەناس و بە پشت وکارە، بۆیە تەواوی ژیانی سیاسیی خۆی سەرفی خزمەت بە کاری ڕادیۆ ولە ڕادیۆش بە زەبتی بەرنامەکان کردووە.

کاک مەنسوور هەر لە سەرەتایی دامەزرانی رادیۆ دا هەبووە وکەسێکی سابیتی ڕادیۆ بووە. تەواوی بەرنامەکانی ڕادیۆی بە سادەترین و هەژارترین دەزگای زەبت، تۆمار و مۆنتاژ کردووە.

بۆیە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کە خاوەنی ئارشیڤی ٣١ ساڵ خەباتە، بەشی هەرە زۆری ئەو ئارشیڤە مەدیۆنی زەحمەتی کاک مەنسوورە.

کاک مەنسوور تا من ئاگادارم جگە لە زمانی کوردی، فارسی و تورکی بە باشی دەزانێ.

---

## هاوڕێ خەدیجە مەعزوور (خەجیج)

شنۆ: ١٣



خەدیجە خانم، کچێکی جەوان و خولیای ئازادیی نەتەوەکەی، ساڵانێکی زۆر تەنیا کچێک بوو کە لە دەنگی کوردستانی ئێران دا بێژەری دەکرد. ئەو کە جێگای بڕوای حیزب بوو، ساڵی ١٣٦٣ ناردرایە فەڕانسە تا زمانی فەڕانسەیی فێر بێ کە فێریش بوو. دوای گەڕانەوەی دیسان وەک جاری جاران لە سەر کارەکەی بە دڵگەرمی حازر بوو.

خەدیجە خانم، خاوەن دەنگێکی خۆشی بێژەری، هەم کوردی یەکی پاراو وهەم فارسی یەکی باش و یەکێک لە بێژەرانی هەر دوو بەشی فارسی وکوردی بوو. ئەو تێکۆشەرە دڵسۆزە جگە لە کاری بێژەری و بەرنامەی وڵامی نامەی گوێگرەکان، لە باری خەباتی ژنانیشەوە فەعال بوو و یەکێک لە تێکۆشەرانی یەکیەتیی ژنان بووە. خەدیجە مەعزوور دەنگێکی ناسراو و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە کە ئێستاش دەنگی زوڵالی خەدیجە خانم لە ئارشیڤەکان دا هەرماوە و دەمێنێ. خوێندنی ژیان نامەی شەهیدان بە دەنگی خەدیجە خانم، سەبک و مەهارەتێکی کەم وێنەی تێدابوو. بۆیە بنەماڵەی

شەهیدان زۆر جار داوایان دەکرد کە ژیان نامەی شەهیدەکەیان بە دەنگی خەدیجە خانم بێ. لە خوێندنەوەی ڕاگەیاندراوی جۆراوجۆری حیزب لە دەنگی کوردستانی ئێران خەدیجە خانم لەو دەگمەن بێژەرانە بووە کە کارتێکەریی لە سەر بیسەر هەبووە. ئەو لە خوێندنی شێعر و هەڵبەستیش دا زۆر ماهیرە. ئینسانێکی کەم ئیدیعا و ماندووی نەناسی دەنگی کوردستانی ئێران و لە کۆڵەکەکانی ئەو دەنگە بوو. تەنانەت کارەکەی هێندە بۆ خۆشەویست و پیرۆز بووە کە بیری لە ژیانی تاکە کەسی خۆشی نەکردۆتەوە. خەدیجە خانم دوای ئەوەی ساڵانێکی زۆر لە خەبات و تێکۆشان، وێڕای کارەکەی دەستی داوەتە خوێندن و بە سەرکەوتنەوە زانکۆی تەواو کردووە. ئەو دوای کۆنگرەی ٤ یەکەم کچ بووە کە لە کۆنگرەی ١١ دا چۆتەوە نێو ڕیبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. ئەو خانمە بەڕێزە، جگە لە کوردی یەکی پاراوی موکریانی، زمانەکانی فارسی، ئازەری و فەڕانسەیی بە باشی دەزانێ.

---

## کاک فەتتاح کاویان

**مەهاباد: ١٤**



کاک فەتتاح تێکۆشەری ناسراوی نێو ڕیزەکانی حیزب، خاوەن قەڵەمێکی دیاری بوارەکانی سیاسی، زمانەوانی، ئەدەبی و مێژوویی... هتدیە. کاک فەتتاح بە فەرمی لە رادیۆ نەبووە، بەڵام کاتێک بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزب بووە، ڕاستەو خۆ بەرپرسی رادیۆش بووە کە بەشیک  بوو لەو کۆمیسیۆنە.

بەڵام کاک فەتتاح بە قەڵەم هەمیشە یار ویاوەری ڕادیۆ بووە. نووسەرێکی هەمیشەیی رادیۆ، وەرگێڕی زۆر بابەتی

جۆراوجۆر لە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی بۆ ڕادیۆ . لە تەواوی تەمەنی ڕادیۆ دا کاک فەتتاحیش پێ بە پێ لە گەلی بووە. کاک فەتتاح جگە لە کاری دیکەی لە ڕیبەرایەتیی حیزب دا، وەک نووسەری بابەت بۆ رادیۆ یارمەتیدەرێکی بە توانا بووە لە پشت ڕادیۆ و بە سەدان و بگرە زیاتریش بابەتی کاک فەتتاح لە ئارشیڤی ڕادیۆ دا پارێزراون.


کاک فەتتاح کاویان جگە لە زمانی کوردی، لە زمانی فارسی، ئینگلیزی و تورکی دا بە تەواوی موسەلەتە و خاوەن کتێبێکی نایابی ئەنگلیزی کوردی یە کە لە کتێبخانەی کوردی دا بە فەرهەنگە دەوڵەمەندەکانی کوردی بۆ زمانێکی بێگانە دەژمێردێ و وەرگێری کتێبی کارۆل خانمە لە سەر شەهید دوکتۆر قاسملوو.

بەداخەوە ئێوارەی چوارشەممە، ١٨ی جانێوێری ٢٠١٧ کاک فەتاح کاویان دوای پتر لە ٦٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی بەردەوام لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات لەتەمەنی ٨٠ ساڵیدا ماڵاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.

---

## کاک عەبدوڵا قادری ئازەر

**نەغەدە: ١٥**



ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران پاش دەست بە کار بوونی، هەر دوای ماوەیەک بەرنامەی بە زمانی ئازەریش دەستی پێکرد. کاک عەبدوڵا یەکێک لە بێژەرانی ئەم بەشە بوو. چوونکی ئەو کە لە شاری نەغەدە گەورە ببوو، زمانی ئازەریی بە باشی دەزانی.

ئەو تێکۆشەرە تا بەرنامەی ئازەری لە دەنگی کوردستان هەبوو، بێژەر و ئامادەکاری هەواڵ و باسەکان بەو زمانە بوو. کاک عەبدولا دواتر ئەرکی جۆراوجۆری لە ئەستۆ بوو، تا وەک بەرپرسایەتیی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش پلەکانی بڕی و ئەندامێکی بەوەجی ڕێبەریی حیزب بوو کە لە گەل ڕێبەری ناوداری کورد دوکتۆر قاسملوو شەهید لە ڕێکەوتی ١٣ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی لە ڤییەن تیرۆر و شەهید کران.

---

## کاک تاهیر نەخشین

**ورمێ: ١٦**



کاک تاهیر لە ساڵی ١٩٨١ لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران وەک بێژەری بەشی کورمانجی دەستی بەکار کردووە و ماوەیەکی لەو دەنگە دا کاری کردووە.

لە گەل ئەوەی کە زانیاریم لە سەر بەرپزیان کەمە، بەڵام کاک تاهیر دوای ئەوەی کە لە لایەن حیزبەوە دەنیردێتە بۆ وڵاتی فەڕانسە بۆ ئیدامەی خوێندن ئیدی درێژەی بە کاری ڕاگەیاندن نەداوە و زمانەکانی کوردی، فارسی و فەڕانسەوی بە باشی دەزانێ.

بەداخەوە کاک تاهیر بە هۆی نەخۆشی لە وڵاتی فەرانسە کۆچی دوایی کرد(٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ پاریس)

# کاک میکائیل باسۆ

## ورمێ: ۱۷



کەسێک کە ساڵانێکی زۆر تەنیا بێژەری بەشی کورمانجی لە دەنگی کوردستانی ئێران بوو. کاک میکائیل ساڵی ۱۹۸۱ دەستی بە بێژەری کردووە. ئەو کەسێکی بە توانا لە کاری بێژەری دابوو. دەنگ خۆش، ئامادەکار و وەرگێڕێکی لێزان بوو لە بەشی هەواڵ دا.

کاک میکائیل ئینسانێکی مە تین، قسە خۆش و خاوەن کەسایەتی یەکی بەرزی کۆمەڵایەتی بوو. ئەو کەسانەی کە کاریان لە گەل کردووە هەتا ئێستاش باس لە ڕەفتاری خۆش و کەسایەتیی بەرزی دەکەن.

کاک میکائیل دوای گەڕانەوەی بۆ ژیانی ئاسایش(۱۹۸۸) لە نێو خەڵکی ناوچە دا جێی ڕیز و حورمەت بوو وتا کۆتایی ژیانیشی وەفادار بە نەتەوەکەی بوو.

ئەو زمانەکانی کوردی، فارسی و تورکیی بە باشی دەزانی و دیپلۆمی لە ڕشتەی کشاوەرزی دا هەبوو.

بەداخەوە بە هۆی نەخۆشی یەکی کوشندە ڕۆژی ٦ - ٢ - ١٣٨٤ لە شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد.

یادی بەخێر و رووحی شاد بێ.

## كاك مهجید سوڵتانپوور

ورمێ: ١٨



كاك مهجید سوڵتان پوور یهكێك له بێژهرانی سهرهتای دهست بهكار بوونی ڕادیۆ دهنگی كوردستانی ئێرانه كه به زمانی ئازهری كاری بێژهری كردووه.


كاك مهجید ههواڵ و بابهتهكانی رادیۆ دهنگی كوردستانی وهرگێراوهته سهر زمانی ئازهری و پێشكهشی كردوون تا ئهو كاتهی بهرنامهكانی ئازهری ئیدامهیان ههبووه.

ئێستا لهگهڵ بنهماڵهكهی له وڵاتی كانهدا نێشتهجین.

بهداخهوه من كهمترین زانیاریم له سهر بهڕیزیان ههیه.

# کاک پۆڵا نانەوازادە

**مەهاباد: ١٩**



کاک پۆڵا هەر لە سەرەتایی دەست بەکار بوونی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ەوە وەک بێژەر لەو دەزگایە دا دەستی بە کار کردووە و لە بێژەر و ئامادەکارانی پڕ کاری ڕادیۆ بووە.

هەر چەند بە داخەوە زانیاریم لە سەر بەڕێزیان زۆر کەمە، بەڵام تا بزانم تا ساڵی ١٩٨٤ لە دەنگی کوردستان کاری کردووە. دواتر لە دەرەوەی وڵات خەریکی کاری ئەدەبیات و نووسین بووە.

کاک پۆڵا لەم دوایانەش دا هیندێک کار و چالاکیی ئەدەبیی کردووە و بە زەبت کراوی لە یووتیووبەی داناون.

# کاک محەممەد کەریمی

**بۆکان: ٢٠**



یەکێک لە بێژەرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کە هەم وەک بێژەر و، هەم وەک کەسێکی کە دەستی نووسینی بابەت و پەخشانی کوردی هەیە، لەبێژەرانی دەست پێکی رادیۆ بووە. کاک محەممەد تەجرەبەی پێشووشی هەیە و سەرووکاری لە گەل هونەر و هونەرمەندان بووە، بە تایبەتی ڕێکخەری بەرنامەیەک بووە بۆ نەمر حەسەن زیرەک کە فیلمەکەی ئێستا لە ئارشیوی هونەری کوردی دا هەیە، هەر وەها لە نیزیکانی کاک محمەدی مامڵێ و.... بووە.

دوای چەند ساڵ کە لە ڕادیۆ کاری کردووە، گەڕاوەتەوە ناوخۆ(١٩٨٣) و لەوێش خەریکی کاری ئەدەبی بووە. دواتر هاتۆتەوە باشووری کوردستان و ماوەیەک لە گولان تی ڤی وەک دەرهێنەری بەرنامەی هونەری کاری کردووە و ئێستاش لە دەرەوەی وڵات خەریکی کاری نووسین وئەدەبیات دایە.

تا بزانم کاک محەممەد زمانەکانی کوردی، فارسی و نۆروێژی بە باشی دەزانێ.

ڕووحی شاد کە لە ڕێکەوتی ٣ی جۆزەردانی ١٣٩٣ لە نۆروێژ کۆچی دوایی کرد.

## کاک عوسمان مەحموودزاده

**سەقز: ٢١**




وێڕای زۆر ئینسانی زەحمەتکێشی دیکه له ڕادیۆ دەنگی کوردستان، کاک عوسمانیش چەندین ساڵ یەکێک له کادره فەننی یەکانی ڕادیۆ بووه. بێ گومان ئەگەر به هەوڵ و خەباتی دڵسۆزان و فیداکارانی وەک کاک عوسمان و کاک عوسمانەکان نەبوایه، ڕەنگه دەوامی رادیۆش تا ئەمڕۆ نەبایه.

کاک عوسمان جگه له کاری فەننی و تەعمیرات، زۆر کاری دیکەشی له ڕادیۆ بەڕێوه بردووه. کاک عوسمان له پێشمەرگەکانی سەرەتایی خەباتی ئاشکەرای حیزبه که له زۆر بەشی جۆراوجۆری حیزب دا کار و خەباتی کردووه.

# کاک خەلیل گادانی

**مەهاباد ٢٢**



یەکێک لەو کەسانەی کە لە دامەزران و گەورەکردنی ڕادیۆ دا نەخشێکی زۆری هەبووە، کاک خەلیل گادانی یە. ئەو ئینسانە زەحمەت کێشە سەرەڕای تەمەنی زۆری، بەڵام شەو و ڕۆژ خەریکی کاری فەننیی ڕادیۆ بووە. کاک خەلیل لە بنەماڵەی ناسراوی گادانی، کە هەر لە سەرەتایی دامەزرانی حیزبەوە تێکەڵ بەو کاروانە ببوو و چەرمەسەریی زۆری لەو پێناوە دا تەحەمول کردبوو.

بەداخەوە زانیاریی زیاترم نیە لە سەر کاک خەلیل، بەڵام لە سەداقەت و پاکی و دڵسۆزیی ئەو خەباتکارە زۆرم بیستووە. ئەوەی بزانم کە کاک خەلیل ڕوشتەی تحصیلات یشی هەر فەننی بووە.

کاک خەلیل تا دوا ساتی ژیانی لە خزمەت گەل و نیشتیمانەکەی دا چالاکانە کاری لە رادیۆ دا کردووە.

کاک خەلیل لە ٢٤ی سێپتەمبەری ١٩٨٩ بەهۆی نەخۆشی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ڕووحی شاد

# کاک محەممەد وەیسی

**مەهاباد: ٢٣**



کاک محەممەد هەردوای دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران وەک کادرێکی فەننیی ڕادیۆ کاری کردووە. هەر وەک خۆشیان به کورتی ئیشارەیان پێ کردووە، ماوەی ١٤ ساڵ هاوڕێ و هاوکاری خەمخۆری ڕادیۆ بووە. بە تایبەت ساڵانی سەختی تەمەنی ڕادیۆ کە جێ گورگێ و هێرشی دوژمن هەمیشه هەڕەشەی لە ڕادیۆ کردووە، کاک محەممەد وەک باقی کادرەکانی فەننیی ڕادیۆ کاریان کردووە تا ئەو دەنگە خۆشەویستەی گەلی کورد کپ نەبێ، شاخەو شاخ و دۆلەو دۆڵیان بەو دەنگە کردووە تا خزمەت
به شۆڕشی بەر حەقی نەتەوەکەیان بکەن، کاک محەممەدیش یەکێک لە ساحیبانی ئەو شانازیانەیە.

هیوای لەش ساغی بۆ کاک محەممەد

---

## کاک سیامەک قەوی پەنجە

**مەهاباد: ٢٤**



**بێژەری بەشی فارسی(دەست پیکردن ١٩٨٤) کە زیاتر لە ٢٠ ساڵ کاری بێژەری لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کردووە. کاک سیامەک لە وەرگێرانی بابەتی جۆراو جۆر و هەواڵ لە کوردی یەوە بۆ فارسی کەسێکی لێزانە و زۆر زاڵە بە سەر زمانی فارسی دا.**

**کاک سیامەکیش وەک زۆر کەسی ماندوونەناسی دیکە ساڵانێکی دوور ودرێژ و سەخت لە ڕادیۆ زەحمەتی کێشاوە و ئەو ئەرکە پیرۆزەی بەڕیوەبردووە و ئەوەی من بیستوومە، کەسێکی جیدی لە کارەکانی دایە وهاوکات لە سەر کارەکەشی دا زاڵە. ئەو تێکۆشەرە تا ئەم لەحزەیەش ئەرکی راگەیاندنی سەر شانە.**

# كاك عەبدوڵلا حجاب

**ورمێ: ٢٥**



**لە ماوەی زیاتر لە ٦ ساڵ كاك عەبدوڵلا حجاب بێژەری بەشی كورمانجی و فارسی بووە لە دەنگی كوردستانی ئێران و هاوكات**
**ئامادەكاری بەشی هەواڵیش بووە.**

**كاك عەبدولا یەكێك لەو بێژەرانە بووە كە بە سەر زمانی كوردی و فارسی دا شارەزایی یەكی زۆر باشی هەبووە و لە وەرگێڕان و شێوە و ئەدای پێشكەش كردنیشی دا لێزانە.**

**كاك عەبدولا هەتا ئێستاش كەسێكی نیزیكە لە ڕاگەیاندن و ماوەیەک بەرپرسی ڕاگەیاندنی كۆنگرەی گەل بووە، ئەندامی پێنی كوردە و لە زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار دا بابەت بڵاو دەكاتەوە. بە تایبەت ڕۆژنامەی ئاگری، كوردستان و گۆڤاری تیشک. هەر وەها لە ڕۆنامەكانی دیكەش دا بابەتی زۆری نووسیوە، بۆ وێنە ئۆزگوور پۆلیتیكا.**

**حجاب كتێبێكی بە زمانی نۆروێژی بڵاو كردۆتەوە و هەر خۆشی وەرگێراوەتە سەر زمانی كوردی و جگە لە هەردوو زاراوەی كرمانجیی سەروو و خوارووی كوردی، بە سەر زمانەكانی فارسی، توركی، نۆروێژی و ئینگلیسی دا شارەزایی یەكی باشی هەیە.**

## کاک هەیاس کاردۆ

**مەهاباد: ٢٦**



**کاک هەیاس ماوەی ٧ ساڵ (١٩٨٧ تا ١٩٩٤) لە نووسەران و بێژەرانی ماندوویی نەناسی دەنگی کوردستانی ئێران بووە. ئەو کە هەم بێژەر و هەم لە خاوەن قەڵەمەکانی ڕادیۆ و لە هەمان کاتیش دا ئامادەکاری بەشی هەواڵ و پێداچوونەوەی بابەتەکان بووە و کاک هەیاس لە خوێندنەوەی وتاری سیاسی و ڕاگەیاندراوی حیزبی بە بۆنەی مەسائیلی جۆراوجۆرەوە خاوەن مەهارەتێکی تایبەت بوو.لە شێوەی خوێندن و ڕاگەیاندنی دا کاریگەریی لە سەر بیسەر دەبوو.**


**بەرنامەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە دەنگی کوردستانی ئێران زەحمەتی پتری لە سەر شانی کاک هەیاس بووە هەر وەها لە باقی ڕاگەیاندنی حیزب و لاوانیش دا جێ پەنجەی کاک هەیاس دیار بووە.**

**کاک هەیاس بە گشتی هەتا ئێستاش کەسێکی میدیاکارە و لە نووسین دا لێزان و وردبینە.**

**ئەو تێکۆشەرە لەم دوایانەش دا وتووێژێکی دوور و درێژی خۆی لە گەڵ بەڕێز مامۆستا حەسەن زادە دا کردووە بە کتێبێک کە کۆمەڵێکی زۆر بابەت و زانیاری لە سەر ڕابردووی حیزب تەحویلی جیلی ئێستا و داهاتووی داوەتەوە. کاک هەیاس جگە لە زمانی کوردی کە تێیدا شارەزایە، زمانی فارسی، ئازەری و ئینگلیزی بە باشی دەزانێ.**

## کاک مەنسوور فەرۆغی

**بۆکان: ٢٦**



پڕ به دڵ سوپاس له کاک مەنسوور دەکەم که به دەنگ بانگەوازەکەمانەوه هات و کورتەیەک له خزمەتەکانی له دەنگی کوردستانی ئێران بۆی نووسیوم.

له ساڵی ١٣٣٥ له دایک بووم، دیپلۆمی هونەرستانم له تاران وەرگرتووه له رشتەی بینا دا، له ساڵی ١٣٦٠ شەڕەفی ئەندامەتی یەکێتی لاوانم وەرگرتووه له دوایشدا شەڕەفی ئەندامەتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران یان پێدام، له دامەزرێنەرانی کۆری هونەری له نێو حیزبی دێمۆکڕات دا بووم، دواتریش بووم به مەسئوولی کۆڕی هونەری، له ساڵی ١٣٦٢ ، ١٣٦٣ دا له گەڵاڵەوه به دوای کاک پۆلا نانەوازاده دا بووم به وێژەری بەشی فارسی، که هاوکات بوو له گەڵ گواستنەوه بۆ گەورەدێ، زیاتر له دوو ساڵ له به شی رادیۆ کارم کرد که ئەویش هاوکات بوو له گەڵ هاتنی هاوڕێیان کاک سیامەک قەوی پەنجه و کاک عەبدولا حیجاب. پاشان گەڕامه وه بو کۆڕی هونەری.

ئەدەب له سەر شانۆ فێر بووم، هەر له زووه کاری شانۆم پێ خۆش بووه و له پەنا دەرس خوێندندا دەورەی شانۆگەریشم دیوه.

له ساڵی ١٣٦٨ وه له هولەند دەژیم، بەر لەوه ساڵێک کەمتر له تورکیا مامەوه، کەمیک تورکی فێر بووم، ئینگلیزیم هەر له زووه پێ خۆش بوو، ئێستاش له هولەند دەبێ به زمانه تاقانەکەی هولەندی بودوێین، خێزانیشم هەر بۆکانییه و

کچێکی ٢٠ ساڵانەم هەیە، لە ساڵی ١٩٩٨ دا فۆوقی دیپلۆمی کاروباری کۆمەڵایەتیم وەرگرتووە، لە چەند ساڵی رابردودا لە پەنا کاروباری حیزبی و کاروباری مەعیشەتی، گەلێک خۆم بە لێکۆڵینەوەی عیلمەکانی دەروونناسی و کۆمەڵایەتی یەوە خەریک کردوە، ژیانمان لێرە بە عیشقی رزگاری کوردستان بە سەر دەبەین.

---

## کاک برایم ساڵحی ڕاد (برایم لاجانی)

### پیرانشار: ٢٧



کاک برایم لە ڕۆژگارێکی سەخت دا بە قەڵەم، بێژەری، دڵسۆزی و سەداقەتی خۆی کە لە هەموومان ڕوونە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دا زیاتر لە ١٠ ساڵ کاری کردووە.


کاک برایم جگە لەوەی کە کارگێڕی رادیۆ بووە، هاوکات بێژەر، نووسەر وئامادەکاری زۆر بەرنامە بووە.

بەرنامەی کۆڵکە زێرینە یەکێک لە کارەکانی کاک برایم لە ڕادیۆ بووە. کاک برایم هەتا ئێستاش لە دیارترین نووسەرانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە، لە باری ئەدەبیاتیشەوە قەڵەمێکی پاراوی هەیە و کاک برایم جگە لە سەدان بابەتی جۆراوجۆر، کتێبێکیشی لە سەرمافەکانی مرۆڤ لە زمانی نۆرویژی یەوە بۆ کوردی وەریگێڕاوەتەوە.

کاک برایم جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی، فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی و نۆرویژی بە باشی دەزانێ.

# کاک عومەر ئیلچی (نەورۆز باوەر)

## وان باکووری کوردستان: ٢٨



کاک نەورۆز کە کوردی زانێکی بە توانایە، ماوەیەکی زۆر لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دا وەک بێژەر کاری کردووە(١٩٨٨ تا ١٩٩٣). کاک نەورۆز جگە لە کاری ڕادیۆ بە دایم خەریکی کاری نووسین و بە دواداچوونی ئەدەبیاتی کوردی بووە و هەیە.
کاک نەورۆز لە گەڵ ئەوەی کە کوردی باکوور بوو، بە عیلاقەیەک کە بە فێر بوون هەیبووە، توانیویەتی هەم زاراوەی موکریانی و هەم زمانی فارسی لە رادیۆ دەنگی کوردستان دا بە باشی فێر بێ.

کاک نەورۆز جگە لە دوو زاراوە سەرەکی یەکەی کوردی، زمانی تورکی، ئاڵمانی و فارسی بە باشی دەزانێ. کاک نەورۆز لە تێکۆشەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان PSK یە کە ڕۆژگارێکی سەخت لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەست بە کار بوو.

لە دەست بەکار بوونی تیشک تی ڤی دا کاک نەورۆز بەرنامەیەکی سیاسیی هەبوو تا ماوەیەک و ئێستاش لە میدیاکانی باکوور و بەتایبەتی پارتەکەی دا فەعالە.

# کاک سەلیم کەریم زادە

**ورمێ: ٢٩**



کاک سەلیم وەک بێژەر لە ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩٥ لە دەنگی کوردستانی ئێران کاری کردووە. ئەو لە کاتێک دا بۆتە بێژەر کە تەنانەت یەک لەحزەش لە ڕادیۆ کاری نەکردووە. بەڵام بە هۆی عیلاقەیەکی تایبەتی کە بە کاری ڕادیۆی هەبووە، زۆر زوو بووە بە یەکێک لە بێژەرە سەرکەوتووەکانی دەنگی کوردستان.

بیستوومە کە کاک سەلیم بە بێ نووسراوە ی وەرگێڕدراو، هەواڵ و بابەتەکانی لە رووی نووسراوەی موکریانی یەوە بە کرمانجی یەکی پاراو پێشکەش کردووە، بە بێ ئەوەی دوو زاراوە تێکەڵ بکا.

کاک سەلیم هەم دەنگێکی خۆشی هەبوو و هەم پێشکەشکارێک و بێژەرێکی سەرکەوتوو بوو.

ئەو جگە لە دوو زاراوەی کورمانجی و موکریانی، فارسی و ئازەریی بە باشی دەزانی.

زستانی ساڵی ١٩٩٧ لە کانی قرژاڵەی هەولێر تێرۆر کراوە.

ڕووحی شاد

## كاك حەسەن شەڕەفی

**مەهاباد: ٣٠**



دەنگی كوردستانی ئێران یار و خەمخۆرێكی هەمیشەیی هەیە كە لە گەڵ تەمەنی هاتووە، ئەویش كاك حەسەن شەڕەفی یە.

كاك حەسەن جگە لەوەی كە زیاتر لە ٨ ساڵ بەرپرسی ڕاستەوخۆی رادیۆ بووە، لە تەواوی تەمەنی ڕادیۆ دا نووسەرێكی دایمی بووە بۆ ڕادیۆ. كاك حەسەن هەم نووسەر، هەم بەڕێوەبەری رادیۆ، هەم نووسەری زۆر لە بابەت و هەڵوێستەكانی حیزب، هەم ساڵانێک سەرنووسەری ڕۆژنامەی كوردستان، هەم لە باقی نامیلكە و بڵاوكراوكانی حیزب دا جێ پەنجەیی دیاری هەبووە و هەیە.

ئێستا كاك حەسەن هەم جێگری سكرتێری گشتیی حیزب و هەم بەرپرسی ڕاگەیاندنی گشتیی حیزب، بەرپرسایەتیی ڕاستەوخۆی كاناڵی ئاسمانیی تیشك تی ڤی لە سەر شانە.

كاك حەسەن لە سەر سێ زمانی كوردی، فارسی و توركی دا بە تەواوی زاڵە.

## کاک بابا عەلی مێهەرپەروەر

مەریوان: ۳۱



بەڕێوەبەر ونووسەرێکی دڵسۆز و چەندین ساڵەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاک عەلی مێهر پەروەرە.

کاک باباعەلی لە ڕۆژگارێکی دژوار دا ماوەی چەندین ساڵ بەرپرس وڕێنوێن و نووسەری ڕادیۆ بووە.

ئەو جگەلە ڕادیۆ، نووسەرێکی هەمیشەیی ڕۆژنامەی کوردستان وباقی نامیلکە و بڵاوکراوەکانی حیزب بووە.

کاک بابا عەلی کە خۆی ئۆگر و خەمخۆری ڕاگەیاندنی حیزب بووە، لە واقیع دا هەموو بنەماڵەکەشی هان داوە تا لە ڕاگەیاندنی حیزب دا کار بکەن کە دواتر باسیان دەکەم.

بە گشتی کاک بابا عەلی لە کەسانی دڵسۆز و پشتیوانانی هەمیشەیی ڕادیۆ، زەحمەتێکی زۆری بۆ گەورە کردن و فەعال کردنی رادیۆ هەوڵی زۆری داوە وجێ پەنجەشی هەتا ئێستاش دیارە.

کاک عەلی لە سەر دوو زمانی کوردی و فارسی بە تەواوی زاڵە.

## کاک محیەددین مەعزووری

**شنۆ: ٣٢**




**کاک محیەدین لەو کەسانەیە کە نیزیک بە ٢٥ ساڵی تەمەنی ڕادیۆ وەک کادرێکی ماندووی نەناسی فەننی کاری کردووە.**

**ئەو هەر لە سەرەتاکانی دەست پێکردنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران وەک کادری فەننی هاتۆتە مەیدان و کاری کردووە.**

## کاک قادر ڕەحمانی (وریا)

**شنۆ: ٣٣**



کاک قادر کە لە تەمەنی لاویەتی دا دەستی کردووە بە کاری نووسین و ڕاگەیاندن، ساڵانێکی زۆر لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی
ئێران دا خەباتی کردووە.


بەرنامەی کۆڵکە زێرینە و بەرنامەی گۆڤار ورۆژنامەکان لە دەنگی کوردستانی ئێران بەشی زۆری لە سەر شانی کاک قادر بووە چ وەک ئامادەکار و چ وەک بێژەر.

جگە لە بێژەری، کاک قادر هەم نووسەر و هەم ئامادەکار بووە. زمان و ئەدەبیاتی کوردی و کار لەو بارەوە یەکێک لە عیلاقەکانی کاک قادر وریایە، بۆیە زۆر بابەتی زمانەوانی و ئەدەبیی لە دەنگی کوردستانی ئێران دا ئامادە و پێشکەش کردووە. خوێندنەکەشی هەر لە بواری زمان دا تەواو کردووەو ئێستاش ئەرکی ڕاگەیاندنی لە سەر شانە.

تا ئاگادار بم کاک قادر هەر دوو زمانی کوردی و فارسی بە باشی دەزانێ و نووسەری کتێبی (قاسملوو لە ڕێبازی د ازیندووە) یە.

## کاک عوسمان ڕەحیمی

**بانە: ٣٤**



ئەو تێکۆشەرەی کە لە زۆر بواری جۆراوجۆر دا خزمەتی بە نەتەوەکەی کرد، کاک عوسمان ڕەحیمی بەرپرس و کارگێری چەند ساڵی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ە.

کاک عوسمان ماوەیەکی زۆر لەپێشان کارگێر و دوایەش بەرپرسی رادیۆ بووە. جگەلە بەرپرسایەتی و سەرپەرەستی کردنی کار و باری ڕادیۆ، ولە نووسەرانی بە توانایی رادیۆش بووە.

هەر وەها کاک عوسمان لە بڵاوکراوەکانی دیکەی حیزبیش دا جێ پەنجەی دیاری هەبووە و زۆر بابەتی جۆراوجۆری لە ڕاگەیاندنەکانی حیزبی دا نووسیوە.

کاک عوسمان زمانەکانی  کوردی، فارسی بە باشی زانیوە.

بەداخەوە لە ١١ی سێپتامبری ٢٠٠٧ بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.

ڕووحی شاد

## كاك عومەر باڵەكی

**مەهاباد: ٣٥**



پێشمەرگە و فەرماندەری خەباتی شاخ، كاك عومەر باڵەكی یەكێكی دیكە لە بەرپرسانی ڕادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران بووە.

كاك عومەر لە دەورانێكی پڕ لە كێشە وگرفتی نێو حیزب دا بەرپرسایەتیی ڕادیۆی لە ئەستۆ بووە و بەداخەوە هەر لەو سەردەمەش دا ڕادیۆ بۆ یەكەم جار تووشی دابەشین هات. (دوای كۆنگرەی ١٣ تا لێك ترازانی حیزب ٦ - ١٢ - ٢٠٠٦)

كاك عومەر سەرەڕایی ئەوەی زۆربەی ژیانی سیاسیی خۆی لە بەشەكانی تری حیزبی دا كاری كردووە، ئەو ماوەیەی كە بەرپرسی ڕادیۆ بووە، بەلێزانی یەوە كارەكانی ڕاپەڕاندووە و وێرایی كار و ئەركی سیاسی، كاك عومەر ئیدامەی دەرسی داوە و خوێندنەكەشی تەواو كردووە.

كاك عومەر زمانەكانی كوردی و فارسی بە باشی دەزانێ.

# ماموستا پەیمان مەهدی زادە

**شنۆ: ٣٦**



یەکێک لە شاعیر و ئەدیبەکانی دەنگی کوردستانی ئێران کە هاوکات بێژەری چەند بەرنامەیەکیش بووە، ماموستا پەیمانە. ماموستا پەیمان ساڵانێکی زۆر لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دا کار و تێکۆشانی هەبووە و دەرهێنەر و ئامادەکاری بەرنامە ئەدەبی و فەرهەنگی یەکانی رادیۆ بوو، بە تایبەت کۆڵکە زێرینە. هاوکات لە بەشەکانی دیکەی ڕادیۆش دا کاری کردووە.

ماموستا پەیمان زمانێکی پاراوی کوردی لە شێعر و نووسینەکانی دا بەکار دێنێ و لە فارسیش دا دەستی نووسینی هەیە و زمانی ئازەریش بە باشی دەزانێ.

ئەوەی بزانم کۆمەڵێک شێعری ماموستا لە چاپ دراون وخوێنەران بەهرەمەند بوون. ماموستا پەیمان لە سەر ئەدەبیات و زمانی کوردی زانیاری یەکی باشی هەیە وکاری لە سەر کردووە و هەروەها لە باری زانیاریی گشتی یەوە کەسێکی بە توانایە.

# مامۆستا بێبەش پیرۆتی

**مەهاباد: ٣٧**



بێژەری چەندین ساڵەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران مامۆستا بێ بەش کە هاوکات کارگێڕی رادیۆش بووە، لەو کەسانەیە کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕادیۆ یە دا جێ پەنجەی دیار بووە. ئامادەکاری و دەرهێنانی بەرنامەی ئەدەبی و کوولتووری، وڵامی نامەی گوێگرەکان، ئامادە کردن و پێشکەش کردنی ژیان نامەی شەهیدان و هەواڵەکان هەموویان لە کار وتێکۆشانی مامۆستا بێ بەش بوون لە دەنگی کوردستان.

ئێستاش بەڕێوەبەری بەرنامەیەکی کاناڵی تیشک تی ڤی یە

مامۆستا شاعێرێکی بە توانا و ئەدیبێکی لێزانە کە زیاتر لە ٣٠ ساله لە ڕیزی خەبات دا خزمەت بە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی دەکا.

مامۆستا لە زمانی کوردی و فارسی دا توانایەکی باشی هەیە و کاری لە سەر کردووە. تا بزانم بەرهەماکانی لەم نیزیکانە دا کەوتوونەتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت کە جودا لەوانەش مامۆستا بێ بەش بەرهەمێکی زۆری چاپ نەکراوی هەیە. مامۆستا پێشکەشکاری بەرنامە جۆراوجۆرەکانی نێو حیزبیش بووە و چەندین فستیوالی سەرپەرستی کردووە.

## مامۆستا ئەحمەد قادری

**بانه: ٣٨**



**شاعیر و ئەدیبی نێو شۆڕش مامۆستا ئەحمەد قادری ساڵانێکی زۆره له نێو میدیا ی کوردی دا کاری ئەدەبیات و نووسین دەکا.**

**بێژەر و ئامادەکاری زۆر بەرنامەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، لەوانه، بەرنامەی ئەدەبی و کولتووری، بەرنامەی شەهیدان و.... .**

**مامۆستا کوردی زانێکی به توانا و شاعیرێکی هەست ناسکه که ساڵانێکی زۆری تەمەنی تەرخان کردووه بۆ خزمەت به زمان و ئەدەبی کوردی. چەند نووسراوەی هەیه که ناسراوترینیان دیوانی "ناڵەی بێ بەش" ه که کۆمەڵێک شێعری هەست بزوێنی له خۆ گرتووه و باسی له ئازار و مەینەتی یەکانی نەتەوەکەی و خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگه کردووه. مامۆستا ئەحمەد زمانی کوردی و فارسی به باشی دەزانێ و کاریان پێ دەکا. به تایبەت شێعرەکانی مامۆستا به زمانی شیرینی کوردی تام و چێژێکی کوردانه و شۆڕشگێرانەیان لێ دەبارێ.**

# کاک سولەیمان پڕکاڵ

**سەردەشت: ٣٩**



بێگومان ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بە تێنیک کاران و کەسانی لێزانی فەننی درێژەی بە تەمەنی خۆی داوە.

یەکێک لەو کەسانەی کە بە ئامراز و دەزگا سادده و ساکارەکانی شەو ورۆژ خەریکی پێڕاگەیشتن و تەعمیرو ئامادەکردنی دەزگای ڕادیۆ بووە، کاک سولەیمان پەڕکاڵە.

کاک سولەیمان کەسێکی زەحمەتکێش و بە توانانی فەننی بووە لە بەشی فەننیی ڕادیۆ دا.

## کاک یەحیا محەممەدی

**سنە: ٤٠**



**کاک یەحیا ساڵانێکی زۆری تەمەنی پێشمەرگایەتیی وەک لێزانێکی فەننی لە ڕادیۆ بە سەر بردووە و خزمەتی زۆری بە تەمەن درێژیی ڕادیۆ کردووە.**

**بەداخەوە زانیاریی زیاترم لە سەر بەڕێزیان نیە، بەڵام مێژووی دەنگی کوردستان شاهیدی کار و تێکۆشانی ئەو سەربازە گومناوەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانە.**

---

## کاک ئەسعەد دریازی

**مەهاباد: ٤١**



هەر کەس کەمێک ئاگاداریی لە کاری ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هەبێ، گومانم نیە زەحمەت و فیداکاریی ئەو ئینسانە دڵسۆزەی لە بیرە.

کاک ئەسعەد کە زۆر لێزان بووە لە کاری فەننی و بەشی جۆراوجۆری تێکنیکیی ڕادیۆ، ساڵانێکی زۆر لە سەر دەزگای ڕادیۆ کاری کردووە.

کاک ئەسعەد کە بەداخەوە لە تەمەنێکی زۆر کەم دا تووشی نەخۆشی یەکی پێستی هاتبوو، هەمیشە ئازاری بە دەست نەخۆشی یەکەیەوە دەکێشا، بەڵام بەو حاڵەش کار و خەبات لە ڕادیۆ بۆ ئەو ئەساس بووە.

بەداخەوە بۆ چارەسەریی نەخۆشی یەکەی کە پێویستی بە چوونە دەرەوەی وڵاتی هەبوو، لە لایەن بەرپرسانەوە هەوڵێکی جیددی نەدرا. تا سەرەنجام دوای ساڵانێکی زۆر ئازار و ژانی نەخۆشی بە ناچار گەڕایەوە ناوخۆی وڵات و دوای ماوەیەک لە شاری مەهاباد هەر بەو نەخۆشی یە لە ڕێکەوتی: ٢٦ - ٢ - ٢٠١٠ کۆچی دوایی کرد.

ڕووحی شاد بێ

## کاک بێهرووز کوردئەحمەدی

**سنە: ٤٢**




یەکێک لە بێژەرەکانی دەست پێکی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، کاک بێهرووز کوردئەحمەدی یە. کاک بهروز بێژەری فارسی بووە بۆ ماوەیەکی چەند ساڵەی ولەو بێژەرە دەنگ خۆش و فارسی زانانە کە جگە لە کاری بێژەری لە بەشەکانی تری ڕاگەیاندنی حیزبیش دا دەستی دیاری هەبووە. بەڕێوەبەر پێشکەشکارێکی لێزانە کە دیارترینیان جێژنی ٤٠ ساڵ خەباتی حیزبە، کە بە دەنگە حەماسی یەکەی پێشکەشکاریی کردووە، خۆم شانازی بەشداریم هەبوو.

کاک بێهرووز ئەم ساڵانەی دوایش دا و دەست پێکی تیشک تی ڤی دا وەک پێشکەشکاری بەرنامەیەکی هونەری دیسان نەخشی باشی هەبووە.

کاک بێهرووز جگە لە زمانی کوردی و فارسی، زمانی سوێدیش زۆر بە باشی دەزانێ.

## کاک عبدالقادر دەبباغی(مامە قالە)

### سەقز: ٤٣



لە مێژە گوتوویانە گەر ئینسان بیهەوێ خزمەت بە گەل و نیشتیمانەکەی بکات ، تەمەنی زۆر و کەم ڕیگری ناکات.

مامە قالەی دەبباغی لە ژ - ک ڕادەستی پێکردووە و هەر دوای دەست بەکار بوونی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران وەک کادرێکی بە ئەزموونی ڕاگەیاندن و خاوەن قەڵەمێکی پاراوی کوردی لەو ڕادیۆ یە دا کار دەکا و بۆ ماوەی چەند ساڵ بەرنامەیەکی ئەدەبی بەڕیوە دەبا وهەر لەو کاتەش دا بابەتی جۆراجۆر بۆ ڕادیۆ خۆشەویستەکەی دەنووسێ.

مامە قاڵەی دەبباغی لە نووسەرانی سەردەمی ک - ژ، کۆماری کوردستان ودواتر بوو. ئەو کە کوردی زانێکی بە توانا بوو، هاوکات ئەدیب و نووسەریش بوو.

مامە قالە زۆر نووسراوەی هەیە کە دیارتینی هەموویان نووسینی ڕاپەڕین کۆمەلەی . ژ . کاف و وەرگێرانی حاجی ئاغای سادق هیدایەت بۆ کوردی یە.

مامە قاڵە وەک ئارشیڤێک بۆ هەموو تێکۆشەرانی کورد بوو  کە لە ٦ - ٢ - ٢٠٠٩ لە ولاتی بریتانیا کۆچی دوایی کرد.

ڕووحی شاد بێ

# کاک ئیبراهیم موکری

**مەهاباد: ٤٤**



**یەکێک لە کادرە فەننی یەکانی دەنگی کوردستانی ئێران بۆ ماوەی ٧ ساڵ (١٩٨٤ - ١٩٩١) کاک ئیبراهیم موکری یە.**

**ئەگەر سەیری مێژوویی دەنگی کوردستان بکەین، دەبینین ئەو ٧ ساڵەی کە بەڕێزیان کاری لە سەر دەزگای ڕادیۆ کردووە، لە سەخت ترین کاتەکانی تەمەنی پڕ لە شانازیی رادیۆ بووە. لە جێ گورکێ کردن بە دەزگاکانی ڕادیۆ، تۆپ و کاتیۆشاباران کردنی رادیۆ و زۆر کێشە وگرفتی دیکە لەو ماوەیە دا بۆ ئەم دەنگە خۆشەویستە هاتوونەتە ئاراوە و کاک ئیبراهیمەکانیش بست بە بست دەگەلی هاتوون و نەیان هێشتووە ئەو دەنگە زوڵالە بێ دەنگ بێ.**

---

## کاک کاوە عەقرەیی

**مەهاباد: ٤٥**



**بێژەری بەشی فارسی ساڵانێکی زۆر کاک کاوە بووە. بەداخەوە هەر ئەوەندەیە کە لە نیزیکەوە دەیناسم، بەلام زانیاریی زیاترم لە سەر بەریزاین نیە، هیوادارم کە لە داهاتوو دا بتوانم زانیاریی زیاتر پەیدا بکە.**

**بەڵام ئەوەی دەزانم کە دوایی کۆنگرەی ٨ کاک کاوە لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەستبە کار بووە تا ساڵی ١٣٧٣.**

# کاک عەزیز شێخانی

**سەردەشت: ٤٦**



بێژەری دەنگی کوردستانی ئێران کاک عەزیز ماوەی چەند ساڵ وەک بێژەر و ئامادەکاری بەشی هەواڵ کاری کردووە. هەر وەها لە بەشی هەڵبژاردەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان دا وەک وەرگێر و ئامادەکار کاریان کردووە، و ئێستاش لە سەروکاری لە گەل نووسین و ڕاگەیاندن هەیە.

کاک عەزیز ئێستا لە دەرەوەی ولاتە و خەریکی وەرگرتنی دوکتۆراکەیەتی.

سەرکەوتوو بێ

## کاک فەتولا دەشتەبێلی(کاوە کرمانج)

ورمێ: ٤٧



نیزیک بە دوو ساڵ (١٣٧٢ و ١٣٧٣) کاک کاوە بێژەری بەشی کورمانجی بووە لە دەنگی کوردستانی ئێران و هاوکات زۆر بابەتی جیا جیای کورمانجیی بۆ سەر زاراوەی موکریانی وفارسی وەرگێڕاوەتەوە .

هاوکات کاک کاوە بۆ ئەو مەکتووب و نووسراوانەی کە بە زاراوەی کورمانجی بۆ حیزب هاتوون، لەو ماوەیە دا کردوونی بە زاراوەی موکریانی.

کاک کاوە ماوەیەکیش لە تەلەویزیۆنی گوڵان کاری کردووە و ئێستاش لە دەنگی کوردیی ئەمریکا بێژەری دەکا.

کاک کاوە زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی و ئینگلیزی بە باشی دەزانێ و لە هونەری خەتتاتی و نەققاشی دا مەهارەتێکی باشی هەیە.

# هاوڕێ چنوور مێهرپەروەر

**مەریوان: ٤٨**



چنوور خانم ئەو كچه ماندووی نەناسەی كه له زۆر بوار دا خزمەتی كردووه و یەكێك لەو خزمەتانەش كار لـه رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران بووه.

چنـوور خـانم ماوەیـەكی زۆر جگەلـه لـه ئـەركی دیكـەی حیزبـی، ئامادەكـار و پێشكەش كـاری بەرنامـەی بـۆ بـەختیاریی كۆمەڵ(بەرنامەی تایبەت به ژنان) ی له دەنگی كوردستانی ئێران ئاماده كردووه.

چنوور خانم له بنەماڵەی بەڕێزی مێهر پەروەره و ئینسـانێكی پـاك، دڵسۆز و فیـداكار لـه ئەركەكانی دابـوو. چنـوور خـانم نووسەری زۆر بابەتیشه له سەر مەسەلەی ژنان و كێشه و گرفتی نێو كۆمەڵگای كورد به نیسبەت ژنانەوه.

چنوور خانم خوێندنەكەی له قوتابخانەكانی شۆڕش و له ژێر تۆپ و خۆمپاره باران دا تەواو كردووه.

## کاک سەید لۆقمان ئەمینی

ورمێ: ٤٩



ئەو بەڕیزە لە ساڵەکانی ٧٢ و ٧٣ لە دەنگی کوردستانی ئێران بێژەری بەشی کورمانجی و فارسی بووە.

کاک لۆقمان لە بنەماڵەی عەلەوی ڕا هاتووە و بنەماڵەیەک کە کەم ڕادیۆی کوردی لە ئێران هەیە کە ئەو بنەماڵەیە کاریان تێدا نەکردبێ.

لە ڕادیۆ کوردی تاران، ورمێ، قەسری شیرین ،ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، رادیۆی کۆمەڵە و ئێستاش کاناڵە کوردی یەکانی باشووری کوردستان و نەورۆز تی ڤی دا ئەو بنەماڵە ڕۆشنبیرە کار دەکەن.

کاک سەید لۆقمان ماوەیەکیش لە کانادا بێژەر وئامادەکاری رادیۆیەکی کوردی بووە.

سەید لۆقمان جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی فارسی، تورکی و ئینگلیزی بە باشی دەزانێ.

## کاک عەلی جەوانمەردی

**مەهاباد: ٥٠**



بێژەرێک کە لە تەمەنی لاویەتی و نەناسراوی دا و لە دەنگی کوردستانی ئێران، دەستی بە کار کردوە و ئێستا سنوورەکانی بەزاندووە و میلیۆنان خەڵک دەیناسنەوە.

کاک عەلی جەوانمەردی دوای یەکێک لە بێژەرە دەنگ خۆشەکانی رادیۆ بووە کە لە ساڵەکانی ٧٣ ، ٧٤ دەستی بە کار کردووە و تا ساڵی ٧٩ بێژەری بەشی کوردی و فارسی بووە.

دواتر کاک عەلی لە رادیۆ فەردای فارسی زمان کاری کردووە و دواتریش لە رادیۆ تەلەفیزیۆنی دەنگی ئەمریکای فارسی (صدای امریکا) ئێستاش کار دەکا.

کاک عەلی بێژەرێکی ماهیر و کار لێهاتووی کوردە کە یەکەم جارە کوردێک لە سەدای ئەمریکا بەم شێوەیە ناسروا بێت.

دیارە ئەوەش کە کاک عەلی گەیشتۆتەوە ئەو ئاستە، دەتوانین بڵێین لە دەنگی کوردستانی ئێرانەوە ئەو توانایە دەرکەوتووە و سنوورەکانی بەزاندووە.

کاک عەلی کوردی زان، فارسی زان، تورکی زان و ئینگلیزی زانێکی بە توانایە.

---

## هاوڕێ سەیران شەڕەفی

**مەهاباد: ٥١**



سەیران خانم خێزانی کاک عەلی جەوانمەردی و کچی کاک حەسەن شەڕەفی یە. ئەو کە خوێندنی لە قوتابخانەکانی شۆڕش دا تەواو کردووە، لە تەمەنێکی زۆر کەم دا ماوەی چەند ساڵ بێژەر بووە لە دەنگی کوردستانی ئێران دا.

بەداخەوە زانیاریم کەمە لە سەر بەڕێزیان، بەڵام ئەوە دەزانم کە سەیران خان چالاکی ڕاگەیاندنی ژنانیش بووە هەم لە ڕادیۆ و هەم باقی ڕاگەیاندنی ژنانی دێمۆکرات دا.

---

# کاک ئەیاز خوون سیاوەشیان

**مەریوان: ٥٢**




بەداخەوە من زانیاریم لە سەر کار وتێکۆشانی کاک ئەیاز لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران نیە، بەلام ئەوە دەقی نووسینێکی خۆیان کە ئەو بەشەم نەقڵ کردووە.

پێش ئەوەی ببم بە کادری نووسەرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، بە پێی توانا، لە ڕەوتی فەرهەنگی و ئەدەبی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەشداریم کردبوو(ئەندامی ئەنجۆمەنی ئەدەبی مەریوان، دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجۆمەنی ئەندێشە، شۆرای نووسەرانی حەوتەنامەی ئەندێشە، شۆرای نووسەرانی حەوتەنامەی تیشک و...) هەر وەها بابەتی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیم لە بڵاوکراوەکانی ئەو کات وەک: سروە، سیروان، ئاوێنە، زرێبار، تیشک، ئاویەر، کاروان، ڕامان، معیار و.... بڵاو کردبوویەوە.
کاک ئەیاز ئێستا لە ڕۆشنبیرانی گەنج و قەڵەم بەدەستانی گەلەکەمانە و دەورێکی باشی لە پەرەپێدان و بلاو کردنەوەی بابەتی سیاسی و ئەدەبی و.... هەیە.

# كاک ڕەسووڵ قۆرغی

## پیرانشار: ٥٣



یەكێک لەو كادره فەننی یه دڵسۆز و لێهاتوویانەی ڕادیۆ دەنگی كوردستان كاک ڕەسووڵ بووه.

ئەو سەربازه گومناوه نیزیک به تەواوی تەمەنی ڕادیۆ و ئێستاشی له گەل بێ كاری فەننیی ڕادیـۆی كـردووه. شاخەو شاخی له گەل ئەو دەنگه كردووه وبه كاری ماندوو نەناسانەی خۆی هەمیشه ئەو ڕادیۆیەی بەرەو پێش بردووه.

كاک ڕەسووڵ ئینسانێكی كەم ئیدیعا و خاكی، به كار و لێزانه له بەشی فەننیی ڕادیۆ دا.

سەرەڕایی ساڵانێكی زۆر لەو ڕادیۆیه، ئێستاش دەنگی كوردستانی ئێران له بەهره و تەرجەبەی كاک ڕەسووڵ بەهرەمەنده.

هەركەس ڕادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران بناسێ مومكین نیه كـاک ڕەسووڵ نەناسێ و نەزانێ ئەو ئینسانه چەنده پـاک و خەباتكاره لەو مەیدانه دا.

## کاک مەنسوور فەتتاحی(ڕەشەهەورامی)

**هەورامان: ٥٤**



**کارگێڕ و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕادیۆ بۆ ماوەی چەند ساڵ کاک مەنسوور فەتتاحی، وەک باقی ئەرک و بەرپرسایەتی یەکانی تری حیزبی مۆدیریەت و سەداقەتی پێوە دیار بووە.**

**کاک مەنسوور کە بە مۆدیریەت، پڕ کاری وپلەی بەرزی سیاسیی ناسرابوو، ئەو ماوەیەی کە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دا جێ پەنجەی دیار بووە. جگەلە کارگێریی ڕادیۆ، ئەندامی دەستەی نووسەرانی رادیۆ بووە و کاک مەنسوور لە بوارەجۆربەجۆرەکانی ئەرکی حیزبی دا هەمیشە پەروەردەکار وشوێن دانەر بوو، ئینسانێک کە تەجرەبەیەکی زۆری سیاسی و تەشکیلاتی هەبوو، و لە هەمان کات دا ئاگا بە سەر مەسائیلی سیاسی دا، دەستیان دابوویە دەستی یەک و کاک مەنسووریان کردبووە یەکێک لە کادرە دیارەکانی نێو حیزب کە بەجۆرێک ڕێژیمی ئاخوندی ڕقی زۆری لێ هەڵگرت و تا سەرەنجام لە ١٧ی سەرماوەزی ١٣٧٦ لە دەروازەی شاری کۆیە بە هۆی پیلانی خیانەتی خۆماڵی یەوە شەهید کرا ئەو سەرمایە مەعنەوی یە لە دەست کورد و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران چوو.**

**یادی بەخێر**

# کاک ڕەحیم ڕەشیدی

**سەقز: ٥٥**



**کاک ڕەحیم ڕەشیدی بۆ ماوەی چەند ساڵ هەم وەک نووسەر و هەم وەک بێژەر لە دەنگی کوردستانی ئێران کاری کردووە.**

**ئەو کە لە تەمەنی لاویەتیەوە دەستی داوەتە قەڵەم وکاری ڕاگەیاندن، لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ڕا دەستی پێکردووە ودواتر لە تەلەفیزیۆنی گوڵان وتیشک تی ڤی درێژەی داوە.**

**کاک ڕەحیم ئێستا لە ڕیزی میدیاکارە ناسراوەکانی کورد دایە و ئەندامی ڕۆژنامە نووسانی بێ سنوورە.**

**کاک ڕەحیم بە هەردوو زمانی فارسی و کوردی کاری راگەیاندن دەکا و زمانەکانی ئینگلیزی، سوێدی و تورکیش دەزانێ.**

**هەر وەها کاک ڕەحیم لە ڕاگەیاندنی دیکەی حیزب و لاوان دا جێ پەنجەی دیاری هەبووە و هەیە.**

## کاک مەهدی مێهرپەروەر

**مەریوان: ٥٦**



کاک مەهدی هەر وەک لە پاش ناوی ڕا دیارە، کوڕی کاک بابا عەلی مێهرپەروەرە و هەر هەموویان جگە لە باقی کارەکانی حیزبی، لە بەشی ڕاگەیاندنی حیزب دا دەستی باڵایان هەبووە و کاری زۆریان لەو بەشە دا کردووە.

کاک مەهدی هەم لە ڕادیۆ و هەم دوای دامەزرانی تیشک کاری کردووە.

لە ڕادیۆ بێژەر و ئامادەکاری بەرنامە و هەواڵەکان، لە تیشک تی ڤی وەک هەواڵنێر کاری کردووە. هەر وەها لە باقی میدیای حیزبیش دا خزمەتی کردووە.

کاک مەهدی ئێستا لە کاناڵێکی سەتەلایتی باشوور دا درێژە بە ئەرکی پیرۆزی راگەیاندن دەدات.

ئەوەش بڵێین کاک مەهدی گەورەبووی سەنگەری پێشمەرگایەتی و خەباتی شاخ و بنەماڵەیەکی بە تەواوی شۆڕشگێرە و هەر لەو سەنگەرەش دا خوێندنی تەواو کردووە و پێگەیشتووە.

# خاتوو شنۆ مێهرپەروەر

**مەریوان: ٥٧**



**شنۆخان ماوەیەکی زۆر لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران وەک بێژەر و ئامادەکاری زۆر بەرنامە کاری کردووە.**

**شنۆ خانم لە بنەماڵەی مێهرپەروەر و خێزانی کاک مەهدی یە. ئەو هەر لە تەمەنی لاویەتی دا لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دا کاری کردووە و کەسێکی سەرکەوتوو لە کارەکەی دا بووە.**

**دوای دامەزرانی تیشک شنۆخان ماوەیەک هاوکاری تیشک بووە و ئێستاش لە کاناڵی سەتەلایتی کوردستان تی ڤی دا کار دەکا وەک بێژەر.**

**شنۆخان جگەلە ڕادیۆ، لە ڕاگەیاندنی حیزب و ژنان دا کاری زۆری کردووە و شتی نووسیوە.**

**شنۆ خانیش وەک هاوژینەکەی گەورەبووی ژێر ڕەهێڵەی تۆپ و کاتیۆشابارانی ڕێژیمی ئاخوندی یە وهەر لەوێش خوێندوویەتی و پێگەیشتووە، تاکە ئەمڕۆ خزمەتکارێکی دیاری ڕاگەیاندنی کوردی یە.**

---

## کاک سادق عەسکەری

**ورمێ: ٥٨**



**کاک سادق وەک بێژەری بەشی کرمانجی ساڵانێکی زۆر لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران خزمەتی کردووە.**

**کاک سادق بە تەمەنێکی کەم و بێ هیچ ڕابردوویەکی ڕاگەیاندن، وەک بێژەر و ئامادەکاری هەواڵ بە زاراوەی کورمانجی، هەر زوو توانیویەتی پچێتەوە پێش و ببێتەوە بێژەرێکی باشی ئەو دەنگە.**

**کاک سادق لەو ماوەیەی لە ڕادیۆ بووە خزمەتێکی زۆری کردووە وئەزموونی باشی لە سەر یەک داناوە.**

**کاک سادق زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی و فینلاندی بە باشی دەزانێ.**

---

## خاتوو ئاواره جەلالی

**هەوارامان: ٥٩**



له سەردەمێک دا که بەشێک له پێرسۆنێلی پڕکاری ڕادیۆ له سەروبەندی کۆنگرەی ١٢ دا کەوتنه بەر مەرحەمەتی تەسفیەی جیناحی له نێو حیزب دا و له ڕادیۆ دەرکران، ئاواره جەلالی وەک خوێندکارێکی به تەواوی کەم ئەزموون له باری کار له ڕادیۆ، به جورئەتەوه دەستی کرد به کار له و ڕادیۆیه و لەماوەیەکی کورت دا بووبه بێژەر و ئامادەکارێکی لێهاتوو.

ئەو له ئامادەکردنی زۆر بەرنامه و هەواڵ دا چالاک و فیداکار بووه. دوای دامەزرانی تیشک تی ڤی ئاوارەخانم یەکێک له هاوکار و بێژەرانی به ئەزموونی تیشک بووه.

جگەله تیشک و ڕادیۆ، ئاواره خانم کەسێکی ئاکتیڤ له ڕاگەیاندنی ژنان و بەشەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی حیزبه هەتا ئێستاش .
ئاواره جەلالی پەروەردەی سەنگەری پێشمەرگه و خوێندکاری زانکۆیه که هەر به منداڵی خەریکی کاری سیاسی وڕاگەیاندن بووه و هەیه.

# کاک ئەنوەر کۆهەنساڵ

**ورمێ: ٦٠**



**بێژەرێکی بەشی کرمانجی ی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاک ئەنوەر کۆهەنساڵ بووە.**

**کاک ئەنوەر هەرچەند ماوەیەکی کورت(ساڵی ١٩٩٣) لە ڕادیۆ بووە، بەڵام هەر لەو ماوەیەش دا هەم کاری کردووە و هەم زوو فێری کار لە ڕادیۆ بووە.**

**کاک ئەنوەر لە بواری ئەدەبیاتی کورمانجی دا دەستی نووسینی باشی هەیە و ئێستاش سەروکاری لە گەل ڕاگەیاندن هەیە. کاک ئەنوەر جگەلە زمانی کوردی، زمانەکانی فارسی، تورکی و نۆروێژی بە باشی دەزانێ.**

# کاک قاسم قارەمانی

**مەهاباد: ٦١**



**یەکێک لە وەرگێر و نووسەرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاک قاسم قارەمانی یە کە، وەرگێڕانی لە فارسیەوە بۆ کوردی و هیندێک جاریش ئینگلیزی بۆ ماوەی چەند ساڵ لە ئەستۆ بووە.**

**کاک قاسم کە ئینگلیزی زانێکی بە توانایە، نە تەینا رادیۆ بەڵکوو نیزیک بە ٢٠ ساڵ وەرگێر و کادری سکرتاریای حیزب بووە. تا بزانم لە ئامادە کردنی کتیبی دەرسیی فارسی بۆ گەورەساڵانی نێو حیزبیش دا جێ پەنجەی دیاری بووە.**

**کاک قاسم چ لە وەرگێران و چ لە نووسینی بابەتی سیاسی دا قەڵەمێکی پاراوی هەیە و ئێستاش درێژە دەدات.**

**کاک قاسم زمانەکانی کوردی، فارسی، ئینگلیزی و سوێدی و ئازەری بە باشی دەزانێ، بەتایبەت ئینگلیزی کە ڕشتەی تەحصیلاتی کاک قاسم ە.**

---

# کاک حەسەن حاتەمی

**مەهاباد: ٦٢**



**کاک حەسەن حاتەمی یەکێک لە کادرە خاوەن قەڵەمەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و ڕاگە یاندنی حیزب بووە.**

**کاک حەسەن جگەلە بەشداری لە ئامادەکردنی چەند بەرنامەیەکی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، وەک نووسەرێکی ڕادیۆش کاری کردووە و هەر وەها لە باقی راگەیاندنەکانی حیزبیش دا کەسێکی لێهاتوو لە باری نووسینەوە بووە. ئەو کەسێکی بە مەعلوومات و بە توانایە لە نووسین دا. ئێستاش کاک حەسەن لە نووسینی بابەتی جۆراوجۆر دا ئاکتیوە. تا بزانم کاک حەسەن زمانەکانی کوردی، فارسی، ئەنگلیزی و فینلاندی دەزانێ.**

**ئەوەش نووسینی خۆیانە کە لە کۆمێنتێک دا بووی نووسیوین.**

----

**بەڕێزم لەسەر داوای خۆت منیش عەرزت دەکەم کە لە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی بەولایەوە - دوای هاتنە دەرەوەی وڵاتی، کاک تەها عەتیقی، یاد بەخێر، - پتر لە ٢ ساڵ لە لاوە هاوکاری ڕادیۆ بووم و وڵامی نامەی گوێگرەکان - کە ڕۆژانی هەینی بڵاودەبۆوە -، ئامادە دەکرد. جاروبار بابەتی جۆراوجۆریشم دەنووسی.**

**بەڕێزەوە: حەسەن حاتەمی**

## کاک کۆسار فەتتاحی

**هەورامان: ٦٣**



**کاک کۆسار ماوەیەکی زۆر ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بووه و هاوکات له بەشەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی حیزب دا نووسینی هەبووه.**

**کاک کۆسار دوای ئەویش وەک ڕۆشنبیر و قەڵەم بەدەستێکی سەربەخۆ هەر درێژه به کاری نووسین و لێکۆڵینەوه دەدات وکەسێکی دیاری نێو ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی کوردستانه و چالاکێکی سیاسی و ڕۆشنبیریی لێهاتوویه.**

---

# کاک پەرویز مەراغەیی

**ورمێ: ٦٤**



**کاک پەرویز ماوەی چەند ساڵ وەک بێژەری بەشی فارسی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاری کردووە.**

**دوای ئەو ماوەیە بە هۆی کار و تێکۆشانی بوارەکانی دیکەی حیزبی وازی لە ڕاگەیاندن هێناوە و درێژەی نەداوە.**

**کاک پەرویز چالاکێکی دیاری نێو حیزبە و زمانەکانی کوردی، فارسی و تورکی بە باشی دەزانێ.**

## کاک کەریم پەرویزی

**کامیاران: ٦٥**



**له مێژووی ۳۱ ساڵەی ڕادیۆ دا به تەمەن لاوترین بەرپرسی ڕادیۆ کاک کەریمە. ئەو کەسێکی خوێندەوارو بە توانایە لە نووسین و ڕاگەیاندن دا، هەر زوو ڕۆڵی خۆی نیشان داوە ولە ڕاگەیاندنی حیزب دا دەستی بە کار کردووە.**

**دوای دابڕانی ٦ - ١٢ - ٢٠٠٦ کاک کەریم لە کارگێڕی ڕادیۆ ڕا بۆتە بەرپرسی ڕادیۆ و سەرەڕایی گرفتی زۆر کە لە پێشی بووە و کەمیی پێرسۆنێل، کاک کەریم توانیویەتی بەوپەڕی عیلاقەوە کارەکانی بکات ودیسان ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هەستێنێتەوە سەر پێی خۆی.**

**کاک کەریم کە خۆی موهەندیسی کۆمپیۆتێرە، خۆشی لە زۆر بواری تێکنیکی دا لە ڕادیۆ کاری کردووە.**

**ئێستاش کاک کەریم لە قەڵەم بەدەستانی بە توانایی نێو حیزبە و ئەرکی ڕاگەیاندنی لە سەر شانە. کاک کەریم زمانەکانی کوردی، فارسی وئینگلیزی بە باشی دەزانێ.**

---

## هاوڕێ چنوور قادری

**سەقز: ٦٦**



**یەکێک لە بێژەر و ئامادەکارانی دەنگی کوردستانی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر هاوڕێ چنوور قادری یە.**

**چنوور خان هەم وەک بێژەر وهەم وەک ئامادەکاری بەرنامەی تایبەتی ژنان و... دا چالاک بووە و لە ڕاگەیاندنی حیزب و ژنان دا نەخش و جێ پەنجەیەکی دیاری هەبووە و ئێستاس درێژە بە کاری ڕاگەیاندن دەدات.**

**چنوور خان لە ڕاگەیاندنی حیزب دا بە گشتی چالاکە وکەسێکی بە توانایە. چنوور خانم لە چالاکانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیشە.**

## کاک لۆقمان مێهفەر

**شنۆ: ٦٧**




**بەرپرسی ئێستای دەنگی کوردستانی ئێران کاک لۆقمان، ئەدیب و نووسەری بە توانای نێو ڕیزەکانی حیزب، ساڵانێکی درێژە لە ڕادیۆ و باقی ڕاگەیاندنی حیزبی دا کار دەکا.**

**کاک لۆقمان وەک کەسێکی جیدی لە کار دا، لە ماوەی بەرپرسایەتیی خۆی لەو دەزگا ڕاگەیاندنە دا ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی هەیە و لە دەورانی بەرپرسایەتیی ئەو دا ڕادیۆ گەشەی باشی کردووە. ئەو نووسەری دوو کتێبە و قەڵەم بەدەستێکی بە توانایە. کاک لوقمان لەو کادرانەی تێکۆشەری حیزبە کە وێڕای کار وتێکۆشانی حیزبی بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆی خوێندنی باڵای لە هەرێمی کوردستان تەواو کردووە و ئێستا بە فەرمی وەک پارێزەرە.**

**کاک لۆقمان هەردوو زمانی کوردی و فارسی بە باشی دەزانێ.**

# کاک واحید خەندەڕەش

## پیرانشار: ٦٨



ئەوەی ئاگادار بم کاک واحید بۆ ماوەی چەند ساڵ وەک کادرێکی فەننیی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاری کردووە.

کاک واحید ئێستاش خەریکی کاری نووسینە و کەسێکی بە توانایە لە نووسین دا.

زۆر بابەت و لێکۆڵینەوەی بە پێزی لە ماڵپەڕ و... دا بڵاو کردۆتەوە بەردەوامیشە هاوکات لە گەڵ درێژە دانی خوێندن.

کاک واحید زمانەکانی کوردی، فارسی، ئینگلیزی و عەرەبی دەزانێ.

## کاک نوورەددین سۆفی زاده

**ورمێ: ٦٩**



له ساڵی ١٩٩٦ ڕا کاک نوورەددین وەک بێژەری بەشی کورمانجی و دواتریش کارگێری ئێستای ڕادیۆ یه.

کاک نوورەددین دوای ئەو ساڵانه بێژەرێکی باش و به توانای دەنگی کوردستانی ئێرانه وهاوکات کارگێڕی ڕادیۆشه. ئەو که هونەرمەند(گۆرانی بێژ) ه له سەر زاراوەی کورمانجی دا زاڵه و زمانەکانی فارسی و تورکیش به باشی دەزانێ.

هەر وەها کاک نوورەددین به دەنگه خۆشەکەی جار و بارەش له پێشکەش کردنی بەرنامەی دێکۆمێنتی ومێژوویی له تیشک تی ڤی داهاوکاری دەکا.

کاک نووردەین له نووسینی بابەت بۆ ڕۆژنامەی ئاگریش فەعاله.

# کاک شەهاب خالیدی

ورمێ: ٧٠



کاک شەهاب لە ساڵی ٢٠٠٠ ڕا لە دەنگی کوردستانی ئێران وەک بێژەر کار دەکا و لە ئامادەکاریی بەرنامە و هەواڵیش دا جێ دەستی دیارە.

ئەو کەسێکی کەم تەمەن بووە لە ڕادیۆ، بەڵام زۆر زوو خۆی پێگەیاندووە و دەستی کردووە بە کاری نووسین.

کاک شەهاب لە تۆوی کتێبێک دا کۆمەڵێک وتار و نووسراوەی لە بارەی دوکتۆر قاسملوو دا کۆکردۆتەوە و کردوونی بە زاراوەی کورمانجی ی سەروو.

هەر وەها کاک شەهاب لە ئامادەکاری ودەرهێنانی بەرنامەی مێژووی و کلتووری دا هەم بۆ تیشک تی ڤی و هەم بۆ دەنگی کوردستان هاوکارێکی لێهاتوویە.

لە زۆربەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی ئاگری دا کە بە زاراوەی کورمانجی دەردەچێ، بابەت ونووسراوەی جوانی کاک شەهاب بەرچاو دەکەون. کاک شەهاب زمانەکانی کوردی و فارسی بە باشی دەزانێ.

# کاک چەنگیز سیگارچی

**مەهاباد: ٧١**



**کاک چەنگیز یەکێک لە بێژەرە دەنگ خۆش و حەماسی یەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانە کە هەم بە کوردی و هەم بە فارسی بێژەری دەکا.**

**ئەو چالاکێکی ماندووی نەناسی نێو مێدیای حیزبە کە هەم لە تیشک تی ڤی و هەم لە ڕادیۆ و هەمیش لە پێشکەشکاریی بەرنامە و بۆنەکانی حیزبی دا سیمایەکی دیارە.**


**کاک چەنگیز خۆی و خێزانی(شەهلا شەریفی) لە کارمەندانی زەحمەتکێشی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانن.**

**کاک جەنگیز لە ئامادەکردن و پێشکەش کردنی بەرنامەکانی پێشوو وئێستای تیشک تی ڤی دا وەک: جەنگاوەرانی خۆرەتاو، شەهیدان و سپێدەی بەیان دارۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ.**

---

# کاک سەید ڕەئووف دروودگەر

## پاوە: ٧٢



کاک سەید ڕەئووف ساڵانێکی دوور ودرێژ یەکێک لە کادرە فەننی یەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بووە.

تا بزانم کاک سەید کادرێکی لێهاتووی ئەو دەنگە بووە و زۆر موخلیسانە و دڵسۆزانە کاری فەننیی ڕادیۆی کردووە تا ئەو ڕۆژەی کە ماڵئاوای لە گەل نیشتیمان و رادیۆکەی کردووە.

کاک سەید ڕەئووف لە نەورۆزی ساڵی ١٩٩٩ بەهۆی راوەستانی دڵ، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوتووە.

ڕووحی شاد

## کاک عەسکەر کوردستانی

**پاوە: ٧٣**




**کاک عەسکەر لە کادرە فەننی یەکانی ساڵانێکی زۆری ڕادیۆ یە. کاک عەسکەر لە بەشە جۆراوجۆرەکانی تێکنیکیی ڕادیۆ دا ماندوویەتی زۆری چێشتووە و شاخەو شاخ و دۆڵەو دۆڵی لە گەل ئەو دەنگە زوڵاڵە کردووە.**

**کاک عەسکەر هاوکات ورزیشکارێکی بە توانا بوو لە تیمی فووتباڵی دەنگی کوردستان دا.**

**بەداخەوە کەمترین زانیاریم لە سەر کاک عەسکەر هەیە.**

# کاک عومەر قادری

**بانە: ٧٤**



یەکێک لە بێـژەرە دەنگ خۆشەکانی ڕادیـۆ شۆڕشگێڕەکانی ڕۆهەڵاتی کوردستان کـاک عومەر قـادری یە کە دەیـان ساڵ لـە تەمەنی خۆی وەک بێژەر و وەگێڕی کوردی. فارسی و، فارسی. کوردی دەرباز کردووە ولەو مەیدانە دا کەسێکی لێهـاتوو و بـە توانایە.

کاک عومەر ساڵانێکی زۆر وەک کۆڵەکەی سەرەکیی ڕادیـۆی سـازمانی خـەبات کـاری بێـژەری و وەرگێڕانـی بـە هـەردوو زمـانی کوردی و فارسی و هەمیش وەک ئۆپێراتـۆر کردووە. ئـەو بێژەرە مانـدووی نەناسە، دوای گواستنەوەی مەکۆی تێکۆشـانی لـە سـازمانی خەباتـەوە بـۆ حیزبـی دێمـۆکراتی کوردستانی ئێـران، دواتـر و لـە سـاڵی ١٣٧٣ وەک بێـژەر و وەرگێـر لـە دەنگـی کوردستانی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی بەو ئەرکە داوە.

کاک عومەر کەسێکی لێزانە لە کاری ڕادیۆی و لە هەمان کاتیش دا خاوەن ئەزموونێکی زۆری ڕاگەیـاندن و نووسینە لە بـواری سیاسی دا.

کاک عومەر زمانەکانی کوردی، فارسی و دانمارکی بە باشی دەزانێ.

## کاک مەهدی ئەعزەمی

**کرمانشان: ٧٥**



بێژەر و ئامادەکاری زۆر بەرنامەی کوردی وفارسی لە دەنگی کوردستانی ئێران کاک مەهدی ئەعزەمی کە ساڵانێکی زۆر وەک، بێژەر، ئامادەکار و تەنانەت تێکنیکارێکی ماندووی نەناسی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بووە.

ئەو کە لە ڕشتەی کۆمپیوتێر دا خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە، کەسێکی لێزانە لەو بەشە دا. کاک مەهدی جگە لە ڕادیۆ بەرنامەیەکیشی بە زاراوەی شیرینی کەڵهوری لە تیشک تی ڤی دا بەڕیوە بردووە. هەر وەها لە باقی ڕاگەیاندنی حیزب دا کەسێکی فەعال و قەڵەم بەدەست و بە توانا بووە.

کاک مەهدی میدیکارێکی لێهاتوویە و لە کارەکەشی دا کەسێکی سەرکەوتوو بووە.

## کاک ئەحمەد ڕەحیمی

**هەورامان: ٧٦**



مامۆستا ئەحمەد ڕەحیمی بۆ ماوەی چەند ساڵ کارگێڕ و ئەندامی دەستەی نووسەرانی دەنگی کوردستانی ئێران بووە.

مامۆستا وەک باقی ئەرک و تێکۆشانی حیزبیی خۆی، لەو بەشەش دا بە جیدیەتەوە کاری کردووە و هەم وەک مۆدیری داخیله وهەم وەک نووسەرێک یار و خەمخۆری دەنگی کوردستانی ئێران بووە.

مامۆستا جگەلە لە ڕادیۆ، لە ڕۆژنامەی کوردستانیش دا بابەت و نووسراوەی هەیە.

---

## کاک فؤاد حەقیقی

**کامیاران: ٧٧**



**کاک فؤاد یەکێک لە بێژەر و ئامادەکارانی چەندین ساڵەی دەنگی کوردستانی ئێرانه.**

**ئەو لە بەرنامەی لاوان و زۆر بەرنامەی دیکە دا کاری کردووە.**

**ئێستا کاک فؤاد کادرێکی ماندووی نەناسی ڕاگەیاندنی حیزبە کە قەڵەم بەدەستێکی لاوی داهاتوو ڕوونە لە بوارەکانی سیاسی و راگەیاندن دا. ئەو لە باقی ڕاگەیاندنی حیزب دا لاوێکی پڕ کاری دیارە. سەرکەوتوو بێ.**

## کاک کاروان شەڕەفی

**مەهاباد: ٧٨**



**ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەکانی لاوان لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و تیشک تی ڤی، کاک کاروان شەڕەفی.**

**کاک کاروان لەو لاوە تێکۆشەر و بەهرەمەندانەیە کە ساڵانێکی زۆرە لە ڕاگەیاندنی حیزب و لاوان دا کار دەکا و چەند ساڵ هەم دەرهێنەر و هەم پێشکەشکارێکی بەوەجی بەرنامەی لاوان بووە. ئێستاش کاک کاروان کادرێکی زەحمەتکێشی تیشک تی ڤی یە و لە باقی ڕاگەیاندنی حیزبیش دا کار و تێکۆشانی هەیە.**

## کاک سیامەند تەربی

**ورمێ: ۷۹**



کاک سیامەند ماوەیەکی زۆرە وەک بێژەر وئامادەکاری بەرنامەکانی بەشی کورمانجی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کار و تێکۆشانی هەیە.

کاک سیامەند جگە لە ڕادیۆ لە هیندێک لە بەرنامەکانی دێکۆمێنتاریی تیشک تی ڤی دا وەک بێژەر و ئامادەکار هاوکاری دەکا و لە ڕۆژنامەی ئاگری دا بابەت و نووسراوەی هەیە.

تا بزانم کاک سیامەند زمانەکانی کوردی، فارسی و تورکی بە باشی دەزانێ.

## کاک عەلی چەمەنگوڵی

**٨٠**



**کاک عەلی ماوەیەک وەک بێژەری بەشی فارسی و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕادیۆ کاری کردووە.**

**کاک عەلی زۆر بە کورتی نووسیویە تی: "من عەلی چەمەنگوڵی" لە ڕێکەوتی ١٥ - ٤ - ٨٩وە تا ڕێکەوتی ١٤ - ٢ - ٩٠ وەک ئەندامی دەستەی نووسەران و بێژەری بەشی فارسی لەو رادیۆیە زەحمەتم کێشاوە و دواتریش لە کورد کاناڵ کارم کردووە.**

## کاک سەلاحەددین حەسەن پوور (مامۆستا سەنگەر)

### پیرانشار: ٨١



مامۆستا سەنگەر یەکێک لەو کەسانەیە کە ساڵانێکی زۆرە لە میدیای کوردی دا خزمەت دەکا وخاوەن قەڵەمێکی پاراوە لە نووسین.

ئەویش وەک زۆر قەڵەم بەدەست ومیدیاکاری کوردی ڕۆژهەڵات ماوەیەک لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دا خزمەتی کردووە.

ئەوەی خوارەوە کورتەیەک لە ژیانی خۆیەتی کە سوپاسی دەکەم، بۆی ناردوومەتەوە.

کورتەیەک لە بیوگرافی خۆم، ڕەنگە هاوڕێیانی سەردەمی تەمەنی من ئەو هەلەیان بۆ نەڕەخسابێ کە ڕێکەوتی لەدایکبوونیان وەک خۆی تۆمار بکرێ، بەڵام چونکە من باوکم مەلا بوو لە پشتی کتێبێکدا ڕۆژی لەدایک بوونمیان ئاوا نووسیوە" لە ڕێکەوتی ٣ - ٩ - ١٣٤٩ ڕۆژی سێ شەممە کاتژمێر ٧،٢٥ دەقیقە خوا کوڕێکی پێبەخشیم". ئەوە نووسینی باوکمە.

لە ئاوایی قەڵاتەڕەشی پیرانی پیرانشار گەورە بووم، خوێندنی قوتابخانەم تا یەکی ناوەندی بوو، دواتر بووم بە فەقێ و پاشان ئیجازەی مەلایەتیم وەرگرت و سێ ساڵ کاری مەلایەتیم کرد. ساڵی ٦٥ی هەتاوی ئەوکات فەقێ بووم هاتمە ریزی

حیزبی دیموکرات و بەهۆی کەمتەنیمەوە لە یەکێتی لاوان وەرگیرام، دواتر چوومە فێرگە و لە کتێبخانەی فێرگە کارم کرد و دواتر بوومە مامۆستای شۆڕش لەمەڵبەندی سپی سەنگ، ساڵی ٦٨ خۆم تەحویل داوە و ئەوکات دەستم کردەوە بە خوێندنی ئاینی و ئیجازەی مەلایەتیم وەرگرت.. قسەی خۆمان بێت زیاتریش لە ترسی سەربازی بووم بە مەلا، چونکە مەلا نەدەگیران بە سەرباز.. ساڵی ٧١ جارێکی دیکەش گەڕامەوە بۆ پێشمەرگایەتی و هەتا ساڵی ٧٨ پێشمەرگە بووم، لەو قۆناغەی پێشمەرگایەتیمدا، زیاتر مامۆستای شۆڕش و ماوەیەکی زۆر وەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان و دواتر هاتمە رادیۆ و ماوەی ساڵێکیش لە رادیۆ بووم و ئیتر کە شەپۆلی دانیشتن و رۆیشتن بۆ هەندەران حیزبی گرتەوە، منیش لەگەڵ ئەم شەپۆلە کەوتم، بەڵام بە خۆشییەوە (ئێستا وا دەڵێم) قبوڵ نەبووم. لە ساڵی ١٩٩٨ەوە تاکو ئێستا لە گۆڤاری گولانی پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکەم، ئێستا بەرپرسی بەشی  ئای تی ئەو گۆڤارەم.

بە هیوای تەمەن درێژی بۆ مامۆستا سەنگەری هێژا و یا خوا هەر لە سەنگەری ڕاگەیاندنی کوردی دا خزمەت بە نەتەوەکەی بکات.

---

## کاک شەمسەددین ڕۆستەمی

**مەریوان: ٨٢**



کاک شەمسەددین یەکێک لەو لاوانەیە کە نیزیک بە ٤ ساڵ لە بەشی فەننیی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دا کاری کردووە.

دوای ئەوەی کە کاک شەمسەدین لە ڕادیۆ نەماوە و ئەرکی تری حیزبی لە سەر شان بووە ، لە ئەنجامی مەئموورییەتێکی حیزبی دا وێڕایی هاوڕییەکی دیکەی بە ناوی کاک هەژار لە نیزیک ئاوایی تەنگیسەر لە دەرگیری یەک دا لە گەڵ ئەفرادی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شەهید دەبن.

بەداخەوە زانیاریی زیاترم نیە و داواکارم لە هاوڕێیان و دۆستان کە ئەگەر زانیاریی زیاتریان هەیە، بۆمی بنێرنەوە.

ڕووحی کاک شەمسەددین و کاک هەژار و هەموو شەهیدانی کوردستان شاد

---

## کاک سمایل شەڕەفی

### هەوشار: ٨٣



لە سەرەتاکانی دەیەی ٨٠ هەتاوی کە تا ڕادەیەکی زۆر کادر و پێرسۆنێل و هەروەها نووسەرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و باقی ڕاگەیاندنی حیزب ڕوویان لە هەندەران کرد ، کۆمەڵێک لاوی خوێندەوار کە تازە ڕوویان لە ڕیزەکانی حیزب کردبوو ، لەو کەسانە بەشێکیان لە دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزب دا ئەرکیان پێ دەسپێردرێ. ڕادیۆ یەکێک لەو دەمەزراوە گرینگانە بوو کە کەسانی زیاتری بۆ دیاری دەکرێ کە لە بوارەکانی نووسین و بێژەری، فەننی و بەرپرسایەتی دا پسپۆرییان هەبووە.

کاک سمایل یەکێک لەو لاوانه یه که لەو سەردەمه دا دەست دەکا به کاری رادیۆ و وەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی رادیۆ خزمەت دەکا بۆ ماوەی نیزیک به ٦ ساڵ.

هاوکات کاک سمایل له قەڵەم بەدەستانی نیو ڕیزەکانی حیزب بووه که جێ پەنجەی له باقی ڕاگەیاندنی حیزبیش دا دیار بووه . بەداخەوه دوای دابەش بوونی کادر و پێرسۆنێلی ڕاگەیاندنی حیزب له دابڕانەکەی ساڵی ٢٠٠٦ ئەویش له ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران نامێنێ، بەڵام هەتا ئێستاش درێژه به ئەرکی راگەیاندن دەدا و له زۆر بواری ڕاگەیاندن دا ڕۆڵی هەیه.

کاک سمایل ئێستا له کاناڵێکی تی ڤی کوردی دا(کورد کاناڵ) بەرپرسایەتی هەیه و درێژه به کاری ڕاگەیاندن دەدات.

هیوادارم که لەو ئەرکانه دا سەرکەوتوو بێت.

---

## کاک شەریف فەللاح

**سنه: ٨٤**



شاعیر و ئەدیبی گەنج کاک شەریف به کارو تێکۆسانی ماندوو نەناسانەی خۆی ناوێکێ ئاشنایه و بۆ جیلی ئێستامان ناوێکی غەریب نیه.

نامەوێ باسی کاک شەریف بکەم، ئەوە نەبێ کە بەڕێزیان هەر چەند بە تەوازوع و زۆر بە کورتیش بێ کەمێک لە خۆی دواوە، دادەنێمەوە. بێ گومان کاک شەریف ئەو گەنجەیە کە هەرچەندی لە سەر بنووسرێ هێشتا کەمە.

-------

لەدایکبووی: ١٣٥٣ی هەتاوی ١٩٧٥ سنە

رادەی خوێندن: دیپلۆمی ئەدەبیات لە ئێران

لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوییەوە بوتە ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەولەوی سنەو شێعر و بابەتی ئەدەبی لە گۆڤاری سروە و زرێبارو گۆڤارە خوێندکارییەکان و حەوتوونامەکانی: ئاویەر و سیروان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو بۆتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینەوە لە باشووری کوردستان نیشتەجێە و هاوکاریم لەگەڵ حەفتەنامەکانی: چاودێر، هەواڵ و ڕۆژنامەی خەبات و هەروەها گۆڤارە ئەدەبییەکانی: "هەنار"و رامان و نما هەیە.

لە زۆربەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی وەک: "کوردستان"، تیشک، لاوان، و ژنان و خوێندکاران و تیشک بابەتەکانی کە زیاتر لە
بواری ڕۆژنامەگەری، ئەدەبی و فەرهەنگی دان، بڵاو بوونەتەوە.

ماوەی هەشت ساڵی بەردەوام بە شێوەیەکی جیدی کاری وەرگێڕان لە زمانی فارسیەوە بۆ سەر زمانی کوردی دەکات و هەتا ئێستا ئەم کتێبانەی وەرگێڕاوە:

١- لەبارەی ئەدەبیات و هونەرەوە، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٩ پرۆژەی کتێبی هەنار.
٢- چەند تێڕامانێک لە حکوومەتی هەڵبژێردراو (لە دەزگای موکریانی لەژێر چاپ دایە
٣- حیکایەتەکانی ئەو ساڵانە (چیرۆک . عەلی ئەشرەف دەروێشیان
٤- ژیانێکی تر کورتە چیرۆکی ئیتالیایی (ئەلبێرتۆ موراڤیا) ئامادەی چاپ.
٥- مێژووی نەورۆزو کرۆنۆلۆژیای ئێران (مێژوویی) (لە دەزگای موکریانی لەژێر چاپ دایە

٦- کۆکردنەوەی دوو بەیتی فۆلکلۆریکی ڕەسەنی کوردی بە ناوی (عەزیز و کوبرا و وەنەوش)و بەڕەزا.
٧- ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە سەرقاڵی نووسینی پڕۆژەیەکی ئەدەبیی بەربڵاوە بەناوی (ڕۆچنەیەک بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) کە سەرجەم ٥ بەرگە و هەتا ئێستا دوو بەرگی ئامادەی چاپە.

- ماوەی هەشت ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی (رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران) بووە و وەک نووسەری بابەت و هەواڵساز و ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی ئەدەبیی "کۆڵکەزێڕینە" کاری کردووە.

- بۆ چوار ژمارە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "لاوان" و بەرپرسی بەشی ئەدەب و هونەر بووە.

- زیاتر لە ١٠٠ بابەتی: ئەدەبی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیو هەروەها لەبارەی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری و شێعر و ئەدەبی کوردستانی ئێران بڵاو کردۆتەوە.

- ماوەی چوار ساڵی بەردەوامە لە تەلەفزیۆنی تیشک سەرقاڵی وتووێژ و دیمانەی ئەدەبی و فەرهنگییە و چەندین دیکۆمێنتی تەلەفیزیۆنیی لەبارەی زمان و فەرهنگ و ڕۆژنامەوانیی کوردییەوە ساز کردووە و هاوکاری بەرنامەی ئەدەبیی (ڕامان) لە تەلەفیزیۆنیی تیشک.

## کاک ئازاد شێخی

**سەقز: ٨٥**



**کاک ئازاد  ساڵی ١٣٨٣ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران خزمەتی دەست پێکردووە و لە بەشەجۆراوجۆرەکانی ئەو دەنگە وەک: بێژەری، نووسین، وەرگێڕان و نووسین ماندوونەناسانە کاری کردووە.**

**ساڵی ١٣٨٥ رادیۆ دەنگی کوردستانیش وەک باقی بەشەکانی حیزب تووشی لێکترازان هاتووە و پیرسۆنێلی رادیۆش بە هەمان شێوە دابەش بووە. کاک ئازادیش لەو کاتیەوە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران نەماوە، بەڵام کاری رادیۆ و تەلەویزیۆن و ڕاگەیاندنی لە بەشەکەی دیکە دا درێژە داوە تا ئەم دوایانە کە لە یەکێک لە وڵاتانی ئەورووپایی گیرساوەتەوە.**

**کاک ئازاد ئێستاش کەسێکی نیزیک لە ڕاگەیاندنە و لەو بەشەدا چالاکە. هیوام لەش ساغی و سەرکەوتنی کاک ئازادە.**

---

## کاک محەممەد بابووتە

### پیرانشار: ٨٦



یەکێک لەو لاوانەی کە ساڵانێکە لە دەنگی کوردستانی ئێران کار دەکا و لە بواری مۆنتاژ دا ئەزموونێکی زۆری لە سەر یەک داناوە، کاک محەممەد بابووتەیە. ئەو کە کورتە باڵایەکی رووح سووک و خۆشەویستی هاوڕێیانیەتی، ئینسانێکی بە ئیستیعدادە و زۆر زوو دەتوانێ فێر بێ، بۆیە هەر زوو توانیویەتی کە کاری مۆنتاژی بەرنامەکانی ڕادیۆ وە ئەستۆ بگرێ و درێژە بەو ئەرکە پیرۆزەی راگەاندن بدات و ببێتە کادرێکی دڵسۆز و لێزانی فەننی لەو دەنگە خۆشەویستە دا. کاک محەممەد دیپلۆمی لە زمانی فارسی دا هەیە.

هیوام سەرکەوتن و لەش ساغیی کاک محەممەدی هێژایە.

## کاک فەرهاد هەمزه

**کامیاران: ٨٧**



**کاک فەرهاد که ئێستا یەکێک له و تێکۆسەرانەی ڕاگەیاندنی حیزبه، هەر دوای تەواو کردنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگه له ڕادیۆ دەنگی کوردستان بۆ ماوەی نیزیک به ٢ ساڵ له سەر پەخشی رادیۆ(فرستنده) کاری کردووه. کاک فەرهاد خوێندکاری بەشی مێژوو یه و ئێستا له بەڕێوەبەرانی ماڵەپەڕی فەرمیی حزب واته Kurdistanmedia یه. منیش وێڕای ماندوو نەبوونی له کاک فەرهادی هێژا، هیوادارم درێژه به ئەرکی پیرۆزی ڕاگەیاندن له ڕیزه کانی شۆڕش دا بدات.**

## كاک هادی عارفی

**سەقز: ٨٨**



**كاک هادی بۆ ماوەی نیزیک به ٢ ساڵ له رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران وەک بەشی فەننی كاری كردووه و هاوكات یەكێک له هاوكارانی بەشی بۆ "بەختیاری كۆمەڵ "(بەرنامەی ژنان) بووه.**

**كاک هادی دواتر و له ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی بۆ درێژه دان به ئەركێ راگەیاندن، به تایبەتی بەشی فەننی، له سایتی زمان حاڵی حیزب واته Kurdistanmedia ئەركی پێ سپێردراوه و ئێستا درێژه بەو ئەركەی دەدات كه منیش سەركەوتنی هەرچی زیاتری بۆ به ئاوات دەخوازم.**

## کاک قاسم ئیبراهیمی

**مەهاباد: ٨٩**



کاک قاسم لە ڕەشەمەی ساڵی ٨٥ی هەتاوی چۆتە ئۆرگانی رادیۆ و بۆ ماوەی ٣ مانگ لە بەشی فەننی (فرستندە) کاری کردووە و پاشان لە دەورەیەکدا لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی لە رادیۆ ئەوا خولێکی راگەیاندنیان بینیوە. هەنووکە هاوڕێ کاک قاسم سەر بە ئۆرگانی رادیۆیە و لە بەڕیوەبەرانی سایتی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئیرانە. ئە و زۆر دڵسۆزانە بەشی زەبت و مونتاژی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بەڕێوە دەکات. هەروەها یەکێک لەو هاوڕێیانەیە لە بەشی ئینتیرنێتی حیزبدا (بەشی کونترۆڵ و چاوەدێری یئینتیرنێت) دلسۆزانە ئەرکە حیزبی یەکانی رادەپەڕێنێت. هەروەها سەرەڕای ماندوو بوون بە کاری حیزبییەوە بە نیسبەت خۆ پێگەیاندنیشەوە کەم تەر خەم نەبووە و لێبڕاوانە خەریکی دەرس خوێندنە و ئێستا خوێندکاری زانکۆیە.

هیوام سەرکەوتنی کاک قاسمە و دڵنیاشم کە جیدیەتی ئەو هاوڕێ یە لە کار و تێکۆشان و خۆ پێگەیاندن دا،

داهاتوویەکی ڕوون چاویروانیەتی.

## کاک شەماڵ تەرغیبی

**سەقز: ٩٠**



**یەکێک لە کادره پڕ کارەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاک شەماله که ساڵانێکه لەو دەنگه کار دەکا.**

**کاک شەماڵ لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی بەشی کورد، بێژەر، ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی شەهیدان لە دەنگی کوردستانی ئێرانه و ئێستاش وەک کادرێکی بە ئەزموون لە بواری ڕاگەیاندن لە کاری ڕادیۆ دا درێژه بە ئەرکی خۆی دەدات.**

# کاک زوبێد جابری

**ورمێ: ۹۱**



**کـاک زوبێـد پێشـمەرگەی هێـزی ئـاگری بـووه و لە شـەڕێک دا بە سـەختی بریـدنار دەبـێ. دوای ئەوەی دەگەیەنـدرێتەوه نەخۆشخانەی ئازادی، پاش ماوەیەک کە هیندێک وەزحی باشتر دەبێ، ئەرکی کۆنترۆڵ کردنی پارازیتی پێ دەسپێردرێ و بـۆ ماوەیەکی درێژ لەو بەشە دا هاوکاری رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بووه.**

**کاک زوبێد سەرەڕایی ئەوەی کە خوێندەواری یەکی ئەوتـۆی نەبـوو، بەڵام بە عیلاقەیەک کە بەو کـارەی بـووه، توانیـویەتی دەورانێک خزمەت بە ڕادیۆ بکات.**

## کاک هێمن خودا کەرەمی

**سنه: ٩٢**



**ئەو لاوە خەباتکارەی ڕادیۆ دنەگی کوردستان لە دایک بووی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی یە و ساڵی ١٣٨٧ ڕووی کردگە پێشمەرگایەتی.**

**کاک هێمن ساڵی ٨٨ وەک کادرێکی فەنیی ڕادیۆ دەست بەکار بووە و لە زۆر بەشی جیا جیا دا کار دەکا، وەک: بەشی فەننی، زەبت و ئامادەکاری هەواڵ و باسەکان.**

**کاک هێمن بە کار و تێکۆسانی ماندووی نەناسانەی خۆی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بۆتە کەسێکی بە ئەزموون و لێهاتوو. منیش هیوادارم کە تەمەنی درێژ و لەش ساغ بێ تا زیاتر خزمەت بە گەل و نیشتیمانەکەی بکات.**

## کاک ئەنوەر محەممەدزادە

**مەریوان: ٩٣**



یەکێکی لەو کادرە گەنج و بە توانایانەی ڕاگەیاندنی حیزب کاک ئەنور محەممەد زادەیە کە بۆ ماوەی ٢ ساڵ(١٣٨٨ و ٩٠) وەک بەشی زەبت لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاری کردووە .

بە هۆی ئەزموون و شارەزایی لە کاری فەننی، کاک ئەنوەر دواتر نەقڵی تیشک تی ڤی کراوە و ئێستا لەو کاناڵە ئەرکی کاری فەننیی لە سەر شانە.

هیوام وایە لاوی بە ئەزموون و بە توانای وەک کاک ئەنوەر نموونەیان زیاد بێ.

## کاک جەماڵ ئەمینی

**مەریوان: ٩٤**



**کاک جەماڵ له ساڵەکانی ١٣٨٧. ٨٨ بۆ ماوەی دوو ساڵ له ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاری کردووه و ئەرکی بەشی فەننیی بەڕیوەبردووه. و دواتر ئەرکی دیکەی حیزبی وەئەستۆ گرتووه.**

**کاک جەماڵ یەکێک له و لاوانه بووه له رادیۆ که توانیویەتی کاری فەننیی زوو فیر بێ و بۆ ماوەی ٢ ساڵ لەو دەنگه خۆشەویسته دا کار بکات.**

**سەرکەوتنی بۆ به ئاوات دەخوازم.**

## کاک کۆسار خودایاری

**مەریوان: ٩٥**



**یەکێک لەو گەنجانەی کە ٤ ساڵ کاری لە دەنگی کوردستانی ئێران دا کردووە، کاک کۆسارە کە لە ساڵی ١٣٨٤ تا ٨٨ لە بەشەکانی وەک: فەننی و تەولیدی دەنگی کوردستان دا ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بەڕێوە بردووە.**

**دواتر کاک کۆسار لە وڵاتێکی ئەوروپایی گیرساوەتەوە و ئێستا خەریکی ئیدامەی خوێندنە.**

**منیش ئارەزووی سەرکەوتنی بۆ دەکەم.**

## کاک ئازاد سەلەواتی

**سنه: ٩٦**



**کاک ئازاد یەکێک لەو گەنجانەیە کە لە ساڵی ١٣٧٩ - ٨٠ بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاری کردووە.**

**لەو ماوەیەی کە کاک ئازاد لەو دەنگە خۆشەویستە کاری کردووە، لە بەشەکانی وەک بۆڵتەنی خەبەر، دەستەی نووسەران و و هاوکات وەک کادری دەرمانی لە خزمەت پێرسۆنێلی رادیۆ دا بووە.**

**کاک ئازاد ئێستا لە دەرەوەی وڵات ژیان بە سەر دەبا و هاوکارو چالاکیی جۆراوجۆری هەیە لە پێناو خزمەت بە گەل و نیشتیمانی.**

**منیش هیوای ساغی و سڵامەتیی بۆ بە ئاوات دەخوازم.**

# خوشکە ئاڵا شەنگەپوور

## مەهاباد: ٩٧



یەکێک لە کادرە ماندووەکانی نێو ڕیزەکانی حیزب هاوڕێ ئاڵا شەنگەپوورە و خۆی ئەو کورتە یەی لە سەر کار وتێکۆسانی خۆی نووسیوە. هەرچەن ئاڵا خانم و هەموو ئەو کەسانەی کەلەم لیستەیە دا ناویان هەیە، شیاوی ئەوەن کە کتێبیان لە سەر بنووسرێ.

... لە ساڵی ١٣٦٠ پێوەندیم بە یەکێتی لاوان لە شاری مەهاباد کردوە. لە ١٣٦٢ دوای ئاشکرا بوونی شانەکانمان واتە پاییزی ٦٢ شارم بە جێ هێشت و چوومە ناو یەکیەتی لاوان لە ناوچە ی مەهاباد. ماوەی ٣ ساڵ وەک کادری سیاسی و دەرمانی تێکۆشانم هەبووە.

ساڵی ١٣٦٥ چوومە نەخۆشخانەی شۆرش و پاشان نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ و لە زۆربەی بەشەکان کارم کردوە، وەک کادری بەخش، دیوی عەمەل، وەک کۆمک جەرراح، هەروەها دوای ٢ کوورسی ددانسازی ماوەیەکی زۆریش لەو بەشە کارم کردوە. ساڵی ٦٧ ژیانی هاوبەشم پێک هێنا و شان بە شانی هاوسەرەکەم درێژەم بە تێکۆشان دا.

لە ساڵی ١٣٦٩ وەک بەرپرسی گشتی دەرمانی و نەخۆشەکان لە کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی دیاری کرام و نەخۆشخانەم جێ هێشت. لە لایەن شەهید کاک دکتۆر سەعید من و سەکینە جەوانمەردی و حەلیمە ئیبراهیمی و کاک هەیاس دیاری کراین تا

یەکیەتی ژنان تێکۆشانی بەر فراوان کاتەوە. دواى ماوەیەک لە رادیۆ بەشێک کرایەوە بە ناوی "بۆ بەختیاری کۆمەڵ" کە من و حەلیم و خوشکە خەجیج بە هاوکاری کاک هەیاس بەرێوەمان دەبرد تا ئەو کاتەی ڕووم کردە ژیانی هەندەران.

هیوای ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ ئاڵا خانم  و بنەماڵەکەیان

---

## کاک ڕەزا ڕەشیدزادە

**مەهاباد: ٩٨**



بێژەرێکی بە توانای ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاک ڕەزا ڕەشیدزادە بوو بۆ ماوەیەکی زۆر. ئەو کە ناسرابوو بە بێژەری وتاری سیاسی و ڕاگەیاندراوەجۆراوجۆرەکانی حیزب لە ڕادیۆ، سەبک و ئەدای تایبەت بە خۆی هەبوو کە توانیبووی سرنجی گوێگرەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. هەم دەنگێکی خۆش، و هەم شیوەی پێشکەش کردنی وتار و ڕاگەیاندراو لە مەهارەتی بێژەریی کاک ڕەزابوون.

دوای کۆنگرەی ٨ ی حیزب و دابران لەو حیزبە دا، کاک ڕەزا هیچکام لە دوو بەشی حیزبی هەڵنەبژارد و وازی لە خەباتی سیاسی هێنا و گەڕایەوە شاری مەهاباد.


بەداخەوە وێڕای ئەوەی کە کاک ڕەزام لە نیزیکەوە دەناسی، بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆم لە سەریان نیە.

هیوای ژیانێکی خۆش بۆ کاک ڕەزا.

---

## کاک سولەیمان محەممەد جانی

**مەهاباد: ۹۹**



بەڕێزیان یەکێک لە کادرەکانی رادیۆ بووە کە لە بەشی زەبت کاری کردووە. بەڵام بەداخەوە لەوەی زیاتر زانیاریم دەست نەکەوتووە و هەر ئەوندە دەڵێم، کاک سولەیمان لە هەر کوێ یەکی ئەم جیهانە پان و بەرینە دەژی، هیوام ژیانێکی خۆشە بۆیان.

---

## خوشکە نەرمیل گادانی

**مەهاباد: ١٠٠**



**ئەو خوشکە بەڕێزە هەر وەک دیارە لە بنەماڵەی بەڕێزی گادانی یە. ئەو هێندە زانیاریم هەیە کە نەرمین(نەرمیل) ماوەیەک وەک بێژەر لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاری کردووە. ئەوەی ڕاستی بێ زانیاریی دیکەم لە بارەی ئەو بەڕیزەوە نیە و هیودارام خۆی، یان کەسانێک کە دەیناسن زانیاریی زیاترم بۆ بنووسنەوە.**

**هیوای تەمەن درێژی بۆ نەرمین خان**

---

## خوشکە مەریەم

**مەهاباد: ١٠١**



ئەو خانمە ڕێزدارە کە تا بزانم خێزانی کاک پۆلا نانەوازادە بێژەری رادیۆیە. مەریەم خانم بێژەرێکی بەشی ئازەری بووە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران.

زانیاریی زیاترم نیە بەداخەوە، هیوادارم چ خۆیان، یان دۆستان و ئاشنایانیان هاوکار بن بۆ زانیاریی زیاتر.

هیوای ژیانێکی خۆش بۆ مەریەم خانم و بنەماڵە بەڕیزەکەیان.

# کاک جەماڵ کەریمی

**مەهاباد: ١٠٢**



کاک جەماڵ یەکێک بووە لە کادرە فەننی یەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کە بەشی زەبت بووە. بەداخەوە زانیاریی زیاترم لە سەریان نیە.

کاک جەماڵ لە هەر کوێ یەک دەژی، ساغی و سڵامەتیی بۆ بە ئاوات دەخوازم.

## کاک ڕەزا محەممەد ئەمینی

**مەهاباد: ١٠٣**




یەکێک لەو کادره دیار وماندووی نەناسانەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، کاک ڕەزا بوو کە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی ئەم بابەتەم دا هەوڵم دا پەیوەندیی پێوە بکەم، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندیمان نەبوو نەمتوانیبوو زانیاریەکان لە کاک ڕەزا وەرگرمەوە.

ئەوەی کە دەیبینن دڵۆپێک لەو دەریا زانیاریانەیە کە لە سەر رادیۆ لای کاک ڕەزا تۆمار کراون. بۆیە من بێ ئەوەی دەستکاریم کردبێ دەقی ولامی ئەوەی کە، کاک ڕەزا تکایە باسی بەشێک لە کارەکانت لە ڕادیۆ بۆ خوێنەران بکەن، وەک خۆی دادەنێمەوە و پڕە لە زانیاری. هەر لێرەوە پڕ بە دڵ سوپاسی کاک ڕەزا دەکەم و هەر ئەوەشم چاوەڕوان دەکرد لە بەڕێزیان.

سڵاو بەرێز کاک کاووس

بەو هیوایەی ساغ و سڵامەت بی.

کاکە من لە ساڵی ١٣٧٢ هاوکاریم لەگەڵ کۆمیسیۆنی رادیۆ بە کاری تەرجوومە لە زمانی کوردی بۆ فارسی دەست پێ کردوە؛ دیارە چەند مانگ دواتر هاوکاری دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی"کوردستان"یشم لە تەرجوومەرا دەست پێکرد. هاوڕێی

بەرێزو خۆشەویستم سیامەک قەوی پەنجە هاندەرم بوو بۆ کاری تەرجوومەو هەڵەکانی بۆ راست دەکردمەوەو بە کوردی مامۆستام بوو.

من لە کۆمیتەی مەهاباد بووم و لەگەڵ چوونەوەی کادرو پێشمەرگەکان بۆ ناو خۆ، دەچوومەوە و لەگەڵ هاتنەوەمان بۆ بنکەکان، یانی لەگەڵ هاتنی پاییز و سەرماو سۆڵە، دەستم دەکرد بە هاوکاریی کۆمیسیۆنی رادیۆ و چاپەمەنی. دیارە هەر لە پاش ئەوەی دەستم لە تەرجوومە راهات، دەستم بە وتار نووسینیش کرد و بۆ هەردووک ئۆرگان وتارم دەنووسی و تەرجوومەم دەکردەوە..،. لە رۆژنامە سەرەتاکان وتارەکان بێ نێو و ئیمزا بڵاو دەکرانەوە، بەڵام پاشان کە نێوی نووسەران لە سەر وتارەکان دەنووسرا، من بە ناوی "رەوەز" کە ناوی کورەکەمە وتارم دەنووسی، دیارە تەرجومەکان ناویان لەسەر نەبوو، دەنا دەبا ناوی من لەسەر زۆربەی وتارەکان نووسرابا.

لەو ماوەیەدا رادیۆ لەژێر زەختی یەکییەتی نیشتمانی داخرا و پاشان نێردرا بۆ کەرکووک. لە ١٣٧٤ بۆ ماوەی ٢ مانگان وەک مەئمووریەت چوومە رادیۆ کە ئەوکات کاک حەسەن شەرەفی بەرپرسی بوو.لەو ماوەیە دا دەنگم تاقی کراوە و پێیان باش بوو و من خەریکی وتار نووسین و تەرجوومە بووم. لە سەدا ٩٠ی وتارەکانی من بە زمانی فارسی بوون و لە کوردی بۆ فارسیش تەرجوومەم دەکرد. پاش ئەو دوو مانگە لەبەرەبەری چوونەوەی پێشمەرگە بۆ ناو خۆ، خۆم پێ رانەگیراو هاتمەوە کۆمیتەی مەهاباد و بۆ ئاخر جار لە ساڵی ١٣٧٥ چوومەوە ناو خۆ.

لەداوی هەتنەوەمان لە ناوچە راستەوخۆ بووم بە کادری رادیۆ و چوومە کەرکووک، بەڵام ماڵم هەر لە ئازادی بوو. من لە بەشی فارسی رادیۆ کاری بێژەری، نووسین و تەرجوومەم دەکرد و لە هەمان کات دا هاوکاری بەشەکانی دیکەشم وەک بەرنامەی وڵامی نامەی گوێگرەکان دەکرد، دیارە بۆ ماوەی چەند رۆژیش لە بەشی کوردی دا بێژەریم کردوەو هاورێیان دەنگمیان بۆ بەشی کوردیش پێ خراپ نەبوو. ئەوکات لە بەشی فارسی کاک سیامەک و کاک عەلی جەوانمەردی لێ بوو، هەرچەند عەلی لە بەشی کوردیش دا بوو. بەشی کوردیش بریتی بوون لە کاک برایم لاجانی کە جێگری کاک حەسەن بوو، کاک عەزیز شێرخانی و مامۆستا پەیمان و بەرێز خوشکە خەجیج و بەشی کرمانجییش بەرێزان کاک نەورۆز سەرپەرەستی دەکردو کاک سادق و کاک نوورەدین بێژەر بوون.

شایانی باسە کاک سیامەک بۆ ماوەی ساڵێک بە هۆی هێندێک گیرو گرفت نەهاتەوە رادیۆ و بەوهۆیە کە کاک برایمیش "شکستە نفس"ی دەکردو پێی وابوو فارسییەکەی باش نییە خۆی لەم بەشە نەدەدا، من ناچار بووم بۆ راپەراندنی کارەکە لەگەڵ بەرێز کاک حەسەن شەرەفی بە نۆرە برۆینەوە بۆ کۆیەو دەبا هەمیشە یەکمان ئاگامان لە بەشی فارسی بووبا؛ هەر

چەند بەهۆی پله و پایەی کاک حەسەن وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی کاک حەسەن زوو زوو سەردانی کۆیەی دەکردو ئەوە من بووم کە زۆرتر لە رادیۆ دەمامەوە و بەشی فارسییەکەم هەڵدەسووڕاند. دیارە هەر کاتیش بەناو بۆ سەردان هاتبامەوە کۆیە، ئەوە رۆژنامەی "کوردستان" هەبوو کە وچانم پێ نەدا.

لە پاش یەکگرتنەوەی حیزب،یادی بەخێر کاک عوسمان رەحیمی و کاک هەمزە ئاگووشی تەشریفیان هاتە رادیۆ و لە پاش کۆنگرەی ١١ کاک عوسمان وەک جێگری کاک حەسەن دەست نیشان کرا.کاک عوسمان وتارنووسێکی باش و خێرا بوو و زۆر زوو توانی رەواڵی کارەکان بە رێک و پێکی بەرێوە ببات. لەو بەینە دا سیامەک گەرایەوە کەرکووک و کاک ئەحمەد قادری نەقڵی رادیۆ کرا و بە کورتی رادیۆ کادری شازی هەبوو.

لەسەر بریاری دەفتەری سیاسی قەرار درا کادرەکانی رادیۆ ماڵیان لە کەرکووک بێ، هەر بۆیەش لە گوندی ترکەڵان ماڵیان بۆ ئێمە ساز کردو و بە نابەدڵی ئازادی و شاری کۆیەمان بەجێ هێشت و روومان لە دەشتی کەرکووک کرد. پاش ماوەیەک لەبەر دەرسی کچەکەم ماڵەکەم بردە شاری کەرکووک و لە ماڵەکەی پێشووی رادیو لەگەڵ کاک نوورەدین نیشتە جێ بووین. بەڵام پاش چەند مانگ کێشەی مەدرەسەی کچەکەم جێ بە جێ و نەبوو و لە ناچاری کچەکەم ناردەوە ئازادی و لە مەدرەسەی کۆیە ناویم نووسی و پاش وابزانم ٢ مانگ دواتر،لە سەرماوەزی ١٣٧٧ لە کۆمیسیۆنی رادیۆ نەقڵم وەرگرت بۆ کۆمیسیۆنی ئاموزش و پاش دوو ساڵ و نیو، هاوکاری من لەگەڵ رادیۆ کۆتایی پێهات. لەو ماوەیە دا بیرەوەری زۆر خۆش و ناخۆشم هەبووە کە رەنگە پێویست بە باس کردن نەکات، بەڵام خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە هاوکاری شەهیدان کاک مەنسوور رەشە هەورامی و کاک عوسمان رەحیمی بووم و توانیومە بەشێک بم لە رابردووی رادیۆ؛ئەو رادیۆیەی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو و کەسانی بەرێزی وەک کاک تەها عەتیقی و کاک ئەحمەد شێربەگی و سیامەک و خوشکە خەجیج و مامۆستا پەیمان و مامۆستا بێبەش و.... کاری نووسین و بێژەری و تەرجوومەیان تێدا کردوە .حەق وایە یادی بەرێزانی بەشی فەننی بکەم کە ئەوکات هاوکاریان بووم: موهەندیس خەیاتی، کاک مەنسوور خوسرەوی و کاک عەسکەر و کاک عوسمان دەروێش عەولا و کاک مەولوود و کاک سولەیمان و نەمران کاک رەئووف درووددگەر و ئەسعەد دریازی

------

لەو ماوەیەی کە لە رادیۆ بووم بە دەقیقی نازانم، بەلام دەزانم زیاتر لە ٢٠٠ وتارم نووسیوە و زۆر لەوەش زیاترم تەرجوومە کردۆتەوە؛ دیارە کاری تەنزیمی هەواڵەکانیش کە کاری هەموو رۆژێمان بوو هەر بۆ باس کردن نابێ.

لە پاش گەرانەوەم بۆ کۆیە ئیتر بووم بە هاوکاری سەرەکی رۆژنامەو هەروەها وتارم بۆ لاوان، تێکۆشەر و گۆڤاری تیشک نووسیوە و بەردەوام بووم هەتا....... ماڵاواییم لە حیزب و هاورێیانم کرد لە رۆژە تاڵەکەی ١٤ - ٦ - ١٣٨٠.

**بەڕێز کاک کاوس!**

**ڕەنگە هەڵەی ئیملاییم هەبێ، چونکە بەڕاستی ملم ژان دەکا و تاقەتی پێدا چوونەوەی نووسراوەکەم نییە، بە قەولی برادەرێک دەیکوت ئەو ملە باریکە کوا ئەو سەرە زلە ڕادەگرێ؟**

**ئەوە بۆ پێکەنین بوو، بەڵام لە ڕاستی دا لە کاری نووسین دا هیچم پێ نەبرا جگە لە ئارترۆزی مل کە برستی لێهەڵگرتووم.**

**هەر بژی بە شادی و داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەم. تکایە ئەگەر کەم و کۆری هەبوو یان شتێکم لە بیر چووە یان پرسیارێکت هەیە بفەرموو.**

**برات ڕەزا**

---

## کاک هەمزە ئاگووشی

**پیرانشار: ١٠٤**



**یەکێک لەو کادرانەی کە بۆ ماوەی چەند ساڵ وەک دەرهێنەر(بەشی زەبت) لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران خزمەتی کردووە، کاک هەمزە ئاگووشی یە.**

ئەو کادرەی ڕاگەیاندنی حیزب لە ساڵی ١٣٧٢ تا ٧٧ بۆ ماوەی پێنج ساڵ ڕەنجی کێشاوە هەر دوای دەست لە کار کێشانەوەی لە کاری ڕادیۆ، لە میدیاکانی باشووری کوردستان دا بۆ ماوەی ٦ ساڵ کاری کردوە.

هەر وەک خۆی بەم جۆرە دەنووسێ: "جگە لە راگەیاندنی حیزب، بۆ ماوەی ٦ ساڵ لە رۆژنامەکانی کوردستان راپۆرت، هەولێر، گۆڤاری هونەر، گۆڤاری گەنجان و وەرزش و رادیۆی زانکۆ کارم کردووە".

کاک هەمزە ئێستا لە وڵاتی نۆرویژ دەژی و سەرووکاری لە گەل راگەیاندن هەر هەیە.

منیش هیوای ساغی و سڵامەتی بۆ کاک هەمزە بە ئاوات دەخوازم.

---

## کاک ئیبراهیم حەیرانی

**مەهاباد: ١٠٥**



یەکێک لەو لاوە لێهاتوویانەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کە ماوەی دوو ساڵ و نیوە لە بەرنامەی لاوان دا کار دەکا و تەنانەت ماوەیەک هەموو ئەرکی بەرنامەکەی لە سەر شان بووە، ئیبراهیمی لاوە.

ئەو کە کوڕی دایک و باوکێکی پێشمەرگەیە، دوای وەرگرتنی دیپلۆم رووی کردۆتەوە پێشمەرگایەتیی حیزب و لە ماوەیەکی کەم دا هەم بەرنامەی لاوان لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی گرتۆتە ئەستۆ و هەم ماوەیەکیش لە سایتی ناوەندیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا کاری کردووە.

ئیبراهیم ئێستاش درێژە بە ئەرکی راگەیاندنی لاوان دەدات و منیش هیوادارم کاک ئیبراهیم لە داهاتوویەکی نیزیک دا ببێتەوە کادرێکی بە ئەزموونی راگەیاندنی حیزب و لاوان.

---

## کاک نەریمان مینبەری

نیەر: ١٠٦



کاک نەریمان ڕۆڵەی نیەری دێمۆکرات پەرەوەرە و لە سەردەمانێکی دژوار دا ماوەیەک لە ڕادیۆ کاری کردووە. ئەو کە ئیستا لە ولاتی نیوزلەند دەژی، بیرەوەریی ئەوکاتەی کە قفڵ یان لە دەرکی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دایەوە و دەنگیان کپ کرد، لەوێ بووە و وەک خۆی دەڵێ: یەکێک لە تاڵترین بیرەوەرییەکانیەتی کە کاتێک دەرگای رادیۆیان داخستوە وجەکداریان لە بەر دەرکە داناوە.

کاک نەریمان دوای ئەوەی کە رووی کردۆتەوە هەندەران، درێژەی بە کاری راگەیاندن نەداوە و ئیستا خەریکی نووسینی بەشیک لە بیرەوەرییەکانی پێشمەرگایەتیی خۆیەتی.

من لیره را ئارەزووی سلامەتی بۆ دەکەم و هیوادارم بە زووترین کات کۆتایی بە بیرەوەرییەکانی بێنێ.

---

## کاک عومەر ئەمینی

**مەهاباد: ١٠٧**



هەر وەک زۆر جاریش گوتوومە کە مێژووی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران پڕە لە لاپەڕەی شاراوە کە تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن ئەو لاپەرانە هەڵدەنەوە کە لەو دەزگایە دا خزمەتیان کردووە وکاری من نیە بە زانیاریی کەمم لەو بوارەدا بتوانم ئەسڵی ئەو دەنگە زوڵاڵە بە خوێنەر و جیلی ئێستا و داهاتوو بناسێنم، بەڵام وەک دەڵێن: لە کەویری لووت دا دڵۆپەئاوێکیش دەریایەکە. ئەوەتە کاک عومەر دوای سالانێکی دوور و درێژ بە نووسینی بابەتێک خۆی ئاشکرا کرد کە لە بناغەدانەرانی تێکنیکیی ڕادیۆ بووە.

من وێڕای دەست خۆشی لە کاک عومەر، هیوادارم ڕۆژێک بە خزمەتی بگەم و ولامی زۆر پرسیاری لێ وەرگرمەوە. فەرموون بەشێکی کورت لە نووسینەکەی کاک عومەر:

... بۆ ئەو کارە تەشکیلاتی، سیاسی، هێزی نیزامیو سەنتەرێکی تەبلیغاتی مونسەجیمو کارامەی پێویست بوو. هەر بۆیە ڕێبەرایەتی حیزب بۆ لەقاودانی جەنایەتەکانی ڕژیم دژ بە گەلی کوردو گەیاندنی ڕاستییەکان بەگوێی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، بڕیاری دامەزراندنی دەستگایەکی ڕادیۆییدا. ئەو بڕیارە ڕۆژی ١٥ خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ گەیشتە قۆناغی جێبەجێ کردن.

ئەمن دەگەڵ شۆڕشگێڕی نیشتمانپەروەری ئـازەری زمـان، خوالێخۆشبوو بەڕێز موهەنـدیس ڕەزا خەیـاتی بـۆ ئەو کـاره دیـاری کرامو بۆ ئەوەڵین جار ئەو ڕادیۆ بەئەرزش و خۆشەویستەی گەلی کورد بەسـەر شـانو پیلی خەڵکی گوندەکانی سەرشـاخان و پێشـمەرگەکانی پـارێزەری ڕادیـۆ لەگونـدی (لـگ بـن)ڕا به دۆڵـی بـابەکراویدا چۆتەسـەریو له تەنیشت گونـدی (کێلـێ سەرشاخان) له دۆڵی بابەکراویدا له ئەشکەوتێکدا جێگیر کراو من بەشـانازییەکی زۆرەوە ١٥ی خەزەڵـوەری ١٣٥٨ ئەوەڵین پەخشی ئازمایشیی ڕادیۆ دەنگی کوردستانم بەگۆرانییەکانی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو کاک محەممەدی مامڵێ ڕازاندەوە.....

هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژی بۆ کاک عومەر

---

## کاک عارف نادری

قوروە: ١٠٨



کـاک عـارف لەو تێکۆشـەره گەنجـانەی نێـو ڕیزەکـانی حیزبـی دێمـۆکراتی کوردسـتانی ئێـرانه که جـێ پەنـجەی له زۆر بـواردا دیاره. له خەبـاتی نـاوخۆی وڵات، ڕاگەیـاندن، مافەکانی مرۆڤ و خەبـاتی پێشمەرگایەتی.

یەکێک لەو سەنگەرانەی که کاک عـارف تێیـدا خەبـاتی کـوردووه ڕادیـۆ دەنگی کوردسـتانی ئێـران بـووه که وەک بەڕێوەبەر و ئامادەکاری بەرنامەی خوێندکار چەند ساڵی کاری کردووه. هەر وەها له باقی ڕاگەیاندنەکانی حیـزب دا کـادرێکی هەڵسـوور و خاوەن قەڵەمێکی بەهێز و پڕ خوێنەر بووه و هەیه.

کاک عارف دوای ساڵانێکی درێژ خەباتی بواری جۆراوجۆر، ئێستا لە وڵاتی نۆرویژ دەمێنێ و کار و خەباتی نووسین و بوارەکانی تر درێژە دەدات کە منیش هیوام سەرکەوتنی هاوڕێ کاک عارف نادری یە.

هەربمێنی بۆمان

---

## کاک هیوا میرزایی

**سەقز: ١٠٩**



کاک هیوا یەکێک لەو گەنجانەیە کە وەک جیلی سێهەمی ڕادیۆ کاری کردووە. ئەو سەرەتا وەک پێشمەرگەی پارێزەری ڕادۆی چووتە ڕادیۆ و دواتریش لە بەشەکانی ڕادیۆ دا تێکۆشانی هەبووە.

کاک هیوا کە ئێستا لە وڵاتی سوئیس وەک ئەندامێکی چالاکی حیزب تێکۆشانی هەیە، لە باری کار و ئەرکەکانی لە ڕادیۆ دا بۆی نووسیوم:

"من ساڵی ١٣٧٨ چوومە رادیۆ وەک پارێزگاری لە رادیۆ پاشان ١٣٧٩وە بۆ ماوەی ٣ سال لە بەشی بڵاوکردنەوەی رادیۆ کارم کردووە و دوای ئەو بۆماوەی نیزیک بە ٣ سالیش لە ناوەندی موخابراتی بێ سیم کە هەر سەر بە رادیۆ دەنگی کوردستان بوو کارم کردووە."

هیوای ساغی و سلامەتی بۆ کاک هیوا،

---

## کاک فەرەیدوون نوسرەتی

**سنە: ١١٠**



کاک فەرەیدوون بۆ ماوەی نیزیک بە ٢ ساڵ لە بەشەجۆراوجۆرەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دا خزمەتی کردووە، هەم لە بەشی موخابرات(پەیوەندی)ی و هەمیش لە بەشی تێکنیکی دا کاری کردووە.

کاک فەرەیدوون ئیستا کادری بەشی ئەمنیەتی حیزبە و هیوام ساغی و سڵامەتیی کاک فەرەیدوونە.

---

# کاک محەممەد عەلی عینایەتی

**سنە: ١١١**



**کاک محمد عەلی جگەلەوەی کە تێکۆشەر و خەباتکارێکی تەشکیلاتی حیزب و ئەندامی ڕێبەرایەتی بوو، هاوکات ماوەیەکیش لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران وەک نووسەر و بەرپرسی داخیلیی ڕادیۆ کاری کردووە.**

**هاوڕێ عینایەتی دوای ئەوەی کە ڕادیۆ دەنگی کوردستان گوازرایەوە بۆ کەرکووک، نێوان کۆنگرەی ١٠ بۆ ١١ لە ڕادیۆ کادری کردووە و دواتریش لە وڵاتی سوئێد گیرساوەتەوە و لەوێش درێژە بە کار و تێکۆشانی حیزبیی خۆی دەدات کە هیوادارم هەردەم ساغ و سڵامەت بێ.**

## هاوڕێ ئەسمەر عەبباسی

ورمێ: ١١٢



ئەو هاوڕێ خەباتکارەی شۆڕشی شاخ یەکێک لە بێژەرە هەرە دەستپێکەکانی زمانی ئازەری لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بووە.

ئەسمەر خانم کادرێکی هەڵسووری ڕاگەیاندنی حیزب لە ڕادیۆ و چاپەمەنی بووە بۆ ماوەیەکی زۆر کە هاوکات کاک شوکریی هاوژینی لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی بەشی چاپەمەنی بووە لە کاری فەنیی ڕۆژنامەی کوردستان و بڵاو کراوەکانی تری حیزب دا. ئەوان خێزانێکی پێشمەرگەی ڕاگەیاندنی حیزب بوون و دوای ساڵانێکی زۆر بنەماڵەی بەڕیزی هەردوو کادری ڕاگەیاندنی حزیب لە وڵاتی ئاڵمان گیرساونەوەتە و هەر لە ڕیزی خەباتکارانی دێمۆکرات دان.

ئەسمەرخانم زمانەکانی کوردی، فارسی و ئازەری و بێ گومان ئاڵمانیش بە باشی دەزانێ.

هیوای ساغێ و سڵامەتی بۆ هاوڕێ ئەسمەر و کاک شوکوری و بنەماڵەکەیان.

# خوشکه هاوڕێ ئسماعیلی

**بۆکان: ١١٣**



هاوڕێ ئیسماعیلی کادری دەیان ساڵەی نەخۆشخانەی ئازادی که تا ئیستا جگەله ئەرکی مامانی له نخۆشخانه، دەیان و سەدان بریندار له خزمەت و ماندوو بوونه دڵسۆزانەکانی بەهرەمەند بوونه و له ماوەی ٣٠ و چەند ساڵی ڕابردوو دا ئەو مرۆڤه خەباتکار و دڵسۆزه، کادری حیزب، پزیشکێک له نەخۆشخانه، کادری ڕێبەری له نێوان کۆنگرەکانی ١٤ و ١٥ی حیزب و دایکێکی فیداکار و پشت و پەنایەکی قایمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کاک عومەر غولام عەلیی هاوسەری بووه.

خوشکه هاوڕێ لەگەل هەموو ئەو ئەرکانه دا بۆ ماوەیەکی زۆر له ئامادەکردن بەرنامەیەک له بواری پسپۆریی خۆی دابووه وله رادیۆ بڵاو بۆتەوه.

خوشکه هاوڕێ جگه له کاری پزیشکی، بەردەوام هاوکاری ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنان بووه و هەیه.

ئەوەی بزانم هاوڕێ خانم زمانەکانی کوردی و فارسی به باشی دەزانێ.

هیوای ساغێ و سڵامەتی بۆ هاوڕێ خانم.

# کاک خوسرەو کاشانی

**مەهاباد: ١١٤**



**هاوڕێ کاک خوسرەو کاشانی یەکێک لە کادرە دەستپێکیەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانە کە ساڵانێکی زۆر لەو دەزگا ڕاگەیاندنە خۆشەویستەی خەڵکی کوردستان کاری کردووە.**


**کاک خوسرەو لە زۆر بەشی ڕادیۆ دا چالاک بووە کە بەشی فەنی هەرە دیارترینیانە.**

**هاوڕێ کاک خوسرەو دوای ساڵانێکی زۆر کار لە ڕادیۆ ئەوجار پاش دیتنی چەندین دەورەی پزیشکیی پێشکەوتوو، وەک پزیشکێک لە نەخۆشخانەکانی حیزب کاری کردوە کە خزمەتەکانی ئەو سەربازە گومنامەی ڕێزەکانی حیزب وەک دەئستێرەیەکی گەش دەدرەوشێنەوە.**

**کاک خوسرەو جگەلە زمانی کوردی و فارسی، زمانی فەرانسەویش لە نەخۆشخانەی حزیب و لەگەڵ دوکتۆرە فەرانسەویەکان بە باشی فێر بووە و زمانی سوئیدیش بە باشی دەزانێ.**

**کاک خوسرەو ئێستاش ئەندامێکی وەفادار و دڵسۆزی حیزبە لە وڵاتی سوئید.**

**من ئارەزووی ساغی و سڵامەتی بۆ دەکەم.**



تاریخ ۶۲.۳.۲۵

بەرای بەریز ...........

پاش سلاوێکی شورشگێرانە !

لەبەر ئەوە کە بۆ پێش خستنی ئامانجەکانی حیزب، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران چالاکانەو دلسوزانە تێکوشاوی ، بەم بۆنەوە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە تەشویق دەکرێ .

هیوادارین کە لە داوروژیشدا هەروەك رابردو لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی حیزبی پێشقەدەم بی .

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

سکرێتری گشتی عبدالرحمن قاسملو



**لەگەڵ ڕێزمدا**

**کاووس عەزیزی**

**١٧ - ٦ - ٢٠١٥**



**kavosazizi@hotmail.com**

**www.peshmergekan.com**



**پووشپەڕی ٢٧٢٠ی کوردی - جوونی ٢٠٢٠ی زایینی**


# بەشێک لە ئالبۆمی وێنەکان


































"ئێره دەنگی کوردستانی ئێرانه"































**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی**

**جۆزەردانی ٢٧٢٢ی کوردی - جوونی ٢٠٢٢ی زایینی**